ژماره ٦ **هانا** مانگی ٦ی ١٩٩٧

## ناوه‌روک:


١ـ به بونه ی یه کی ئه یار \ ئاسو .......... ٢

٢ـ کومه لگای فره کولتوری و بی مافی ژنان \ له یلا قانعی .......... ٣

٣ـ کتیبیکی به خوین نووسراو \ حه مه سه عید حه سه ن .......... ٧

٤ـ داواکاری مافی کفر، هه نگاویکه به ره ودوا \ ئیبراهیم فه تاح .......... ١٨

٥ـ شیعر:

ریبوار، م. ز. که ریم، مه شخه ل، ئاسو، حه مه عه لی حه سه ن .......... ٢٢

٦ـ هه لپه رکی له روانگه یه کی تره وه \ د. کامه ران قه ره داخی .......... ٢٨

٧ـ چه ند وینه یه ک \ عادل که ریم .......... ٣٩

٨ـ هه نبانه بورینه و فه رهه نگی و دژ به ژن \ فایق عبداللهی .......... ٤٠

٩ـ هاوسه ری یه هوودی \ برتولت برشت \ ته ها قادری .......... ٤٤

١٠ـ کارگه \ جه مال کوشش .......... ٥٠

١١ـ بی ده نگی \ جه مال کوشش .......... ٥٠

١٢ـ خه زانی به هار \ کاروان عبداله .......... ٥٢

١٣ـ وه رگیران و ئه مانه تداری \ ئه سعه د .......... ٥٣

١٤ـ وه لامی ریبوار .......... ٥٦


***

هەواڵنامەی کێتر

# بە بونەی یەکی ئەیار

ئاسو

هەموو سالیک کە ئایار دیت، پاش ئەوەی لە شەقامی بە گولالەی دەنگی سوورگرتوودا دیتەوە، لە جیگایەک یەکتری دەبینین.

ئەم پیرەمیردەی شیکاگو؛ کە تەمەنی لە ١١١ سال زیاترە؛ لە هەموو هاتنەوەی سالیکی نوییدا، گەنجتر لە سالی رابردووی خوی دەنوینی.

دەزانم ئەمسالیش وەک سالەکانیتر؛ چیروکی پییە؛ شیعری نوی پییە. ئەو رومانانەی لە لایە، کە لە چاپخانەکانی ژیاندا چاپکراون و دیرەکانی بە فرمیسک و خەندە نووسراون.

تایبەتمەندی چیروک و شیعرەکانی ئایار بو من لەوە دایە کە پالەوانەکانی زور سادەن. وەکو ماسیگرەکانی ئەستەمبول سادەبەرگن؛ لیو بەخەندەن وەکو گورانییەکانی شوفیری لورییەکانی فەرەنسا؛ توورەن وەکو دەنگی لە یەک تیکئالاوی بەردەرگای کارخانەی رینو لە بەلجیکا.

هەموو جاریک کە لە جیژوانی ئایار دیمەوە، کورتەی باسەکان جا بە شیعر داریژرابی، یان بە پەخشان، لە دەفتەری روژانەمدا دووبارە دەنووسمەوە.

ئەمسال چیروک و سەرگوزشتەکانی ئایار زور بوون؛ بویە تەنها چەندین بروسکەی هەوالم نووسی کە لە کووچە و کولانی رووداو و شەقامەکانی دەنگ و باسدا هاتنە ریمان.

باس هاتە سەر:

چنگنانە چنگی چەند گەردیک لە ئوکسجینی ماندووبووی، سیپەلکەکانی مەعدەن لە گەل لەشکریک لە ژەهرا؛ زەماوەندی دوو ملیون گورانی رەشپیست لە سەر تەرمی رەنگی رەش و سپی و زەردا؛ پیکدادانی سەعاتی دەستی کارگەیەک لە گەل قورمیشی خاوەن روژ، خاوەن چرکەی کاتی کاردا.

باس هاتە سەر:

خیراترین راکیشانی میلی تفەنگ لە ساواترین شورایەک، کە نان و کار و ئازادی بەستە و قسەی سەر زاری بوو.

باس هاتە سەر

............

............

ئەم پیرەگەنجەی شیکاگو؛ لە خیراترین داهینانەکانی هات و چو خیراترە.

لە یەک کاتدا دەگاتە شەقامی بیکاری لەندەن؛ کولانی بونی نەوتگرتووی بە سورەی (انوار) سوتینراو؛

لە هەمان کاتدا لە سلیمانی دەبینری و لە شەرە بەردی سەر شەقامەکانی سیولدا، لە بەشی پیشەوە راوەستاوە.

ئەم پیرەگەنجە، بە هەر شوینیکدا تیپەری، هەر هیندەی دەنگی (نەء)ی لە سینەدا پەنگخواردوو ویستبیتی، سوپایەک بە دوای خویدا رادەکیشی:

_ بژی یەکسانی، بروخی بنەماکانی لە دایکبوونەوەی نایەکسانی.

_ نابی نرخەکان سوارە بن و کریکانی ئیمەش پیادە.

_ خوشەویستی ئازاد بکەن! بازرگانی بە عیشقەوە دەستکوتاکەن.

_ گەر ماسیەکان بیانتوانیا بروشتنایە؛ دەمیک بوو دەریاکان بووبوونە بیابانیکی تەر.

ئەم پیرەمیردە وزەیەک بە شەقام دەدات. ورتەورت و بولەبولی ئینسانەکان کودەکاتەوە و بلندگویان دەداتە دەست و پییان دەلی:

_ بو روژیک دەنگتان هەلبرن!

کار لە سەعاتەکانی دەستی کارخانە رزگار دەکا و بو روژیک دەتوانری دەست لە لیوی وشکهەلاتووی بیدەنگی بدری.

هەر بویەش لە گەل هەموو هاتنەوەیەکیدا، چەندین ریگری لە بەر دەمدا قوتدەکەنەوە. یان لە هەولی سرینەوەی روخساریدان و خوازیارن لە روژمیری سالدا ئاسەواری کویر کەنەوە.

_ لەم روژەدا داوا لە خەلکی روسیا دەکەم: کە بە باخچەکانیانەوە خەریک بن! یەلتسین دەلی.

_یەکی ئایار کونبووە و ئیمە پیمان باشە ٩ی ئایار، روژی ئەوروپای یەکگرتوو جیی بگریتەوە. سەروکی پارتی پاریزگارانی سوید وا دەلی.

_ با وەک روژی بەهار و کەرنەفال چاوی لیبکری! فلانە فیسار وا دەلی.

ئەمانە بەشیکی زور کورتن لەو هەولانەی کە لە بەردەم هاتنەوەی ئایاردا لە کەمیندان.

بەلام ئەمە یەکەم جار نیە کە ئایار بوسەی بو دادەنری.

تەنانەت لەو جیگایانەی کە تفەنگ لە بەرانبەر دەنگی (نەء) رادەکیشری؛ و سەگ و پولیس و هەموو دەستگاکانی سەرکوت لە ئامادەباشدان، ئەو هەر دی.

روژی یەکی ئایار؛ روژی نەء وتنی کریکار لە بەرانبەر داگیرکەرانی خیر و خوشی ئینساندا، پیروز بیت.

# كومەلگای فرە كولتوری و بی مافی ژنان

لە یلا قانعی

ئە م نووسراوە سە رجە می ووتاریكە كە لە لایە ن لە یلا قانعی یە وە لە خوپیشاندانی ژنان، ئە مسال لە شاری «یوتبوری ـ سوید» لە روژی جیهانی ژنان دا پیشكە ش كرا.

ئە مرو لیرە كوبووینە وە كە روژی جیهانی ژن جە ژن بگرین و هە روە ها رق و توورە یی خومان بە رانبە ر بە سیستمی سە رمایە داری و تە واوی بی عە دالە تیە كانی بە رانبە ر بە بە شە رییە ت بە گشتی و ژنان بە تایبە تی دە ربرین.

ژنان لە ئیران و زوربە ی وولاتە كانی تر كە رژیمی دیكتاتوری مە زهە بی بە سە ریان دا زالە، بویان نیە ئە م روژە جە ژن بگرن، یان بە خوپیشاندان نارە زایە تی خویان دە ربرن بە رانبە ر بە و فشار و زە خت و زو رە كە بە سە ریان دا داسە پاوە. ئە گە ر بمانە وی شە رایە تی ژیانی ژنان لە سوئید لە گە ل شە رایە تی ژیانی ژنان لە و وولاتە ی من لیی لە دایك بووم، بە یە كە وە هە لسە نگینین؛ ژنان زور دە سكە وتی بە نرخیان لە مە یدانی ئازادی یە كانی تاكە كە سی و مافە بنە رە تی یە ئینسانی یە كان وە دە ست هیناوە.

بە لام تە نانە ت ئە م كومە لگایە ش لە و دنیا یە كسان و بە رابە رە كە شایانی بە شە رییە ت بە گشتی و ژنانی ژیردە ست و زولم لیكراو بە تایبە تی بی، هیشتا زور دوورە. ئە م كومە لگایە سە رە رای دە سكە وتە كانی، هە ر سە رمایە داری یە بە چینە كانیە وە، بە دابە ش كردنی ئینسانە كان لە رووی جنسیت و بە داسە پاندنی رولی جنسی بە سە ریان دا، بە دابە ش كردنی ناعادلانە ی كار، حە قدە ستی كە م بو كاری ژنان، كاری «دوبل»، كاری سە خت و توانابر و بی كریی مال، كە هیشتاش هە ر لە سە ر شانی ژنە.

مە سە لە یە كی زور گرینگی تر تیروانینە لە ژن وە كوو وە سیلە یە كی سیكس، وە كو كالایە ك كە دە توانی بیكری و بیفروشی وە كو هە ر كالایە كی تر. سە نعە تی پورنو (وە كوو دە رهینانی فیلمی سیكسی لە ژنان) لە سال دا بە میلیاردها دولار دە خاتە گیرفانی سە رمایە دارە كانی ئە م بە شە. بە شی «ریكلام» و تە بلیغاتیش كە ژنان سە رە كی ترین كە رە سە ی ئە ون ئە گە ر نە زیاتر، كە متر سوود نابە خشی بە خاوە نە كانی ئە م شە ریكە جوراوجورانە.

بە لام سە رە رای ویست و خواستی سە رمایە داری بو بە ردە وام هیشتنە وە ی ئە و ستە مە جنسی یانە، ژنان لە زوریك لە وولاتانی دنیا دا توانیویانە مافە سە رە تایی یە ئینسانیە كانی خویان بە دە ست بینن.

ئە مرو لە نزیكە ی گە یشتن بە سالی دوو هە زار دا دە بینین كە جیاوازی لە چونیە تی ژیانی ژنان لە

به شه کانی جوراجوری دنیادا ئه وه نده زوره که ئینسان سه ری سور ده مینی. ئه وه ی که من ئه مرو ده مه وی باسی بکه م چونیه تی ژیانی ژنانی خارجی له سوئید و سیاسه تی وولاتانی غه ربه به ناوی «کومه لگای فره کولتوری» و «نسبی بوونی کولتور و مافه کانی ئیسنانی».

به شیکی زور له ژنانی خارجی له ده ره وه ی وولات، هیشتاش هه ر گیروده ی کولتوری کون و دواکه وتووی خزم و قه ومه که یانن و بویان نیه وه کو ئینسانیکی مودیرن به پیی بایه خه ئینسانی یه کانی ئه مرو بژین.

ده سه لاتداران و رژیمه کانی غه رب به ته واوی به رپرسیارن له به رانبه ر ئه و کاره ساته ی که له غه رب به سه ر ژنانی خارجی دا دی و له پراکتیکی روژانه دا به نیوی «سیاسه تی تایبه ت به خارجی یه کان» که له بوچوونی نسبی بوونی کولتوره وه سه ره چاوه ده گری، به کار ده بری.

**Cultur relativism**، «کالچر ریلاتیویزم» واته بوچوونی «نسبی بوونی کولتور» ئینسانه کان دابه ش ده کا به کولتوری داتاشراوی هه مه جور و هه ر کولتوریک داده بری به بالای هه موو ئه و ئینسانانه ی که له چوارچیوه ی جوغرافیایی تایبه ت به و کولتوره ده ژین یان له وه پیش ژیاون و به م پی یه هه لیان ده سه نگینیت و ئه گه ر بیی ره خنه یه کیان لی ده گریت. به م جوره له ناکاو سه ره کی ترین بایه خی ئینسانی واته بایه خی یه کسان و به رابه ری هه موو ئینسانه کان ده خریته ژیر و پی وردو هار ده کریت.

لیره دا ده مه وی تاکید بکه م که هوی سه ره کی جیایی و ئیزوله بوونی خارجی یان له کومه لگای سوئید دا ده گه ریته وه سه ر ئه م بوچوون و سیاسه ته کومه لایه تیه. سیاسه تی «کومه لگا ی فره کولتوری» ریگه ده دات که له گه ل خه لک ره فتاری جوراجور بکریت. ئه م بوچوونه خه لک هان ده دات که نرخه کونه کان و کولتور و داب و نه ریت و ئاییینی کونی خویان بهیلنه وه؛ و له راستی دا له به رانبه ر ئه و ده سکه وتانه راده وه ستی که ئینسانی پیشره وی ئه مرو پیی گه یشتووه.

ئه م سیاسه ته ریگه خوش که ری داب و نه ریته دواکه تووه کانه و نرخه و کونه په ره ستانه کان ده بوژینیته وه. ده بیته هوی ئه وه ی که ئینسانی موهاجیر، له گه ماروی کولتور و داب و نه ریتی حاکم دا بمینیته وه؛ ده یخاته وه باوه شی نورم و ری و ره سم و فه رهه نگی خیزان و قه وم و وولاته که ی پیشووی. به م جوره به رگری ده کری له وه ی که موهاجیر ببیته به شیکی جیانه بووه وه له کومه لگای تازه دا و بتوانی له ئیمکاناتی کومه لایه تی، کولتوری، سیاسی و ئابووری کومه لگاکه به هره مه ند بیت.

«کولتور ریلاتیویسته کان» بو دیفاع له م دابه ش کردنه ده سته وداوینی دیموکراسی و ئازادی یه دیموکراتیکه کان ده بن. ئه وان به نیوی ئا زادی مه زهه ب و ئا زادی ده ربرینی بیر و را ، ریگه به دایک و باوکانی مه زهه بی و موسولمان ده ده ن که دیاری بکه ن منداله کانیان له مه دره سه چ بخوینین و چ بکه ن. ئه و کچه بچکولانه بیچاره ی که له دایک و باوکی موسولمان بووه، بوی نیه به شداری ئه و ده رسانه بکات که سه باره ت به له شی ئینسان به گشتی و سیکس و چونیه تی به یه که وه بوونی ژن و

هەواڵنامەی کتێب

پیاوە بە تایبەتی. بوی نیە بەشداری بکات لە وەرزش یان مەلە کردنی هاوبەش لە گەل کورانی هاوتەمەنی. ئەو بوی نیە بچیتە کلاسی موسیقا و نابی گوشتی بە راز بخوات. ئەو دەبی لیچکە لە سەر بکات، بوی نیە دوستی کوری هەبی و بە شداری جە ژنی تیکە لاوی کور و کچ بکا. تەواوی ئەمانە بە پیی دیموکراسی دە کری و بە ناوی ریزگرتن لە کولتور و ئازادی مەزهەب بە ریوە دە بریت.

جیگەی خویەتی بپرسین ئاخو ریگە دان بە مەزهەب و ئەم جورە بیر و باوەرە کونەپەرەستانە کە بە دەستی ئاوالەوە بە سەر خەلک دا زال بن، شتیکی ئازادیخوازانە و ئینسانی یە؟! هیچ مەزهەبیک لە دنیا دا نیە کە دان دابنی بە بەرابەری ژن و پیاو، یان ئازادی یە سەرەتایی یە دیموکراتیکەکان بە گشتی. تەواوی میژویی بەشەریەت نیشان دەدات کە چون مەزهەب بناغەی سەرەکی حاکمیەت و هیزی گروپە کونەپەرستەکان لە کومەلگادا بووە. دیموکراسی و ئازادی و مافە سەرەتایەکانی ئینسانی مە جبوور بوون بو سە قامگیربوونیان لە گە ل مەزهەب بەرەنگار بن و مەزهەب بە هەموو هیزی یەوە لە بەرانبەریان دا راوەستاوە و رادەوەستیت. هیچ مافیکی سەرەتایی ئینسانی وجوودی نیە کە بی شەر و کیشە لە گەل مەزهەب و مەزهەبیەکان و تەواوی هیزە کونسرواتیوەکانەوە بە ئەنجام گەیشت بی.

راگرتنی حورمەتی کەسیک کە مەزهەبی یە، شتیکە و ریزدانان بو مەزهەب شتیکی تر. کەسیک کە داواکاری بە رابەری ژن و پیاو بیت، ناتوانی ریز بو مەزهەب دابنی کە نەتەنیا ئەو مافانە دەخاتە ژیر پی بەلکو ژن وەکو ئینسانیکی زەعیفە و کەمتر لە پیاو دادە نیت. ناکری نفرەتت لە خەتەنەکردنی کچان بیت و لە هەمان کات دا ئیحترامت هەبی بو ئەو کولتور و ئایینە کە ناقس کردنی ژن تەبلیغ دەکات.

مەزهەب، کولتور و داب و نەریتک کە دژی بە ئینسان و بە مافە سەرەتایی یەکانی ئینسانن، ئەبی خەباتیان لە گەل بکریت. نابی ریگە بدەین کە مەزهەب و رەسم و رسومی کونەپەرەستانە بە ژیانی ئینساندا زال بکرین. هەر یەک لە ئیمە دەبی روونی بکاتەوە کە لە کوی راوەستاوە و کام لایەنە دە گری؟ لایەنی دەسەلاتدار یان ژیردەست؟ سەرکوتگەر یان سەرکوتکراو؟ لایەنی کچی بی دیفاع و منال کە بە خەتەنەکردن ناقسی دەکەن؛ ئەو کچەی کە ناتوانیت راحەت و ئاسودە بیت و دەبی تەنانەت لە مەدرەسەش لیچکە لە سەر بکات، لە لەشی خوی شەرم بکات و عەزاب بکیشی لەوەی کە ناتوانیت وەکو باقی هاوریکانی لە هەموو بەرنامەکانی مەدرەسەدا بەشدار بیت؛ یان لایەنی مەزهەب و ئەو داب و نەریتە دوواکەوتوانە کە ژیان لە ئینسان تال دەکەن؟

من لایەنی سەرکوتکراو دەگرم و خەبات دەکەم بو مافی یەکسانی ئینسانەکان بی لە بەر چاوگرتنی شوینی لە دایک بوونیان. ئەو منالە کچانە کە من باسم کردن، خویان نە ماف و نە ئیمکانی هەلبژاردنیان هەیە. ئەوان خویان بویان نیە کە لە بەینی چارشیو و جل و بەرگی ئیسلامی و لیباسی مودیرن و ئەمرویی، لایەکیان هەلبژیرن. من لایەنی سارا، کەنیشکە کوردە کوژراوەکە، لایەنی ژنە لوبنانیە

هەواڵنامەی کتێب

کوژراوه که و ئه و کچه تورکه ده گرم که که وته به ر په لاماری بی ره حمانه ی براکه ی. من لایه نگری له فه رهه نگی سارا که دژ به فه رهه نگی دایک و باوکی بوو ده که م. به داخه وه ده بینین که راستیه کان روژی هه زار جار له لایه ن ده سه لاتدارانه وه له سوید دا به راوه ژوو ده کرین. قسه که رانی فه رهه نگی ده سه لاتدار له سوید نایانه وی ببینن که له نیو موهاجرینیش دا چه نده ها فه رهه نگی جوارو جور هه یه. ئه وان ئینکاری ئه وه ده که ن که کچانیک وه کوو سارا مافی خویانه که فه رهه نگیکی جیاواز له فه رهه نگی دایک و باوکیان هه بی. ئه وان له زور لایه نی کونه په رستانه ی فه رهه نگی، چ له سوید و چ له ده ره وه ی سوید چاوده پوشن. ئه وان له پیشه وه بریاران داوه که ئینسانه کان ده بی هه ر کام سه ر به گروپیکی نه ته وایه تیه وه بن که هه ر کامیکیشیان گوایه کولتور و داب و نه ریتی تایبه ت به خویان هه یه و که س مافی ده خاله ت له کاری گروپه که ی تری دا نیه.

ئه وه ئه م بوچوونه یه که ریگه ده دا به ده سه لاتدارانی روژئاوا که به رانبه ر به سه ربرینی خه لک له عه ربستانی سعودی، سه نگه سار کردنی ژنان و ئاپارتایدی جنسی له زوریک له ولاتانی ئیسلامی دا، ... جوزه یان لی نه یه. به هانه که ش ئه مه یه که هیچ ولاتیک بوی نیه له کار و باری ناوخویی ولاتیکی تردا ده خاله ت بکا. کاتیک که باس له سه ر مافه سه رتایی یه کانی ئینسانه، ئه م ولاتانه نایانه وی ده خاله ت له کاری ولاتانی تردا بکه ن، به لام به ته واوی هیز و توانایانه وه بو وه ده ست هینانی بازار و منافعی ئابوری یان له کاری هه ر گوشه یه کی ئه م دنیایه دا ده خاله ت ده که ن.

مه رگی سارا هه م پیوه ندی به کولتوره وه بوو و هه م به مه زهه ب. «فه رهه نگ» و مه زهه ب، چ مه سیحیه ت، یه هوودیه ت یان ئیسلام، شایانی رازاندنه وه نین. بنه ماله ی سارا موسلمان بوون و ئه و بویه کوژرا، چون نه ی ده ویست به پیی یاساکانی ئیسلامی بژیت. سارا و به ملیونان ژن و پیاوی تر چ لیره و چ ولاته کانی تردا، سه ر به کولتوریکی ترن و گیان له سه ر ده ست دژ به فه رهه نگی کونه په رستانه و کونسرواتیودا راوه ستاون. له م خه باته له بن نه هاتووه دا ئیمه ده بی لایه نگری «سارا» کان بین، جا له هه ر شوینیکی دنیا بن! بژی هه شتی مارس روژی جیهانی ژنان!

***

# کتێبێکی بە خوێن نووسراو:

حەمە سەعید حەسەن

«کوشت و بر: رووخساری ئه م شاره ی گوریوه
ئه و به رده: ئیسقانه،
ئه و چره دووکه له: هه ناسه ی ئینسانه»

## جەللاد و قوربانی:

وه ک چون ناتوانین هیچ مادده یه ک له ناو ببه ین، هه روایش ناتوانین ئه گه ر هیچمان له به ر ده ستدا نه بی مادده یه ک دروست بکەین. له روانگەی ئەوانەوه که بروایان به غەیب هەیه، ئەوه تەنیا خوایه توانیویه تی بی ئه وه ی هیچ که ره سه یه کی له به ر ده ستدا بووبی، گه ردوون بخولقینی، هه روه ها ده شتوانی ئیسک و پرووسکی رزیوی مردوو هه زاران ساله زرپو زیندوو بکاته وه.

له سه ره تای سالانی بیستی ئه م سه ده یه دا، له باشووری کوردستان، له شاری سلیمانی جه مال عیرفان ده یگووت: «وه ک چون سووتوه جگه ره نابیته وه به تووتن، مردوویش زیندوو نابیته وه.»

له سه ر ئه م قسانه له (۲۳ی۱۲ی۱۹۲۳) دا «۱»، له ژیر چه تری ده سه لاتی شیخ محمود دا تیرور کرا. شه ست و دوو سال دوای ئەم رووداوه، عەبدول خالیق مەعرووف له سەر کتیبی (ئادەمزاد له کومه لی کورده واری دا) به هه مان چاره نووس گه یشت.

وه ک چون له سه رده می ده سه لاتی شیخ محمود دا زانا ئاییینی یه کان خوینی( جه مال عیرفان)یان حه لال کرد،سالی ۱۹۸۵یش کوششی بی وچانی زانایانی ئاییینی کورد ریگەی بو تیرورکردنی عەبدول خالیق مەعرووف تەخت و خوشکرد.

هه ر له نیوه ی دووه می سالانی هه شتادا و هه ر به هاوکاری نیوان به عس و ئیسلام، له سلیمانی ره وف زوهدی و عومه ر توفیقیش تیرور کران، ئه میان له سه ر کتیبی (بو له هه قه که وتنه ته قه؟) و ئه ویان له به ر نامیلکه ی (مندال نه بوون به بی حه ب).

تەنانەت نووسینی کوردی به حەرفی لاتینی لای ئیسلامی بەعس به دژایەتی کردنی پیتی قورئانی عەرەبی دەکەویتەوه و (دلشاد مەریوانی) له سەر تیرور دەکری. (کەریم زەند)یش «۲» چونکه ئینجیلی کردبووه کوردی هه ولی کوشتنی دراو به سه ختی بریندارکرا.

سالانی شه ست سه رده می ناسر( محه مه د شه لتوت) ئیمامی هه ره گه وره ی مزگه ونی ئه زهه ر فه تواي دا:(ریکه وتی دا:(ریکه وتن له گه ل ئیسرائیلدا حه رامه). سالانی حه فتا سه رده می سادات، (مته وه لی شه عراوی) وه زیری ئه وقافی میسرفه تواي دا:(ریکه وتن له گه ل ئیسرائیلدا حه لاله.) «۳»

زانایانی ئاییینی کوردیش به هەمانشیوه ئایین وەک یەکیک لەدەزگا سەرکوتگەرەکانی دەسەلاتی سیاسی ده خه نه گه ر، به چاوپوشین له شیوازی فه رمان ره وایی و ناسنامه ی ده سه لاتداران.

هەواڵنامەی کتێب

جاران له سايه ی ده سه لاتی ئيسلامدا زانايانی ئايينی وه ک: حه للاج و قورتووبی و سه هره وه ردی تيرور ده كران. له م سه رده مه يشدا، حسين مروه، مه هدی عاميل و فه ره ج فوده ده كوژرين. نه جيب مه حفوز، عه زيز نه سين، سه لمان روشدی و ته سليمه نه سرين فه تواو هه ولی كوشتنيان ده دری. عه لی عه بدولره زاق و دكتور جه لال سادق ئه لعه زم ده درين به دادگا. عه لا حاميد زيندانی ده كری، دكتور نه سر ئه بوزه يد و ريبوار ئه حمه د ناچاری هه لاتن و خوشاردنه وه ده بن.

# په ياميكی خويناوی:

له سه ره تای سالانی ١٩٨٥دا عه بدولخاليق مه عروف (ئاده مزاد له كومه لی كورده واری ) «۴» دای بلاو كرده وه. پيشتر سانسور بواری بلاو بوونه وه ی هه مان كتيبی به ناو نيشانی( ژن له سايه ی ئيسلام دا ) نه دابوو. له گه ل بلاوبوونه وه ی كتيبه كه دا مزگه وت و به دناوترين ده زگای سه ركوتگه ری رژيمی به عس: ئاسايش، ده ستيان تيكه ل كردو هه رچی يان بو ناو زراندنی نووسه ره كه ی له ده ست هات، دريغيان نه كردو سه ره تا فه رمانی له ناو بردنی كتيبه كه يان ده ركرد، دواتر له سه ره تای ئه پريلی هه مان سالدا خاوه نی كتيبه كه شيان كوشت. «ئه وی كتيب بسوتينی، ئينسانيش ده سووتينی.» مه لا و به عسی راستيی ئه م گوته يه ی هاينريش هاينه ی شاعيری ئه لمانی يان سه لماند.

هيچ ئايديولوژی يه ک ( به هه موو ئاينه كانيشه وه) هينده پيروز نی يه، كه س بوی نه لوی به چاوی گومان و ره خنه وه سه رنجی بدات. به وه دا هه رچی ره خنه ی له ئيسلام گرتبی، له بری ململانيی فكری، دووچاری كوشتن، توقاندن و راونان بووه، به هيزيی لوگيكی ئه م ئايينه ده بيته جيی گومانيكی راسته قينه. ئه گه ر زانايانی ئيسلام بروايان به ئايينه كه يان پته و و پشت ئه ستوور بوونايه ليی، له بری حه لالكردنی خوينی روشنبيران، دايه لوگيان په سه ند ده كرد و زه نده قيان له ره خنه نه ده چوو.

په نابردنه به ر تيرور ره نگدانه وه ی لاوازی و ترسنوكی يه. هه رگيز هيچ ده سه لاتيک ناتوانی نووسه ريكی راسته قينه بسريته وه. بلند حه يده ری گوته نی: ( گوولله يه ک چون ده توانی كوتايی به ژيانی نووسه ريک بينی، كه داهينانی بووبيته به شيک له ژيانی كه سانی دی؟) عه بدولخاليق چاوه ری ئه وه ی ده كرد پيستی بكه نه پوستال و ( كاسه ی سه ری بكه نه ته پله كی جگه ره.) «۵» به لام وه ک نووسه ريک ئه وه ی به سه رشوری ده زانی ليگه ری به عسی ومه لا وينه ی ئيستا و داهاتووی وولاته كه ی بكيشن. ئه و وه ک روشنبيريكی هاوچه رخ دژی ئايدولوژيه له ئاسمانه وه باريوه كان و بيرورا زه مينييه به سه رچووه كان بوو.

ره خنه وه ک بنه ماخوازه كان بانگه شه ی بو ده كه ن، به رهه ميكی ته جريدی نی يه، كاريكی شورشگيرانه يه و ئه وی ره خنه ی له ئايين نه بی، ره خنه ی له هيچ شتيكی ديكه نی يه. عه بدولخاليق وه ک باكونين ده لی، ده يزانی: ( هه تا سه ردار و سه روه رمان له ئاسمان هه بی، له سه ر زه مين كويله ده بين.) بويه وه ک چون ( مه له ک تاوس بيجگه له خوا كرنووشی بو كه سی ديكه نه برد،) ئه ميش بيجگه له راستی سه ری بو هيچ ده سه لاتيكی ديكه شور نه كرد.

عه بدولخاليق ده يزانی گه لانی ئه وروپا له ئه نجامی خه باتيكی دريژخا يه ن و دژواره وه له ده سه لاتی ئايين رزگاريان بووه، ئه ويش چرای هه مان خه باتی له كوردستان هه لكرد. ئه و روشنبيريكی مه زن و شورشگير بوو، بويه تيرور كرا، ئه گه ر مولحيديكی ساكار و نووسه ريكی رووكه ش بووايه ليی نه ده توقين و نه يان ده كوشت.

ئه و پيی وابوو: ئه وانه ی ده ستيان له پله و پايه ی بلندی كومه لايه تی گير ده بی، له رووی ئاكار و ره وشته وه له نشيودان.

ئه وانه ی به سامان شاد ده بن، ويژدانيان له كيس ده چی. ئه وانه ی يه خه ی كراسيان هه ميشه خاوينه، داوينيان پوخله.

عه بدولخاليق شاره زای لاپه ره ی خويناويه كانی ميژووی ئيسلام بوو، ده يزانی دهشی وه ک به شاری كوری به رد به تاوانی

زه ندیقی له ژێر قامچیدا په پووله ی گیانی بو به هه شتی نه مری هه لفری، یان وەک که عبی کوری شه ره ف به تاوانی لاقرتی به محه مه د کردن، سه ری له له شی جوی بکریته وه. ده یزانی ئیسلام هه رگیز له ده ره وه ی خوی بواری ووتوویژی نه داوه. ئه گه ر تاک و ته را له ناو خودی ئیسلامیشدا که سی وا هه لکه وتبی به چاوی ره خنه وه سه رنجی که له پووری فیکری ئیسلامی دابی، هه رگیز نه یتوانیوه وه لامی داخوازیه کانی سه رده م بداته ده. محه مه د عه بده چونکه وه لامی قایلکه ری پی نی یه، بو ده مکوتکردنی نه یارانی ئیسلام په نای ده برده وه به ر گوته ی محه مه د: (بیر له خودی خوا مه که نه وه، بیر له و شتانه بکه نه وه خوا خولقاندوونی.)

عه بدولخالیق له«کتیبه خویناوی یه که ی نیسانیدا» «٦» به پشت به ستن به ده قی قورئان، گووته و هه لس و که وتی محه مه د و بوچوونه کانی شافیعی، تیروانین و مامه له ی ئیسلام سه باره ت به ژن روون ده کاته وه. نووسه ر نه سووکایه تی به ئیسلام کردووه، نه بەو مەبەستەیش هەڵویستی ئیسلامی دەربارە ی ژن، شی‌کردوتەوە، بەڵکو ئامانجی لیکولینه وه که ی په رده لادانه له سه ر رووخساری دزیوی کیوی ئه و سووکایه تییه ی ئیسلام بەژنی کردووه و ده کا ده شی له نیو کورده واریدا زور که سی واهه لکه وتبی هینده ی عه بدولخالیق و زیاتریش شاره زایی له ئیسلامدا هه بووبی، به لام هیشتا که سی وای تیا هه لنه که وتووه هینده ی وی بویر و هینده ی وی به راشکاوی و قوولی هه لویستی ئیسلامی له مه ر ژن لیکدابیته وه.

زوربه ی خه لکی کوردوستان به نووسه رانیشه وه، که ده بینن روژانه به ئاشکرا سووکایه تی به ژن ده کری، ئوبالی به که م سەرنجدانی ژن دەخەنە ئەستوی هەڵویستی ئەم مەلا و ئەو زانای ئایینی. عەبدولخالیق هه ولیداوه ئه م هه له باوه راستبکاته وه و سه رنجی خه لکی بوئه وه رابکیشی که ئه وه ئیسلامه سووک ده روانیته ژن، نه ک ئه م یان ئه و ئاخوند، ئه وی ره خنه یشی هه یه با ئاراسته ی ده قی قورئان، گوته و کرده وه ی موحه مه د بکا.

پەیامی سەرەکی کتیبەکەی لەوەدا چڕ دەبیتەوە کە: ئەوی هەڵویستی زانایانی ئایینی کومەڵگای هاوچەرخ بە چه وت، ناره وا و نائینسانی ده زانی،با هه لویست به رامبه ر ئیسلام بنوینی، نه ک به رامبه ر ئه و مه لایانه ی به موو له و رییه لایان نه داوه، که ئیسلام به هوی ده قی قورئان و گفتاری محه مه ده وه نه خشه ی کیشاوه.

ئه وی دژی ماره برینی مندالی سه ربیشکه و فره ژنی و ژنی سه فه ری یه، با ئیسلام تاوانبار بکات نه ک مه لاو ئاخوند.

سەرچاوەی بە سووکی سەرنجدانی ژن دەقی قورئان و گوتەی محەمەدە نەک لیکدانەوەو هەڵس‌وکەوتی زانایانی ئیسلام. ئەوانەی لە ئیران و ئەفغانستان سووکایەتی بە ئینسان بە گشتی وبە ژن بە تایبە تی دە کە ن، موسولمانی راسته قینه ن و به و په ری هوشیاری، وریایی و ده ست پاکی یه وه ناوه روکی ده قه پیروزه کان، فه رمانی خوداو پیغه مبه ر جی به جی ده که ن. ئه وی هه لس و که وتی ده سه لاتدارانی هاوچه رخی ئیسلام په سه ند ناکات، ئه وه دانی پیادا بنی یان نه ، پی بزانی یان نه ، ئیسلام ره تده کاته وه. ئه مه کروکی نامه به خوین نووسراوه که ی عه بدولخالیق مه عرووف بوو.

## جیاوازی چینایه تی:

ئایین لی ناگه ری چه وساوه کان له پیناوی ژیانیکدا شیاوی ئینسان بی، راپه رن، چونکه بەلینی به هه شتی ئه و دنیای پی داون. ئایین زورلیکراوانی سرکردووه و ریگره له به رده م لافاوی په لاماریان دا و یاخیبوون له ده سه لاتداران به یاخی بون له خوا ده زانی.

محه مه د به هه ژاران ده لی: (ئه گه ر ده تانزانی خوا چی بو پاشه که وت کردوون، خه متان بو ئه و شتانه نه ده خوارد که نیتانن.) یان: ( ئارامگرتن چاکه، بو هه ژاران چاکتریکه.) هه ر به پی ی گوته ی محه مه د: ( ئه و کویله یه ی هه لاتبی، تا نه گه ریته وه لای خاوه نه که ی نویژی لی قبول ناکری.)

محه مه د به گویره ی قورئان خه لکی ده هینایه سه ر ئه و باوه ره ی که جیاوازی چینایه تی و ده سه لاتی ده وله مه ندان،

ویستی خوان، چونکە قورئان پیمان دەلی: ( خوا فەزلی بریکی بە سەر بریکی دیکەدا داوە، ئایە تی ٢١ سورە تی ئیسرا _تا خەلکانیک _ بەهوی سامانیانەوە _ خەلکانی دیکە لە راژەی خویاندا بخەنەگەر. ئایەتی ٣٢ سورەتی زەخرەف.) «٧ »کەواتە دەقی قورئان لایەنگری جیاوازی و چەوساندنەوەی چینایەتیە و، دە ولە مە ندیی و هە ژاریی بە شتیکی هە میشە یی و ئاسایی دە زانی.

( تەنانەت محەمەد بە نیازی وەدەستهینانی پشتگیریيان و دابین کردنی قازانجی بازرگانانی مەککە، رووگەی موسولمانانی لە مزگە وتی ئە قساوە گوری بە مزگە وتی حە ررام و حە جیشی فە رز کرد.)«٨»

دە زگای ئایین هە میشە بو کوتانە وە ی سە ری چە وساوە کان کوتە کی بە زە بری دە ستی دە سە لاتداران بووە.

( سالی ١٩٩٧کە هە ژارانی قاهیرە دژی بلندبوونە وە ی نرخی شتومە ک رژانە سە رشە قام، ئە زهە ر ئە و بە رە نگاربوونە وە ی بە کاری شە یتان ناوبرد.) «٩»

لە روانگەی ئیسلامەوە: «قنیاتکردن گەنجینەیەکە لەناوچوونی بو نییە.» و ئەوانەی لەم دنیا بەهەموو جورە چە وساندنە وە یە ک قایلن، خوا لە و دنیای دی لە بە هە شتدا پاداشتیان دە داتە وە، کە چی ئە وانە ی یاخی دە بن، لە م دنیا دەسەلاتداران و لەو دنیا خوا سزایان دەدات، ئەگەرچی لەبەر روشنایی بەلینی قورئاندا دەبوو وەک چون ملکە چان لە و دنیا پاداشت وە ردە گرن، یاخیبووانیش هە ر لە و دنیا سزا بدرین.

ئایین ئە گە ر رولی سروشتی خوی رولی ئە سپە کە ی تە روادە ی لە ناو چە وساوە کاندا وازی نە دە کرد، دە سە لاتی سیاسی لەشکری ئیسلام بەگژ نەیارانی دەولەتدا دەکات. بەپیی ئایدولوژیای ئیسلام خوا بەمەبەستی تاقیکردنەوە دە ولە مە ندیی و هە ژاریی هیناوە تە گوری.( دە یە وی بزانی دە ولە مە ند خیر دە کات یان نە ؛؟ هە ژار ئارام دە گری یان نە ؛؟) «١٠» کە چی دە ولە مە ندی خیر نە کە ر تە نیا لە و دنیا، بە لام هە ژاری ئارامنە گر لە هە ردوو دنیا سزا دە دری.

# ئازادی و دیموکراتی:

ئە گە ر چی قە دە غە یە ئایدولوژیای ئیسلام هاوچە رخانە لە لایە ن روشنبیرانە وە بخوینریتە وە، کە چی ئیسلامیە کان هە ول دەدەن لەگەل سەردەمدا بیگونجینن. لەوە دەچی محەمەد بروای بەم گونجاندنە هەبوو بی، ئەگەر نا شیوازی فە رمان رە وایی دە ستنیشان دە کرد و لە سە ر وە ختی ژیانیدا ریی دە دا گووتە کانی بنووسرینەوە، یان نە ی دە گووت: (ئیوە خوتان کاروو باری ژیانی خوتان باشتر دە زانن.)

ئایین بە شیکی گرنگی ئایدولوژیاو رە گە زیکی سە رە کی هوشیاری کومە لایە تی چینە دە سە لاتدارە کانە ، لە کومە لگای پیش سەرمایەداریدا. پیشەسازی بە رهەمی زانستەو زانستیش بەرهەم دینی، شوانکارەیی و کشتوکالیش ئایین دیننە بەرهەم. لە کومەلگا ئیسلامیەکانی ئیستایشدا ئایین ئایدولوژیای چین و تویژە کونە پاریزەکانە. ئەگەر دە سە لات کە وتە دە ست ئیسلامیە کان، ئایین لە ئایدولوژیاوە دە بیتە یاسا، ئە مە یش کوشندە ترین زە بر لە دیموکراتی دەدات. چونکە ئەوکاتە ووتویژکردن لەسەر یاسایش دەکەویتە خانەی کوفر و ئیلحادەوە، سزای کافرو مولحیدیش مەرگە.

( سە لە فیە کان هە موو رابردوو بە پیروز دە زانن، عە دە میە کان هە موو رابردوو رە تدە کە نە وە.)«١١» چ ملکە چنە کردن بو یاسای گوران، چ سرینە وە ی کە لە پوور بە هە موو لایە نە کانیە وە، ئاوکردنن بە ئاشی ژیانی نادیموکراتیدا. با ئیسلام لە سە ر وە ختی ژیانی محە مە د دا هە ندی بوچوونی لە بابە تی: قە دە غە کردنی زیندە بە چال کردنی کچ و حە رامکردنی (سوود)یشی لە گە ل خویدا هینابی، بە لام نە خوشیە کانی سە ردە م بە و دە رمانە دیرینە چارە سە ر ناکرین و هە لگرانی ئە و ئایدولوژیایە دە سە لاتیان بە دە ستە وە بی، یان نە ؛، هە ر لە بە ردە م رە وتی کومە لگا و گوران و دیموکراتیدا بەربەستن، چونکە بروا بەوە ناهینن کە ئاینیش وەک دیاردە کومەلایەتیە روشنبیرییەکانی دیکە رەنگدانەوەی

قوناغیکی ژیانی کومه له.

قورئان بو ئه وه به رهه م نه هینراوه گومانی لی بکری و ره خنه ی لی بگیری، بو ئه وه هاتووه کویرانه و بی چه ند و چوون بروای پی بکری. ده شی ده سه لاتداری ئیسلامی وا هه بی ، ئاماده ی ووتوویژ کردن بی له سەر ناوه روکی قورئان به لام مه به ستی سه رکوتکردنی به رابه مبه ره که یه تی و پیشه کی گومانی له وه نییه که خوی له سه ر هه قه. ده سه لاتدارانی ئیسلامی ئیران، ته نانه ت له ئه وروپایش و له گه رمه ی وتوویژیشدا نه یارانیان تیرور ده که ن، وه ک له ۱۳ی ته مووزی ۱۹۸۹دا له فیین د. قاسملو، د. فازیل مەلا مەحمودو عەولای قادری‌یان له کاتی وتوویژدا کوشت. ئیسلام ته نیا کاتی ده توانی دیموکراتی بی، که خه لکی سه رپشک بکا له وه ی ده رگای دل و میشکی بو ده خه نه سه ر پشت، یان رەتی دەکەنەوە. هەموو میژووی دەسەلاتی ئیسلام لەم چەند ووشەیەدا بەرجە ستە دەبی:( خوینرشتن له سایەی شوورادا.) شوورا هەمیشە دیوجامەیەک بووە بو راوی نەیارانی ئیسلام. ئەگەرچی ئەفغانی پیی‌وایە: شوورا و دیموکراتی دوو روخساری یەک ناواخنن.، بە لام راستییەکەی شوورا هەمیشە ریگر بووە له به رده م داهینانی تاکه که سدا و ئازادیی تاکه که سی زه وتکردووه. له وولاته ئیسلامیه کاندا ئه وی ریزی لی نه گیری ، ئازادی بیرورادە ربرینە. بیروباوەری ئیسلام هەمیشە بە زەبرو زەنگ و سەرکوتانەوە سەپینراوە و رابردووی گەلانی ژیر دەستی ئیسلام، میژوویه که خویناوی و غه مگین.

ئایین: خاوینە و پیروز، دەولەت پوخلە و پیس. دەبوو بوار نەدری کانیاوی روشنی ئایین، تیکەل گومی لیخنی ده وله ت ببی، که چی گا ئایین له راژه ی ده وله تدایه و گا ده وله ت ده که ویته داکوکی له ئایین کردن. هه ندی جاریش وه ک چون دیجله و فورات دوای تیکه ل بوون، ئاوی ئه میان له ویان جیا ناکریته وه، ئایین و دەولە تیش به هه مان شیوه تیکه لی یه کتری ده بن. ئیدی فارابی گوته نی: ( ری نادری که س خاوه نی خودی خوی بی و ده بی هه مووان له ئامیری ده وله تدا خودی خو له ده ست بده ن.) ئه وسا تاکه که س خودی خوی ده دورینی، چونکه بو خوی ناژی، بو ده وروپشت و ئایینده( به هه شت) ده ژی. ئیسلام ليناگه ری بیرکردنه وه و هه لسوکه وتی تاکه که س ره نگدانه وه ی سروشتیی خواست و وویستی خوی بن. تاکه که س ده بی ملکه چی شه ریعه ت بی، به مه یش له ئازادی: له کروکی بوونی بی به ش ده بی. له ئیسلامدا ته نیا محه مه د نوینه ری خوایه، دوای ئه و که س ئه لقه ی به یه که وه به ستنی تاکه که س و خوانیه، بویه ده بوو ئایین مەسەلەیەکی تایبەتی نیوان تاکەکەس و خوا بی و دەسەلاتداران لی‌ی گەرین: تاکەکەس خوی بریاری پیوه ندی نیوان خودی خوی و خودای خوی بدات.

ئایین دیاردەیەکی کومەلایەتییە، بە رهەمیکی روشنبیرییەو سەرخانی واقیعیکی دیاریکراوە، بویە ناتوانین بەچاوپوشین لە قوناغە کومەلایەتییەکان سەرنجی بدەین. لەم روانگەیەوە ( ئیسلام وه لامدانه وه ی داخوازیه کانی کومه لگای جاهیلی بوو)

له ئه وروپا چونکه له سه ده ی هه ژده یه مه وه کلیسا نابووت بووه و ئایین بوته به شیک له فولکلور، ده سه لاتداران بو ئه وه ی ره وایی به بریاره کانیان بده ن، پیویستیان به پشتگیری ئایین نی یه، پیویستیان به پشتیوانی تاکه کانی کومه له، بەلام (لە وولاتانی ئیسلامدا دەسەلاتە نادیموکراتییەکان لە ژیر جبەی ئیسلامدا ناشەرعیبوونی خویان ده شارنه وه.)«۱۲» ئیسلام ناتوانی دیموکراتی بی، چونکه دیموکراتی بوون ریزگرتنه له بیرورای جیاواز، نه ک ملکه چکردن بو ده قی پیروز.

تاکیشەکان بەزەبری ئایین یەکلایی بکرینەوە، دیموکراتی بوونی نییە، تا ئایین رولی سه رکوتگه رانه ی ئایدولوژیا ببینی، ئازادی تاکەکەس ئەفسانەیە. لە هەر شوینی باسکردنی ئایین، سیکس و جیاوازی چینایه تی قه ده غه بوو، دیموکراتی له وی نییه، باسکردنی ئه و سی کوچکه یه ش له هه موو وولاتانی ئیسلامیدا تابووه. چون دیموکراتی له سایه ی ده سه لاتیکدا ده ژی ، که ریبه ره کانی وه ک مونته زیری ناچاربن بلین: « واخومان به جیهان ناساندووه، وه ک بیجگه له کوشت و بر حه زمان له هیچی دیکه نه بی.» «۱۳ »

قورئان ده قیکه نه ک هه ر مروف له کویله یی رزگارناکا، به لکو ده یکاته کویله ی خوی. نه ئایین یاسایه و نه یاسایش ئایینه. یاسا ملکه چی گورانی هاوسه نگییه کانی نیوان چین وتویژه کانی کومه لگایه، به لام ئایین که ده بیته یاسا چونکه ئاسمانییه و پیروز، ریز بو شوین و کات دانانیت و خوی به سه ر هه موو قوناغه کانی کومه لگا جیاوازه کاندا ده سه پینی، خوی به ده رمانی هه موو نه خوشییه کومه لایه تییه کانی گشت سه رده میک ده زانیت.

ئه دونیس ده لی: ( له روشنبیریی ئایینیدا هه موو شتیک پیشه کی بیری لیکراوه ته وه و چاره سه ری کاربر و ره وای بو دانراوه و هه موو شتیک چ له دنیا و چ له قیامه ت ئاشکرایه و پیویستی به بیرلیکردنه وه نی یه.) «۱۴»

ئه گه ر چی خه لکی ژیر ده سه لاتی ئیسلام گیریان به ده ست ده یان ته نگ و چه له مه ی کومه لایه تییه وه خواردووه، که چی ( هه ندیک هوکاری سه ره کیی نه خوشیه کانی کومه ل ده به نه وه سه ر دوورکه وتنه وه له ئیسلام.) «۱۵»

ئه و زمانه ی قورئانی پی نووسراوه، زمانیکه ده یه وی خوی له گه ل هه موو کات و شوینیکدا بگونجینیت وهه موو به ها ریژه یییه کان به شیوه یه کی ره ها باس ده کا. ئه گه ر چی له بواری روشنبیریدا هیچ شتی نییه هه میشه هه ر راست بی، به لام قورئان هه میشه راسته. قورئان گه رچی به شیکه له که له پوور، که چی ده سه لاتدارانی ئیسلام ده یانه وی وه ک ده قیکی هاوچه رخ سه رنجی بدری و ده خوازن به ده رمانی ئه و تووخمه گرنگه ی که له پوور هه موو برینه کانی سه رده م ساریژ بکه ن، بی ره چاو کردنی ئه وه ی که کولیره ی ئه و رابردووه ره سه نه، برسییه هاوچه رخه کان تیرناکا.

دیموکراتی و ئیسلام پیکه وه ناگونجین و هه ریه کیکیان ئه وی دیکه یان ده سریته وه. ئیسلامیه کان وه ک دوکتور غالی شوکری ده لی:( موسیقا به ده نگی شه یتان، شانو به به دکاریی، گورانی به عه وره ت، هونه ری شیوه کار به بتپه رستی و ئه ده ب به فریودانی کافرانه له قه له م ده ده ن.) «۱٦»

محه مه د عه بدولوه هاب چونکه له گورانیه کدا گوتبووی:

نازانین له به رچی هاتووینه دنیاوه،

نازانین به ره و کوی ملده نیین،

نازانیین کام شتمان گه ره که!

هەواڵنامەی کتێب

به تاوانی ئه وه ی بانگه شه بو ئیلحاد ده کات، راکیشرایه به رده می دادگا. لویس عه وه زیش له به ر ئه وه ی گوتبووی: ( جنوکه و فریشته، وه ک داستان و ئه فسانه به رهه می خه یالن.) به ره و رووی هه مان چاره نووس بووه وه. «۱۷»

ئیسلامیه کان ده یانه وی ئیستاش خه لکی بروا به: (یاجووج و ماجووج، هارووت و ماروت) «۱۸» هیرشی فروکه ی جه نگی ئاسای بالنده ی ئه بابیل و دووله تبوونی ده ریای سوور به گوچانی مووسا بکه ن! قورئان ده قیکی زانستی نییه و ئاساییه له گه ل زانستدا ناکوک بی. وه ک نموونه: گه رچی له دوا ئایه تی سووره تی لوقماندا هاتووه که: (خوا ده زانی چی له مندالداندا هه یه.) که چی سالانیکه به هوی تیروانیین و ئامیری تایبه تییه وه، دکتوریش ده زانی چی له پزدانی دایکاندا هه یه، به لام ئیسلامیه کان: ئه وانه ی جاران باسکردنی سوورانه وه ی زه ویشیان پی دروست نه بوو، ئیستا بو هه ر دوزینه وه یه کی زانستی نوی، به توپزی ئایه تیک ده بیننه وه له گه لیدا بگونجینن.

هه موو ئه و بزووتنه وانه ی له سایه ی ده سه لاتی ئیسلامدا داوای دیموکراتی و دادپه روه ری کومه لایه تییان کردووه، وه ک: بابه کیه کان، قه رمه تیه کان، ئیسماعیلییه کان و هه قه، ویرای کافر و زه ندیق به ویش تاوانبارکراون که خوشک و دایکیان بو خویان به حه لال ده زان، ئیستاش هه مان بالوره بو کومونیسته کان لیده ده ن، گه رچی زور له کومونیستان ته نانه ت ژنومیردایه تی نیوان دوتمام و پسمامیش به ئاسایی نازانن، چونکه زور جار وه چه ی ئه م جوره په یوه ندییه ناته واو دینه دنیاوه.

ئیسلامیه کان هه میشه خه لکیان به سه ر دوو سه نگه ردا دابه شکردووه، سه نگه ری موسولمانان و سه نگه ری کافران، ئه مه یش سه ره تای په نابردنه به ر زه بروزه نگ و پشتکردنه دیموکراتییه. هه رچی ملکه چی ده قه ئایینییه کان نه بی، ئه گه ر ده سه لاتیان نه بوو، ووشه ی بریندارکه ر، ناوناتوره و جنیوی ئاراسته ده که ن، که ده سه لاتیشیان هه بوو په نا

ده به نه به ر شمشیر و گولله . ئیسلامییه کان که رولی ئوپوزیسیونیش وازی ده که ن  و له ده ره وه ی فه رمانره وایی چالاکی ده نووینن، (ئه م هه وله شیان بو به ره و پیشبردن و گورینی واقیع نییه، بو گورینی ده سه لاته و ده یانه وی ده ستیان له ده سه لات گیر بی.)«۱۹»

ئیمامی تووفی ده لی: (ئه گه ر ده قی ئایینی له گه ل به رژه وه ندیدا نه گونجا، به رژه وه ندی ره چاو ده کری.) زانایانی ئیسلامی هه ندی جار سه رپیچی له ده قی پیروز ده که ن، به لام هه میشه له پیناوی به رژه وه ندی ده سه لاتداراندا.

جه نه رال زیائولحه ق به لینی هه لبژاردنیکی دیموکراتییانه ی به خه لکی پاکستان دابوو، که پاشگه ز بووه وه ووتی: ( روحیکی پیروز له خه ومدا پیی ووتم: دیموکراتی دژی ئیسلامه.) «۲۰»

(ئایینی خوتان بو خوتان و هی خوم بو خوم.) ئه گه ر چی ئه م ده قه له سووره تی کافران ئایه تی شه شدا هاتووه، که چی له سووره تی ئالعومراندا، ئایه تی ۸۵ پیچه وانه که ی گووتراوه: (بیجگه له ئیسلام هیچ ئایینیک له که س قبولناکری.) « ۲۱» ئه م ناکوکییه نابی ببیته جیی وتوویژ، چونکه قورئان خوا به رهه می هیناوه و حه قیقه تی ره هایه و هه موو شیکردنه وه و هه لسه نگاندنیکی ئیلحاده و کوفر. محه مه د که بی ده سه لات و هه لاتوو بوو له مه دینه دروشمی:( زوره ملی له ئاییندا نییه_ سووره تی ئه لبه قه ره، ئایه تی ۲۵۶)ی بلندکردبوه وه، به لام که ده سه لاتی په یداکرد، ته نیا له خیلی به نی قه ریزه «۹۰۰ »کوری گه نج وپیاوی سه ربری « ۲۲».

## ژن و ئیسلام:

بریا ئاگری روحت جه سته ی ده سووتاندم،

بریا ده ست له ملانی ئاسمانیمان

هه میشه ده بوو،

بریا یه که مین شه وی بووک و زاوایه تیمان

هه رگیزاو هه رگیز کوتایی نه ده هات. «۲۳»

( ئه وه ی له ژیاندا تامی ئه زموونی ئه وینی مه زنی نه کردبی، شیاوی به زه یی پیادا هاتنه وه یه، چونکه نازانی چی له کیس چووه.)« ۲۴»

ئه وپه ری خوشه ویستی له پیوه ندی سیکسی نیوان ژن و پیاودا به رجه سته ده بی، به مه رجی ره نگدانه وه ی ویست و ئاره زووی هه ر دوو لابی، به لام سیکس بیجگه ئاره زووکردنی یه کدی هه ر هوکاریکی دیکه ی له دواوه بی، ئه وا نه ک هه ر وه لامدانه وه یه کی سروشتی ئه وینی گیانی و جه سته یی دوو که س نابی، به لکو هه موو ناوه روکیکی خاوین و مروفانه له ده ست ده دات و ده بیته دژوار و دزیوترین شیوه ی چه وساندنه وه ی مروف له لایه ن مروفه وه.

ژن و میردایه تی مروفانه ته نیا ئه و جوره یانه که له سه ر بناغه ی خوشه ویستی بنیاتنرابی، هه ر کاتی مانگی ئه و خوشه ویستیه ش ئاوابوو، ئیدی له په یوه ندیه کی مروفانه وه ده بیته نامروفانه و پیویسته چی زووتره، هه لبوه شیته وه. له ئیسلامدا پیوه ندی نیوان ژن و میرد له سه ر بنچینه ی چه وساندنه وه ی ژن هه لچنراوه، چونکه چه وساندنه وه بی زه برو زه نگ ناژی، بویه وه ک چون ده سه لاتداران به پیی یاسا سه رپشکن بی ده سه لاتان سه رکوتبکه ن، پیاویش به پیی ده قی قورئان (ئایه تی ۳۴ سوره تی ژن) ده توانی ئازاری جنسی، ده روونی و جه سته یی ژن بدات.

یه کیک له خه سله ته هاوبه شه کانی ده سه لاتدا ره ملهوره کان، ئه وه یه هه میشه جامی پر له زه بر و زه نگیان به سه ر لاوازاندا قلپ ده که نه وه. زورداران چونکه وه ک بوونه وه ریکی لاواز سه رنجی ژنیان داوه، بویه هه میشه ژن بو تیری زه بر و زه نگیان نیشانه بووه.

له سه ر وه ختی پیش سه رهه لدانی ئیسلامدا می هیچ بایه خیکی نه بووه، زینده به چال کراوه، وه ک هه ر کوتالیکی دیکه

هەواڵنامەی کتێب

فروشراوه، فره ژنی سنووری نه بووه، ژن به شایه ت نه چووه، میراتی نه که وتووه، ته نانه ت لای هیندیه کان که میردی ده مرد، به زیندوویی له گه لیدا ده نیژرا. چونکه ئیسلام به پیوانه له گه ل سه رده می سه رهه لدانیدا هه ندی مافوکه ی بو ژن دابینکرد، که سانی وه ک سه ید قوتب ده یانوویست محه مه د وه ک ریبه ری شورشیکی کومه لایه تی بناسین، به لام هه ر له به ر روشنایی خوری ده قی قورئان، هه لسوکه وت و گوته کانی محه مه د و ریبه رانی ئیسلامدا به فری ئه و لیکدانه وه یه ده تویته وه.

ده قی قورئان که باس له ژن ده کات، رووی ده می له پیاوه، ته نانه ت له و سووره ته یشدا که ناوی (ژن)ی لینراوه.

له هه ر دوو سووره تی مانگا زیرینه و ئالعومرانیشدا ژن وه ک کوتال سه رنج دراوه. (جیهان کوتاله و چاکترین کوتالیش ژنی چاکه.) ئه مه یش گوته ی محه مه د خویه تی. نیر سه رداری میبیه و ده توانی به ئاره زووی خوی لیی بدات، تا ئه و راده یه ی عوسمانی کوری عه ففان روقیه ی ژنی خوی که کچی محه مه دیش بوو، له ژیر قامچیدا کوشت.

له روانگه ی ئیسلامه وه ژن چونکه خوینی له به ر ده روا، له رووی بایولژی و فیزیکییه وه له پیاو که متره، ژن هاوزه مان کوتاله و مروفیشه. خوی ئینسانه به لام ئه ندامی سیکسی شتیکه شیاوی کرین و فروشتنه. ده قی قورئان ده لیت: (که پیتان رابواردن، کرییان بده نی. ئایه تی ۲۴ سوره تی ژن.)

ناوه روکی به لیننامه ی ژن و میردایه تی له ئیسلامدا بریتییه له وه ی پیاو له بری جووتبوون، زیر و دراو به ژن ده دات. ماره یی ئه و نرخه یه پیاو له بری کرینی ئه ندامی سیکسی ژن له ژنومیردایه تی هه میشه یداو له بری به کری گرتنی هه مان ئه ندام له ژن و میردایه تی سه فه ریدا ده یدات.

حیللی ( زانایه کی ئایینی سه ده ی سیزده ی زایینییه.) ده لی:( ماره برین: ده سه لاتی پیاو به سه ر ئه ندامی سیکسی ژنه که یدا دابین ده کات.) پیاو ئه گه ر ژنه که ی ته لاق داو له گه لیدا جووت نه بوو بوو، نیوه ی ماره یی ده دات. به مه دا دیاره ماره یی نرخی کرین و که لک لیوه رگرتنی ئه ندامی سیکسی ژنه. ئه گه ر چی کوشتن سزای نیربازییه، که چی پیاو چونکه کریی داوه، بوی هه یه له پاشه وه یش سیکس له گه ل ژندا بکات.

پیاو چونکه به ژنیک تیر نابیت، مافی فره ژنی و ژنی سه فه ری و که نیزه ک راگرتنیشی هه یه. ( یه کسانی له م بواره دا به وه دابین نابی، ژنیش مافی فره پیاوی هه بی، وه ک له قوناغی دایک سالاریدا هه یبوو، به وه دیته گوری پیاو مافی فره ژنی له ده ست بدات.) ئیسلام چونکه له کومه لگای باوکسالاریدا سه ریهه لداوه، له راژه ی پیاودایه و گه لی جار ده لیی نامه یه که له به رژه وه ندی ژیانی ژنومیردایه تی خودی محه مه د نووسراوه، به تایبه تی سووره تی ئه لئه حزاب: (که هه والی بینینی عائیشه ی ژنی له گه ل کاروانچییه کدا بلاوبووه وه، محه مه د یاسای قامچی لیدانی گوری، له م رووداوه وه ده بی چوار پیاو شایه تی بده ن، ئینجا زیناکه ر سزا ده یگریته وه، پیشتر یه ک شایه ت به س بوو.) «۲۵»

له ئایینی ئیسلامدا، نه ک هه ر یه کسانی له نیوان ژن و پیاودا نییه، به لکو به پیی ده قی قورئان خوا له به ر چاوی کالی پیاو ژنی خولقاندووه. ( ئایه تی ۲۱سوره تی ئه لرووم) غه زالی ده لی: ( ئه گه ر کرنووشبردن بو غه یری خوا ره وا بوایه، ده بوو ژن کرنووش بو میرده که یشی به ری.) ئافره ت نه ک هه ر له ژنومیردایه تی سه فه ریدا مافی سیکس کردنی نییه، به لکو له هه میشه ییه که یشدا، هه ست، سوز و ئاره زووی ژن له به ر چاو نه گیراوه. هه میشه پیاو بکه ره، ژنیش به رکار. ژن با به سواری حوشتریشه وه بوو بی، گه ر میردی ئاره زووی کردبی، ناچار بووه داخوازییه که ی جیبه جی بکا. له ناکوکییه سیکسیه کانی نیوان پیاو و ژندا، پیاو هه م جه مسه ریکی ناکوکیه که یه، هه م دادوه ر و بریارده ریشه.

## ژنی سه فه ری:

جه عفه ری سادق ده لی: (ئه و پیاوه م خوش ناوی ده مری و یه کی له راسپارده کانی پیغه مبه ر جیبه جی ناکا، ده مری و ژنی سه فه ری ناهینی.« ۲۶» جه نگاوه رانی ئیسلام دوور له ژن و زیدی خویان سه رقالی شه ر و تالانی و

بلاوکردنه وه ی ئایین بوون، محه مه د بویه ژنی سه فه ری داهینا تا ئه و شه رکه رانه ووره یان هه ر بلند بی.
ژنومیردایه‌تی سه‌فه‌ری هه‌ر به‌کریگرتن و به‌کریدانی له‌شی‌یان راستتر ئه‌ندامی سیکسی ژنه به‌لام به‌شیوه‌یه‌کی شه رعی. ئه گه رچی عومه ری کوری خه تتاب ژنومیردایه تی سه فه ری قه ده غه کردو له سه روه ختی خه لیفه یی ئه ودا وه ک زینا سه‌رنج ده‌درا، به‌لام شیعه پییان وایه ئه‌وه‌ی محه‌مه‌د حه‌لالی کردبی تا قیامه‌ت حه‌لاله‌و بو ئه‌م ( سوزانچیتییه شه رعییه) پشت به ئایه تی ۲۴ی سوره تی ژن « ۲۷ » ده به ستن.
له سه رده می جاهیلیدا خاوه نقه رز زور جار قه رزاری ناچار ده کرد، له ریی فروشتنی ژن یان کچییه وه قه رزه که بداته وه. ئه‌گه‌ر چی قورئان به‌پیی ئایه‌تی ۲۳ ی سوره‌تی رووناکی ئه‌م کاره دزیوه‌ی قه‌ده غه کرد، به لام به شه رعیکردنی ژنومیردایه‌تی سه‌فه‌ری، که ئه‌میش وه‌ک له‌شفروشتنی ئاسایی، ژن هه‌ر له ناچاری ئابوورییه وه په نای بو ده بات، گیانی به و نه ریته به خشییه وه.
( پیاو به تاقه ژنیک دابین نابی.) ژنی سه‌فه‌ری وه‌لامی ئیسلامه بو پیویستییه جنسییه کانی پیاو و ئه لته رناتیفی ئیسلامه (لای که م له ئیران) بو ئه و (به ره للاییه) جنسییه ی ئه ورووپا. له ئه وروپا ژن ئازاده بی پیوه ندی ژنومیردایه تی له گه ل پیاودا بژی و ئه و جوره ژیانه وه لامدانه وه ی ئاسایی ئاره زووی خویه تی و ژنیش وه ک پیاو بکه ره نه ک به رکار.
پیوه‌ندییه ئازاده جنسییه‌کانی ئه‌وروپا، بی خه‌وش نین، به‌لام وه‌ک ژنومیردایه‌تی سه‌فه‌ریی ناکه‌ونه خانه‌ی له شفروشتنه وه. له ئه وروپا پیاو بی وویست و ئاره زووی ئافره ت سیکس له گه ل ژنی خویدا بکا، هه مان سزا ده دریت وه ک سیکسی به زور له گه ل نه ناسیکدا کردبی. ئه گه ر چی ژنومیردایه تی سه فه ری شه رعییه، به لام زوربه ی خه لکی ئیران، ئه و ژنه ی شووی سه فه ری بکات، وه ک سوزانی سه رنجی ده ده ن. زانایانی ئایینی ئه م راستییه ده زانن، بویه به نهینی ژنی سه‌فه‌ری ده‌هینن. پاساوی ئه‌م کاره‌یشیان به‌وه ده‌ده‌نه‌وه که ژنی سه‌فه‌ری هینان خیره‌و خیرکردنیش به‌نهینی پاداشتی زورتره. زوربه‌ی ئه‌وانه‌ی خه‌ریکی ژنومیردایه‌تی سه‌فه‌ریین، خویندکار و ماموستایانی قوتابخانه ئاینییه کانن. وه ک چون له شاره گه وره کانی ئه وروپا شوین و شه قامی تایبه تی بو دوزینه وه ی ژنی له شفروش هه یه، له ئیرانی ئیسلامیشدا ئه‌وی به‌دوای ژنومیردایه‌تی سه‌فه‌ریدا بگه‌ری روو له مه‌زارو مزگه‌وت و شوینه پیروزه‌کانی مه شهه د، قوم و ره ی ده کا. ئیسلامه ره سه نه کان که سه ردانی مه زاری ئیمامی ره زا ده که ن، مه به ستی سه ره کییان دوزینه وه ی ژنیکی سه فه رییه.
له ژنومیردایه‌تی سه‌فه‌ریشدا وه‌ک سوزانیتی، پیاو عه‌ودالی سیکسه‌و ژنیش پاره. به شه رعیکردنی ئه م سوزانیتییه گه وره ترین سووکایه تییه به ژن ده کری. له هه ر شوینی فیکری زال وه ک ئیرانی ئیسلامی ئاوا سووک سه رنجی ژن بدات، پیاو سووک و ئاسان سیکسی ده‌ست ده‌که‌ویت. له ئیرانی سیبه‌ری ده‌سه‌لاتی ئیسلامدا نه‌ک هه‌ر ده‌لالیکردن بو دوزینه‌وه‌ی ژنی سه‌فه‌ری ئازاده، به‌لکو زور میوانخانه ده‌رگایان بو حه‌واندنه‌وه‌ی( بووک و زاوا ) ی سه فه ری له سه ر پشته.
ژن چونکه شوومه،( له کاتی نویژکردندا، ئه ویش وه ک سه گ و که ر، ئه گه ر به به رده متا ره تبوو، نویژه که ت ببره.!) که ئه مه تیروانینی پیغه مبه ری ئیسلام بی بو ژن، ئیدی کوا ده سه لاتدارانی ئیستای ئیران به موو له ریبازی محه مه د لایان داوه، کاتی ژنانی نه یار پیشه کی ئیغتیساب ئینجا ئیعدام ده که ن؟« ۲۸ »

۱۹۹۷.۴.۲۹

**په راویزه کان**

۱ـ میژووی شاری سلیمانی ئه‌کره‌می سالحی ره‌شه‌به‌رگی یه‌که‌م چاپی دووه‌م ده‌زگای روشنبیری و

بلاوکردنه وه ی کوردی ۱۹۸۷ ل ۴۱۴

۲_ القسوه والصمت کنعان مکیه دارالساقی لندن ط ۱ ۱۹۹۴ ص ۱۵۱

۳_ الابداع من نوافذ الجهنم العنف الاصولی ریاض الریس للنشر ۱۹۹۵ لندن ص۱۸، ۱۹

۴_ ئاده میزاد له کومه لی کورده واریدا، عه بدول خالیق مه عرووف، به غدا چاپخانه ی دارالجاحظ ۱۹۸۵. نووسه ر ئه م کتیبانه ی دیکه یشی بلاوکردوته وه:

_ ئه نتیکا هه ولیر چاپخانه ی کوردستان ۱۹۷۷

_ ته کنیکار به غدا چاپخانه ی بابل ۱۹۸۱

_ دیوانی نالی و کی راسته؟ پروژه ی سه د کتیبی کوردی، به غدا چاپخانه ی الموسسه العراقیه للدعایه والطباعه ۱۹۸۴

۵_ عه بدول وه هاب به یاتی

٦_ شیعری که ل ، دیوانی شیرکو بیکه س ستوکهولم ۱۹۹۵ ب۱ ل ۴۴۱

۷_ ئیسلام ناسی، عه لی میر فیترووس و سیامه ک بابه ک ل۴۴

۸_ ئیسلام ناسی ل ۲۲

۹_ الابداع من نوافذ الجهنم ص ۳۰۵

۱۰_ نقد الفهم العصری للقران الدکتور عاطف احمد دار الطلیعه بیروت ۱۹۷۸ط۲ص ۲۹

۱۱_ دراسات نقدیه فی ضوء المنهج الواقعی، حسین مروه موسسه الابحاث العربیه بیروت ط۳ ۱۹۸٦ ۴۳٦

۱۲_ حوار المشرق والمغرب د. حسن حنفی _ محمد عابد الجابری دار توبقال للنشر الدار البیضاء ۱۹۹۰ص۱۳۸

۱۳_ مواجهات السیف والقلم العنف الاصولی ریاض الریس للنشر لندن ۱۹۹۵ص ۲۴۳

۱۴_ النظام والکلام، ادونیس دار الاداب بیروت ۱۹۹۳ ص۵۱

۱۵_ نواب الارض والسماء العنف الاصولی ریاض الریس للنشر لندن ۱۹۹۵ ص ۲۵۳

۱٦_ الابداع من نوافذ الجهنم ص ۳۵۷

۱۷_ هه مان سه رچاوه ل ۳۵، ۳۸

۱۸_ نقد الفکر الدینی د. جلال صادق العظم دار الطلیعه بیروت ط ۱ ۱۹٦۹

۱۹_ النظام والکلام ص ۵۸

۲۰_ ذهنیه التحریم د. جلال صادق العظم ریاض الریس للنشر لندن ۱۹۹۲ ص ۳۳۱

۲۱_ النص، السلطه، الحقیقه د. نصر حامد ابو زید المرکز الثقافی العربی بیروت ۱۹۹۵ ص ۱۵

۲۲_ ئیسلام ناسی ل ۲۱

۲۳_ شیعری نوفالیس فی الحب والحب العذری د. جلال صادق العظم دار العوده بیروت ط۳ ۱۹۸۱ ص ۷٦

۲۴_ هه مان سه رچاوه ل ۷۵

۲۵_ به سه رهاتی راسته قینه ی ژیانی محه مه د کریستیان مه کاریان سیروان سورانی له فه ره نسیه وه کردویه به کوردی، دلانپار هیلسنکی. ۱۹۹۵.۱۲.۲۵

۲٦_ المتعه و الزواج الموقت عند الشیعه د. شهلا حائری شرکه المطبوعات للتوزیع والنشر بیروت ط۳ ۱۹۹۵ ص۸۱

۲۷_ (فما استمتعتم به منهن، فاتوهن اجورهن.)

۲۸_ بیجگه لەو شوینانەی له جیی خویاندا سەرچاوەکانیم دەست نیشان کردوون، له گەلی شوینی دیکەشدا چ راسته وخو یان ناراسته وخو سوودیکی زورم له کتیبی «المتعه» ی د. شه هلا حائری به تایبه تی و ئه م کتیبانه ی تریش

هەوالنامەی کتێب

بینیوه:
ـ ئیسلام ناسی عه لی فیترووس
ـ العنف الاصولی مجموعه من المولفین ۳به رگ
ـ النص، السلطه، الحقیقه د. نصر حامد ابو زید.
ـ الایدولوجیا العربیه المعاصره عبدالله العروی.
ـ المرکز الثقافی العربی بیروت ط۱ ۱۹۹۵.

***

هەواڵنامەی کتێب

# مافی کفرکردن.. هەنگاویکە بەرەو دوا

ئیبراهیم فه تاح

هاوری سینا پدرام له ژماره ٤ی گوڤاری هانا ی ئازیزدا، له ژیر ناونیشانی «کفر، تاوان یان حه ق؟» دا وتاریکی بلاو کردووه ته وه و له به ر ئه وه ی منیش ده میکه به نیازی نووسینی وتاریکم ده رباره ی ئایین و ره چه له کی سه رهه لدانی بوچوو نه میتافیزیکی یه کان و به تاسه وه ده گه ریم به شوین هه ر لیکولینه وه یه کی له‌و چه شنه دا. بویه هه ر زوو ده ستم کرد به خویندنه وه ی وتاره که. سه ره تای باسه که، به ده سته واژه یه کی ته واو دروست ده ست پیده کات و ده لیت: «گومان له بوونی مه فهومیک به ناوی خوا، قادری موتله ق، خولقینه ری ئاده م و عاله م و ره دکردنه وه ی به ئه ندازه ی میژووی به‌دیهاتنی خودی ئه‌م مه‌فهومه کونه». ئه‌م ده‌ست پیکردنه وردو زانستی‌یه ته‌واو له جی ی خوی دایه و ته نانه ت پیش ئه‌وه‌یش مروڤ بگاته قوناخی ناونانی ئه‌و هیزه نه‌بینراو و نادیاره‌ی له ئه‌نجامی کلولی و ئاسو ته‌سکی تیگه یشتنی خویدا کردی به خولقینه ری دیارده کان و مروڤ و گه ردوون و ناوی ئه م و ئه و خواوه ند و خوای لینا. ئه و گومانه له بوونی ئه و هیزه میتافیزیکی یه هینده ی باوه رپیکردنی به هیز بوو. نموونه ی ئه‌وه یش به ته واوی له و داستان و ئه‌فسانانه دا ده‌رده‌که‌ویت که نزیکه‌ی دوو تا وه‌کو چوار هه‌زار سال له‌مه‌وبه ر نووسراونه ته وه و که له راستیدا میژووی سه رهه لدانی ئه و ئه فسانانه له میژووی نووسینه وه که ی کونتره و به هوی په‌یدانه بوونی نووسینه وه دواکه وتوون بو سه ر ده می دوزینه وه ی نووسین و خویندنه وه. بو نموونه وه ک له ئه فسانه کانی گه لگامش و ئادابا و سیزیف و... هتد دا ده رده که ویت که به گژاچوونه وه ی خواکان له نیوان یه کتردا و دژایه تی کردن و ململانی کردن له گه ل خواکان دا له لایه ن مروڤه وه کاریکی ئاسایی و باو بووه. ئه وه یش له به ر ئه وه ی ئه و خوایانه ده سکردی مروڤن و له سه ر شیوه ی خودی مروڤیش دروست کراون و له به ر ئه وه یش توانای به گژاچوونه وه و به یه کدادانی خواکانی هه‌یه...

نووسه‌ر له لیکولینه‌وه‌که‌ی دا چه‌ند بیرورا و بوچوونیکی ماتریالیزمی میژوویی ده رباره ی سه رهه لدان و هه لویستی ئایین به رانبه ر به ئینسان و به هره کانی و به رابه ر به خواست و هیواکانی ئینسان خستووه ته روو که له دوا شیکردنه وه دا رولی بی توانای مروڤی کون، له ئاست دیارده سروشتی یه کاندا له دروستبوونی ئایین دا ده رده خات و هه روه ها به لا ری دابردن و خه رفاندنی ئایین و کلکایه تی کردنی ئایین بو چینه چه وسینه ره کانی کومه لگا چینایه تیه کان ئاشکرا ده‌کات. هینده‌ی باسه‌که خوی داوه له قه‌ره‌ی سه‌رهه‌لدانی ئایین و ئامانجی ئیستای بورژوازی له ئایین و روله جینایه تکاری یه کانی ئه مروی ئایین له گه لیک شوینی دنیادا، باسه که قسه یه کی له سه رنی یه و ته واو دروستن. به لام ئه‌وه‌ی لای من سه‌رنج راکیشه ئه‌وه‌یه نووسه‌ر له کاتیک دا به ته‌واوی ده‌زانیت ئایین و مه زهه به کان و خوا و بته‌کانیان شتیکی وه‌همی و ده‌ستکردی خودی مروڤن و به‌رهه‌می ئاستیکی هوشیاری نزمن و له گه‌ل دوا ئه‌نجامه‌کانی زانسته‌کان دا ناکوکن و به‌رده‌وامیان به هوی ئه‌و چینه چه‌وسینه‌رانه‌وه‌یه که ئه‌و دیو و درنجه ساختانه‌یان بو خه‌ساندن و فریودانی چینه به‌شخوراو و چه‌وساوه‌کان و مسوگه‌رکردنی پاریزراوی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه تایبه‌تی‌یه‌کانی خویان، وه‌ک دیاریه‌کی ئاسمانی به کار هیناوه... له کاتیک دا ده زانیت ئایین ئه فیون و حه شیش وتلیاکه و به زور و به هوی گه‌لیک دام و ده‌زگای پروپاگه‌نده‌ی زورناژه‌نی چه‌وسینه رانه وه ده رخواردی چه وساوه و نه دارانی کومه ل ده دریت و بو گیل کردن و رازی کردنیان به نه هامه تی و جه ور و سته مه کانی ژیانی روژانه ییان و شاردنه‌وه‌ی ده‌ست دریژی‌یه‌کانی خویان بو سه‌ر حورمه‌ت و ئاسووده‌یی مروف، حه واله ی دنیایه کی وه همی پشت سروشتیان ده که ن... له کاتیک دا نووسه ر هه ر له و باسه دا ئاماژه به نه بوونی شتیک به ناوی "خوا"وه ده کات... له کاتیک دا دلنیایه له‌وه‌ی ئایین «به‌رهه‌می ده‌سته‌وه‌ستانی ئینسانه له به‌ره‌نگاربوونه وه ی له گه ل سروشت دا» و

هەواڵنامەی کتێب

ده زانیت «بوچوونی ئایین له ئه سل دا دژی عیلمه» و «دنیایه کی سه ره ونخونه»... که چی ده بینین داواکه ر و خوازیاری شتیکه بو خوی و بو ئه و مروڤانه یش که هه مان روانگه و بوچوونیان هه یه که ناشیت و ناگونجیت که سیکی وه ک نووسه ری ئه و باسه به میشکیشی دا گوزه ری بکردا یه... ئه ویش «هه قی کفرکردنه» !! ئه وه تا ده لیت «ئازادی کفرکردن له گشت ولاتانی دنیادا ده بی مافیکی زور ئاسایی ئه مرو بیت». له راستی دا داواکردنی شتیکی له م چه شنه و ناونانی به مافیکی زور ئاسایی له دوو توی ی باسیکی ئاوه هادا شتیکه ته سه ور کردنی ئیجگار قورسه و گومان له دلنیابوونی نووسه ر له به رامبه ر ئه و بوچوونانه ی سه ره وه ی دا لای خوینه ری باسه که دروست ده کات. وشه ی «کفر» ئه گه رچی له بنه ره ت دا به مانای جنیوه و «کافر» به مانای جنیو ده دریت، به لام له پاش سه رهه لدانی ئایینه تاک خوایی یه کانه وه ئه و وشه یه مانایه کی ئایینی وه رگرتووه. «کفر کردن» له مانا ئایینی و باوه که ی دا واته هه له کردن یاخود جنیودان و شتی ناشایسته به و شته ی ناونراوه ــ خوا و خالقی موتله ق ــ، له مه یشه وه «کافر» له مانا ئایینی و زال کرا وه که ی نیو کومه لگا ئایینی یه کاندا ئه و که سه یه که له رووی ئه و خالقه دا هه لده گه ریته وه و له ئه نجامی نه زانی و گیلی دا بروا به بوونی ناکات و، له به رامبه ر ئه وه دا مه زهه به کان، له پیناو سه قامگیرکردنی خویان دا جوره ها وه سفی فریوده رانه و ترساندنیان بو ئه و که سانه داناوه، له وانه یش؛ به دگو و نه زان و به دره وشت و فاسد و... هه تا دوایی ئه و تان وته شه ره بی مانایانه ی رابه رانی مه زهه ب دژی نه یارانی خویان و ئه وانه ی هه ر له سه ره تاوه لاقرتی یان به و وه همه فریوده رانه ی ئه وان کردوه و، بو ترساندن و توقاندن و فریودان و ناچارکردنی جه ماوه ر بو به شوین که وتنیان، دایان رشتووه که ئه م کفرکردن و سیفه تی کافربوونه یش ئه مرو مه زهه ب و مه ز هه بی یه کان به هه موو ریبازه کانیانه وه و به و مانایه ی خویان دایان رشتووه وه سفی ئه و که سانه ی پی ده که ن که له دیدگا و جیهان بینی زانسته وه ده روانننه سروشت و دیارده کومه لایه تیه کان، له وانیش ئایین.

له لا یه کی تریشه وه «کفرکردن» یاخود جنیودان، به ره نگاربوونه وه و ته حه داکردنی شتیکه (له روانگه ی داریژه رانی ئه م زاراوه یه وه) که بوونی هه یه و ئه نجامی تووره یی و بیزاری و نه زانی مروفه بویه به م شیوه یه ده دویت.. که ئه مه یش به پیچه وانه ی بوچوونه کانی نیوباسه که یه. که واته ئه م سیفه ته تا سه ر موخ، مه زهه بی یه و پیویستی به داواکردن نی یه وه ک مافیک بو پیناسه کردنی زانست چونکه: یه که م، مه زهه بی یه کان خویان به هه موو توانایانه وه له هه ولی زالکردنی ئه م بوچوونه دان و، دووه م، ئه وه یش خواستیک یاخود مافیک نی یه له ئاستی به هیزی و پته وی بوچوونه زانستیه کان دا بیت و هه نگاویک نی یه به ره و پیشه وه.

پیش ئه وه ی بچمه سه ر ئه وه ی من ئه و مافه له چ روانگه یه که وه و بو کی به ره وا و ئاسایی ده بینم، له به ر روشنایی لیکولینه وه زانستیه کاندا ده پرسم: ئاخو کفر چی یه و کافر کی یه؟... ئه و لیکدانه وه یه ی پشت به وه هم و توقاندن ده به ستیت و له ورینه یه کی گه مژانه زیاتر تی ناپه ریت، یاخود ئه و بوچوونه ی بریتی یه له دوا ئه نجامگیری یه کانی چه ند سه ده ی زانست و تویژینه وه میژوویی یه کان؟... ئه وه ی به وه هم و ره مل لیدان، واقیعی مروف ده که ن به دوزه خ و تووتی ئاسا به لینی به هه شتیکی میتافیزیکی ده دات و مروف ده کاته بوونه وه ریکی بی توانا و بیچاره، یا خود ئه وه ی به شیوه یه کی زانستی ــ میژوویی دیارده کان ده گیریته وه بو سه ره تاکانی سه رهه لدان و دروست بوونی و له دنیای واقیع دا هه ولی دابین کردن و دامه زراندنی ژیانیکی ئاسووده و شیاو و شایسته ی مروف ده دات و مروف وه ک گه وره ترین سه رمایه و دروستکه ری میژوو و بنیات نه ری جیهانی نوی پیناسه ده کات؟... هه لبه ته لیره دا ده زانین هه ر که سه به پی ی مه وقیعی خو ی له یه کیک له و دوو جی یه دا وه لام د ه داته وه... به لام پاشه روژ و سه رکه وتن هه ر بو ئه و راستی یه یه که پشت به زانست ده به ستیت و کاتیکیش زانست به ته واوی بالاده ست ده بیت ئیتر ئه و فکره بوگه نه یش که زاده ی وه هم و ئامانجی فریودانه، چاره نووسی هه ر له گورنان و سه ره نویلکه ی میژووه.

ئیستاش پیم باشه له راستای «به ئاسایی ناسینی ئه و مافه دا» کورته سه رنجیک بنووسم. داواکردنی ماف هه ر مافیک بیت، له به رئه وه ی داواکردنیکه له خودی سیسته مه که دا، نه ک ئال وگورکردنی سیسته مه که به سیسته میکی تر

که ئه و مافه تییدا به شیکی ئورگانی خوی بیت و هیچ هویه ک له ئارادا نه بیت بو داواکردنی، واته چاک کردن نه ک گورین، ریفورم نه ک شورش. له م بوچوونه وه من به جوریکی تر، تاراده یه ک، ئه و داوا کردنه به ره وا ده بینم، ئه ویش به م شیوه یه: ده شیت ئه وه داخوازی که سیکی مه زهه بی بیت و بلیت: هه قه مافی ئه وه به مروڤ بدریت کاتیک هوشی لای خوی نامینت و له سیبه ری هه ندی گیروگرفتی توند و تیژدا دوو سی جنیوی تفت و سویر به خوا بدات یاخود بوی هه بیت کاتیک له لایه که وه ناعه داله تی یه کی زه ق و ئاشکرا و به رفراوان و له لایه کی تره وه بی ده ربه ستی له و خالقه ی بروای پییه تی ده بینیت، لیره ش دا به دوو سی تف و نه فره تی لینج، ناوچه وانی خالقه که بشواته وه و هه ندیک شتی له و بابه ته. واته کفرکردن «به و مانایه ی هه له کردنه به رامبه ر خالقیکی بروایپیکراو»، هه قیکه ده کریت که سه مه زهه بیه کان خوازیاری بن نه ک که سیک که خوازیاری زانستی هه یه و به ته واویش ده زانیت ئایین و خواکان نه ئه سلیان هه یه و نه فه سل. به لام ئاخو ئه وه ی هاوری سینا ئاماژه ی بو ده کات شتیکی له و چه شنه یه؟ بیگومان نه خیر، به لکو له و په ری هوشیاری دا و له ژیر چه تری لیکولینه وه و تویژینه وه زانستیه کانه وه ده دویت و ئه سله ن نووسه ر، بالاده ستی ئه و وه همانه ی که به بوونی خالقیکی وه همی یه وه به ستراون، به یه کیک له کا رکرده کانی مانه وه ی چه وساندنه وه و به رده وامی لافاوی خوینی چه وساوه کان و بی توانایی بیده ره تانی ئه و چه وساوانه ده زانیت و، ده زانیت که ئایین کراوه به موته که یه کی سه ر دیده و زه ینی هه ژاران تاکو باس له گورینی ئه و باره دژواره ی خویان نه که ن چون که گوایه ئه وه ویستی ئه و خوا_ وه همه یه.

له به ر ئه وه پیویسته هاوری ی نووسه ر و هه موو ئه وانی هه مان بوچوونیان هه یه خوازیاری شتیکی تری ته واو جیاواز و بنچینه یی و ریشه کیش بن به رامبه ر ئایین. چونکه ئه و مافی کفرکردنه له دوو باردا وه ک داواکردنی سیفه تی کافر و به دگو و... زور له شه کر شکاندنه ئایینیه کانی تر ده رده که ویت بو هه موو ئه وانه ی به بوچوونیکی زانستی یانه وه له ئه سل و بنچینه ی زانست تیگه یشتوون و هه لویستیکی زانستیانه یان وه رگرتووه له ئاست ئاییین دا، که ئه مه ش به لای منه وه، له «مافی کفرکردن»ه که ی کابرای مه زهه بی زور که متره. له م لایه نه شه وه، هه موومان شاهیدی ئه وه ین که کومونا ره کانی پاریس به ر له دوو سه ده زیاتر به ئاشکرا و راشکاوی ده نگیان دا بو «جیایی دین له ده وله ت». واته بو ئه وه ی ده وله ت به رگی وه هم و ویستی ئاسمانی دروست کراو، نه کات به به ری ئه و ئامانج و به رژه وه ندییانه ی چینی ده سه لاتدار خوازیاریه تی و بو ئه وه ی ئیتر ئایین، که خوی چرنووکی ده ستی چه وسینه رانه، ئه و باسکه بزوینه ره ی بقرتینریت که به ره و دیده و زه ینی جه ماوه ر دریژی ده کات. هه رکاتیک ئایین له وه که وت چینه چه وسینه ره کان بیکه ن به رووپوش و ده مامکی کاره نه گریسه کانیان و ده ست و پیی کاره نه گریسه کانیان و ده ست و پیی ئایین کوت کراو له به پیروز راگرتن و به ئه زه لی کردنی په یوه ندی یه ئابووری و کومه لایه تی یه کان دا؛ ئیتر جه ماوه ر له به ره نگاربوونه وه ی چه وسینه ران دا متمانه ده کاته سه ر توانا و هیز ی له بن نه هاتووی خوی و چیتر پیویستی به و وه همانه ی ده رباره ی به هه شتیکی خه یالاوی پشت سروشت قه وچه ده که ن، نامینیت و، لیره وه له و کوت و زنجیرانه رزگاری ده بیت که توانای داهینان و گورینی واقیع و گوزه رانی مروڤ زینده کوژ ده که ن.

که واته پیویسته له سه رمان، دوای دوو سه ده زیتر له و داوایه ی کومونا ره کان، ئه مرو ئیمه له پال ئه و هه موو هه قیقه تانه ی زانست به ده نگی به رز درکاندووونی، خوازیاری شتیک بین لانی که م له و داوایه که متر نه بیت و داوای سرینه وه ی سیفه تی ئایینداری و بی ئایینی مروڤه کان بکه ین و داواکاری ره سمیه ت نه دان به ریباز و سیفه ته ئایینی یه کان بین؛ ته ئکید له وه بکه ین ئایین کاری شه خسی مروڤه کانه. هه ر کاتیکیش ئایین له وه که وت به زه بری هیزو قامچی ده سه لاتداران به سه ر ئینسانه کاندا بسه پینریت، ئه وساته ئاسویه کی فراوان و گه ش له به رده میان دا ده کریته وه بو بره ودان و گه شه پیدانی توانا و به هره داهینه ر و زیندووه کانیان و گورینی ئه م دوزه خ و مه رگه ساته ی ئه مرویان به دنیایه کی باشتر و شایسته ی مروڤ و دوور له تورره هاته کانی دیو و درنج و خیو و جنوکه و ده عبا به سه ره کان.

ئەگەر بەوەش هاوریی نووسەر دەیەویت و خوازیاری ئەوەیە بوچوونە ماتریالی و میژوویی و زانستییەکان و ئەوانەیش کە ئەو روانگەیەیان هەیە ئازادی دەربرینییان هەبیت و، ئەگەر ئە م مافی کفرکردنە وە ک لانی کە م و دەروازەیەک بو گەیشتن بە دوا مەبەست پیشنیار کراوە، ئە وا ئیمەش دەلیین حوکمی زانست لە سەروو هەموو حوکمەکانەوەیە و داواکردنی بە رەسمی ناسینی ئەنجامگیری بە زانستەیەکان «وەک مەسەلەی بوونی خالق و چونیە تی و هوکانی سە رهە لدانی ئایین و پیناسە کردنە وە ی ئە وانە ی بە ناوی پیغە مبە رایە تی و نوینە رایە تی کردنی هیزیکی نەبووەوە رەملی جوراوجور و قسەی عەنتیکەیان کردووە و... هتد»، لا نی کە می دان نان و باوە رهینانە بە زانست و ئە نجام گیریە کانی.

لە بەر ئەوە، ئەوەی ئیمە پیویستە خوازیاری بین بریتیە لە داواکردنی ئە و ئە نجامانە ی زانست سە بارە ت بە ئایین پییگە یشتووە و دارشتن و هینانە ئارای زاراوە یە ک و چە مکیکی تری نوی بو ئە و ئە نجامە نوی یانە و ئە و کە سانە یش کە هە لگری ئە و ئالایە ن و، داشورین و ریسوا کردنی ئە و ناوە دارزاوانە ی ئایین لە بە رامبە ر زانست و پیشکە وتن دا بە کاریان دە هینیت، وە ک کافر و مشرک و... باقی ئە و بوگە ناوە ی لە زە لکاوی میشکە مە زهە بی یە کاندا گە را دە خە ن و دینە دە رە وە. بە مانایە کی تر پیویستە هە ر لە فە رهە نگی زانستە وە زاراوە یە ک هە لبژیرین کە لانی کە م پیناسە یە کی هاو چە رخانە بیت، نە ک دە ست بو هە مانە ی بو شی فە رهە نگە کون و دارزیوە کە ی مە زهە ب بە رین و لە ویوە پیناسە ی خومان بکە ین ـ  کە بە م کارە، بە پیچە وانە ی ویستی خومانە وە، خزمە ت بە و فە رهە نگە دارزیوە دە کە ین و رە سمیە ت و هەقیانەت دەدەین بە چەمک و زاراوەکانی ـ کە هەموومان چاک دەزانین ئەو فە رهە نگە و سە رجە م چە مک و زاراوە کانی زور لە میژە ئیکسپایە ر بوون و توزقالیک تروسکایی تیدا نی یە و تە نیا و تە نیا شایستە ی گسک لیدان و لە چال نانن.

***

هەواڵنامەی کتێب

# قوربانی

مه شخه ل

شه پولیکی سه رشیت وتی: من هه ناوی ده ریام ماچ کرد
تا فرمیسکی که نار بسرم.
گه لا وتی: له ئازاری له رینه ه ی پیره داریک
خوم هه لدایه گه ردوونی مه رگ
تاکو ئوقره ی خه میک بدرم.
چرایه کی که ساس وتی: باوکم ده لی باپیره مان
له حه ژمه تی تاریکی یا خوکوژی کرد؛
بویه چه شنی بالداریکی ناسره وتوو
له تاریکی ده بی بفرم.
هیزفروشیکی ئه م دونیا لنگه وقووچه ش
ده لی: له شم کرده کلپه ی کووره ی کار و
که چی قه د نه متوانی به دل،
قاته جلی بو تاقانه که م بکرم.

هەواڵنامەی کتێب

# لەحزە عەشقیک

مه شخه ل
فانکوفه ر_ که نه دا

په نجه له رزوکه کانی من
سه رحالی سه مای سه رشیتن.
قه له م چه شنی بالیه کی چاپوک و بزیو،
پیلووی ده نیته نیو ده فری ژه هراوی خه م.
کی له حالی ده ست و په نجه ی شاعیر ده گات، وه ختی وشه ی نارنجوکی چرپه کانی له گه ردوونی په ره ده دا؟
کی ده توانی ئه و دیرانه بینیته نیو په رده ی هه ست و ناخی ده روون.... ئای له و ده روونه ی چه پکه خه نده ده دا له به روکی ئه و مروفانه ی که به گورانی، به هار ده که نه نیو گولدانی ژیانه وه.
گرمه هه وری ئاخ و ئوف و هه ناسه ساردی ناتوانی پشکوی کوانوه کوژاوه کانی دل ژیل کاته وه.
هیچ «بریخت»یک چوپی خه می پی ناگیری!!.
له نیوان تووله په نجه ی ده سته کانی شاعیر و وشه و کاغه ز، ژیان دیته پیکه نین و شین و شه پور.
چاو و نیگا، عه شق و دل، وه فا و مروف، روو له میحرابی حه ق سوژده ده به ن.

کی لە  سە رمە ستی ئە م لە حزە یە م سە ر دە ردە کا؟ وە ی دە روونم کە وتوتە بە ر بوومە لە رزەی سە مای عە شق!
شیعرە کانم بو دە کە نە چە تری خە م و مالی ئاوا شادم دە کا!
پە نجە لە رزوکە کانی من،
سە رحالی سە مای سە رشیتن.
قە لە م چە شنی بالیە کی زور سە ربزیو،
پیلوی دە نیتە نیو ژە هراوی خە م.
کی لە حالی راستگوی شاعیری دە گات، وە ختی ژیان لە ژیر چادری ووشە و دیرا بە سە ر ئە بات؟
کی تی دە گات؟

***

هەواڵنامەی کتێب

# هەلویستەیەک

حه مه عه لی حه سه ن

ته موزی ١٩٩٦

بو كوی ئه چیت..!؟

ژانی ده روون وه ک سیبه ری گیانی شه که ت بووی

سه فه رت ،

راوت ئه نی

ریگه ته لانیکی سه خته و ملی هه وراز

به به رزترین لووتکه ی وره ت پی ئه که نی

بو كوی ئه چیت..!؟

ته م تومانی بیره وه ریت

جی پی ی دووه م هه نگاوی پیت لی وون ئه کا

به هه زاران جه خاری نوی

یه خه ی سنگی ئاواته ناسکوله کانی ئه م ته مه نه ت

کون کون ئه کا

ئا لیره بیت یاخود له وی

ژیان هه ر کیویکی هه زار به هه زاره و

چنگی سته م..

که لبه ی زولم..

بو هه ردوو گوی ی ئه م جیهانه خه والووه

ئه بی به نقیمی گواره

ئا لیره بیت یاخود له وی

بو مانه وه..

نه ک هه لاتن، به گژدا چوونه وه ی ئه وی

***

هەواڵنامەی کتێب

# پیکەنە!

ریبوار

ئاپریلی ٩٦

کوا شریخە ی شە تاوی بە هاران ئە وە ند دلرفینە؟!
شە قە ی بالی کام کە و؛
فرینی لە ناکاوی کام پولی مە ل
لە سە ر کامە دە ریا
ئە وە ند خە م رە وینە؟!
دە با بی
زولالی گە شی زایە لە ی پیکە نینت
پر بە گویم؛
پر بە هە ستم؛
دلم؛
باوە شم.
با بباری بە سە رما
بمدوینی بلاوین و بژوین
خە م رە وینتر لە گشت رژنە باران
بباری بە سە رما
بە لین بی لە بە ریا بوە ستم!
پە یکە ر و لە ش چی یە
بە هە موو هە ست و نە ستم
ئە وە ستم لە بە ریا
هە تا ناخی موخ و
هە تا گشت هە ناوم
شە لالی نە کە م
شە رتە خوم لانە دە م
دە م بنیم لە و شە تاوە
هە تا قوولترین ریشە تیراو نە کە م

هەوالنامەی کتێب

هه تاكو شكوفه ى جه وانيم نه پشكويته وه

شه رته ده م به ر نه ده م!

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# پربوون

م. ز. کریم

زه مه نیک تینووی بارانم....
زه مه نیک تامه زروی چاولیکنانم
تو به ناو ره نگه کانی هه تاوا ئه گه یته ناو روحم
ئاسمان شه رمه زار ئه که یت
ئاسمان چه تری دووربیه کانی نیوانمانه.

زه مه نیک رووباره قه دربیه کان له لرفه ئه که ون
چه نده له یه ک دوورکه وینه وه باوه شیک سه رابی زیاتر دروست ئه بی
واقیع ئه و چمکه زه مه نه یه باوه شمان به یه ک دا کردووه.

زه مه نیک هیواکانمان ئه بی به باران
کازیوه چاوه کانمان پیروزه یی ئه کا
بوشاییه کان پر ئه که ینه وه
به نیوانه تونیله ییه کانی دووری دا خوم ئه گه یه نمه وه به شه و
ده نگی خوم پر ئه که م له بونی شه و
غوربه ته کان له به ر یه ک ئه ترازین
زه نگیانه بو ملی ئه ستیره رست ئه که م
شه ویک دی بو سبه ی... مه راسیم بو "۸"ی مارسیکی پر له شه وق ریک ئه خه م
ئه گه ریم ... ئه گه ریم چرکه یه ک له زه مه ن ماچ ئه که م
به بونی قژی تو سه رتاپا روحی خوم پر ئه که م.

***

هەواڵنامەی کتێب

## بوچوونیکی‌تر
## (ئازادی تاکه ئینسان و هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی کوردی)چی‌یه؟

**د. کامه‌ران قه‌ره داخی**

سه ره تا:

کاتی نوسراوه‌ی (ئازادی تاکه ئینسان و هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی کوردی)م له ژماره ٣ ی هانا دا خوینده‌وه، به خه یالم دا هات که کورته وه لام و بوچوونیک به رانبه ر به چه ند پرسیار بنووسم که بو گه‌لاله کردن و بردنه پیشه وه ی بابه‌ته‌که‌ش به که‌لک بیت. به‌لام ئه‌وه بوو دواکه‌وت و ژماره چواره‌می هات به‌سه ردا که دوو نوسراوه‌ی تیایه. یه‌کیکیان هی سلیمان قاسمیانی (کاکه) و ئه‌وی‌تر هی ئه‌حمه‌د بازگره. ئه‌حمه‌د بازگر ره‌خنه‌ی له نوسراوه‌ی ژماره‌ی ٣ی کاکه گرتووه و کاکه‌ش وه‌لام ده‌داته‌وه و باسه‌که‌ی ژماره‌ی ٣ جاریکی‌تر دووباره ده کاته وه و نمونه ی زیاتر ده هینیته وه. خوشبه ختانه من ئه م دوو نووسه ره له م کیشه یه دا، مه به ستم ئه م باسه یه، له نزیکه وه ناناسم و هه ر بویه باسه‌که‌ی من نه بو لایه‌نگری شه‌خسی یه‌کیکیانه و نه بو له زه‌وی دانیان. ئه وه ی لیره دا هاتووه و جیگه ی لیکدانه وه ی باسه که ی منه، ئه وه یه که چون به ردی بخریته سه ر به ردی، ئه گه ر له لایه ن یه کیکیانه وه دانرابی، که من پیم وایه کاکه ده س پیشخه ره و به و که سه اعتبار ده کری و هه ر بویه قورسایی ده خه مه سه ر باسه که ی ئه و. کاکه به‌ردیکی داناوه. گرنگ ئه‌وه‌یه بینای له‌سه‌ر بکری، بکریته خانوو و بکریته دیارده‌یه‌ک که خوی له خویدا ئه‌نجام‌گیرییه‌کی پوزه‌تیفی هه‌بیت. داهینان و ده‌س‌پیشخه‌ری، زوربه‌ی کات له هه موو سه رده مه کان دا له رخنه وه ده ستی پی کردووه، جا رخنه که کال و کرچ بووه، یان هه مه لایه نه و قوول و به رفراوان بووه و وه کو سه رچاوه به کار هاتووه بو به ره وپیش چوونی بابه ته که. هه ر بویه ره خنه نیگه تیفه کان زور جار روحه داهینه ر و پیشره وه که ی له ده ست داوه و هه‌ر زوو به‌رانبه‌ره‌که‌ی چه‌پوکی پیادا داوه و قووتی داوه یان کاریکی وای پی کراوه که جاریکی تر رووناکی نه بینی. به پیچه وانه شه وه ره خنه و داهینانی پیشره و چه نده دژایه تی کرابی، کوتایی یه که‌ی به و ئه نجامه گه یشتووه که داهینه ره که ی مه به ستی بووه به و شیوازه ی خوی باسی کردووه یان به شیوازی تر و به یارمه تی که سانی تر.

من له م باسه دا کاکه به ده س پیشخه ر ئه زانم چونکه بازگر هیچ ده س پیشخه ر یه کی تازه ی نه کردووه و له گشتی دا دانی خیر به کاکه و نوسینه که یدا نانی. ره خنه که ی کاکه رخنه یه کی نیگه تیفه ، به لام روحیکی ده س پیشخه ریانه ی تیایه. هه ر بویه پیم باشه ئه و لایه نه ی که ره خنه ئه باته سه ر هیلی به ره وپیش ئیشاره پی بده م و ئه و تیگه یشتنه هه‌لانه‌ی که مه‌وجوده روشنایی بخه‌مه سه‌ر. ره‌خنه‌ی دروست‌که‌ر و رخنه‌ی رووخینه ر دوو تیگه یشتنی نسبی یه، په یوه ندی به ناوه روک و ئوسلوبی نوسین و ده ربرینی ره خنه گره که وه هه یه وه له گه ل ئاستی روشنبیری و روحی ره خنه قبول کردنه وه هه یه له لایه ن ره خنه لی گیراوه وه. به داخه وه هه م بازگر و هه م کاکه به شیکی زوری ئه و سیفاتانه یان له ده س داوه. بو ئه وه ی بتوانین رابه ر و داهینه ر بین، هه ر ئازایه تی مه رج نیه. ئه وه ره خنه‌یه کی ئازا نیه چه قو له ملی که س نه پاریزی. ئه وه ره خنه ی ئازا و رابه ره که چون به موخ و ئیسقانی موشیکیله که دا ده چیته خواره وه. موشکیله که به وه چاره سه ر ناکری ماری بکه مه ئه ژده هایه ک و یان زوربه ی باسه که م بکه مه ره خنه ی شه خسی و به راوردکاری نابه جی. له دریژه ی باسه که م دا دیمه وه سه ر ئه م خالانه و ئیشاره ی کورتیان پی ده ده م. هیوادارم به م نوسینه به ردیکم خستبیته سه ر به ردی یان به ر دیکم هه ر چون بی داتاشیبی و له جی یه ک دامنابی.

### فه‌رهه‌نگی هه‌لپه‌رکی‌و شیوازه‌کانی

لیره دا به ئه رکی خومی نازانم بیم هه لپه رکی دا به ش بکه م و لق و پویان لی بکه مه وه، نه خیر به لکو ناو هینان و ئیشاره دان به هه ندی بو مه به سته که ی من، به رای خوم کافیه.

هه لپه رکیی کوردی دیارده یه کی میژوویی و کومه لایه تی خه لکی کورده، به دریژایی میژوو که م تا زور گورانکاری به سه ر دا هاتووه. گوارنکاریه کان به پیی سه رده مه جیاجیاکانی کوردستان، هه ندیکیان زور خیرا بوون و هه ندیکیان یان هه ر گورانکاری به سه ر دا نه هاتووه یان زور که م. شار و دی، خوینده وار و نه خوینده وار، ده وله مه ند و هه ژار، داگیرکه ر و سه رکوت... ئه مانه گورانکاریه کانی ئه م دیارده کومه لایه تیه یان به خویان ره نگ کردووه. که سی هه یه ئینکاری ئه وه بکات که ٥٠ سال له مه و به ر له شاره گه وره کانی کوردستان دا هه لپه رکی شیوازیکی تری هه بووه. کاتی باسه کانی مه تریالیزی میژوویی ده خوینینه وه، بی گودانه ئه وه ی که کی نووسیویه تی، دیارده یه کی هاوبه شی تیایه، ئه ویش کاریگه ری سروشته و رولی جوغرافیای سیاسی له سه ر وه رگرتن و دانه وه ی کولتور و ئه ده بیات و کونترول کردنی و هاوکیشه ی سیاسی و ئابوری و فه رهه نگی نیوان چینه کان حاکم بووه.

باس له سه ر ئه وه نی یه که هه لپه رکیی کوردی دیارده یه کی فیئودالی یه یان سه رمایه داری. باس له سه ر ئه وه یه که ئه م جوره هه لپه رکی یه ده سکردی میژووی یه کی دیاری کراوه که من بو خوم نازانم که ی بووه. ئایا هی سه رده می کویلایه تی یه ( که هه ندیک میژوونوس پی یان وایه کورد به سه رده می کو یلایه تی دا تی نه په ریوه)، ئایا له سه رده می کومو نه ی سه ره تایی دا هاتووه... نازانری.

هه لپه رکیی کوردی له کوردستانی ئیران چه ند جوریکی جیاجیای هه یه له کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا و سوریا و... ئه م شیوازانه ی هه لپه رکی، بو خویان پوخت (خالص) و سه ربه خو گه شه یان نه کردووه. هه لپه رکیی کوردی بادینان و تورکیا و سوریا و تورک و ئه لبان و یونانیه کان... هه تا راده یه ک له یه ک ده چن. سلیمانی و سنه و مه هاباد(سی پی یی) توزی له یه ک ده چن و هه ر وه ها. ئه وه ی ئیمه ئیمرو پیی ده لیین هه لپه رکیی کوردی له گره وی ئه وه دا نین هه تا هه تایه به دوایه وه بین. ئیمه بمانه وی و نه مانه وی به شیکین له دنیای ئیمرو. هه ر بویه ده هول و زورنا زیاتر پاشه کشه ی کردووه و جوزه له و ده ف زور زور به که می ده بینری. شایی و هه لپه رکی دیارده یه کی تری پیوه یه، له گه ل موسیقا و گورانی دا یه، بو خوی به پیی هه لپه رکی که ده گوری و گورانکاری به سه ردا هاتووه. ( له باسه که ی کاکه تیکه لی هه یه له م سی شته: هه لپه رکی، موسیقا وه گورانی زور جار و بگره له کاتی به راوردا به کوللی که وتووه ته هه له وه).

فه رهه نگی هه لپه رکی و شیوازه کانی بو خویان چه ند هوکاری به دریژایی میژووی کون و نوی کاری تیکردوون و به ره وپیش، یان خاو وه یان له قور چه قینی بو دروست کردووه. پیش ئه وه ی بچمه سه ر خالیکی تر، ئه مه وی ئه وه بو خوینه ر و بو کاکه و بازگه ریش دلنیا بکه م. هه لپه رکیی کوردی ناتوانی و نابی گه شه بکات بو «تویست» و «دیسکو» و «تانگو». ئه گه ر که سیک له گره وی ئه وه دایه، ئه وه هه له یه.

چه ند بوچوونیکی وا لای کاکه هه یه دوایی دیمه سه ر ئه و خاله. ئه گه ر دیسکو ببیته هه لپه رکی یه کی باو له کوردستان دا، ئه وه مانای ئه وه نیه که دانسی دیسکو بردییه وه و دانسی کوردی دورانی. زوربه ی زوری دانیشتوانی شاره گه وره کانی کوردستان ئیستا زیاتر له و گورانیه کوردی یانه که ئاوازی روژئاواییین یان هه ر گورانی ئه وانن گوی ده گرن تا له حه سه ن زیرک، محه مه دی ماملی و تایه ر توفیق و عه لی مه ردان. ئه مه مانای ئه وه نیه گروپی یه که م بردیه وه و ئه مانه ی دوایی دوراندویانه، بویه گه نج گوی یان بو ناگری. ئه وه کاریگه ر بوون و داهینان و ده س پیشخه ری یه.

هه لپه رکیی کوردی و پیشکه وتن و شیواز گورینی په یوه ندی هه یه به چه ند کارکه ریکه وه. له پیش هه موویانه وه سیسته می حوکمی ده سه لاتداریتی سیاسی.

**١ــ  دیداری سیسته می سیاسی ، کومه لایه تی وه سایکولوژی.**

یه کی له و هوکاره سه ره کی و گرنگانه ی که کار ده کاته سه ر فه رهه نگ و ئه ده ب جا چ هه لپه رکی، موسیقا، یا گورانی بی، ده سه لاتی سیاسی یه. ئا لیره دا کاکه یه ک هه له ی گه وره ی کردووه که به تایبه ت هاتووه ووشه ی ناسیونالیزمی ناوه به ئه سلی مه وزوعه که وه و نه یتوانیووه خالیکی تر باس بکات که ئه ویش شیوازی حوکمی سیاسی یه له کوردستان، بی گوی دان به وه ی چ پارچه یه که ( داگیرکردنی کوردستان و به ش به ش بوون و حاکم بوونی ناسیونالیستیکی تر و کاریگه ری له سه ر ئه ده ب و فه رهه نگی کوردی و پیشکه وتنی ئابووری و سیاسی کوردستان به ئیراده ی ئه و حکومه تانه و له گه لیشیا ئه ده به که ی و هه لپه رکی که ی). ئیتر وه کو له وه و به ر ووتم له هه ندیک شاری گه وره خیرا گورانکاری به سه ردا هاتووه، بو نمونه دیاربه کر، سنه، سلیمانی، هه ولیر و... حکومه ته سه ر ده سته کان هه میشه کام عادات و ته قالید کون بووه، عه شایه ری به خویی و پوخله واتیه وه، کونه په رستی و.... هه ولی داوه په ره ی پی بدات... (بو نمونه روژهه لات ناسیک ئه لی، تورکیا به شی تورکه که ی ١٠٠ سال جیاوازی هه یه له گه ل به شه کورده که ی) ئه و جیاوازی یه که م تا زور بو ئیران و ئیراقیش راسته.... من پیم وایه هه له که ی کاکه لیره دایه که دی یه کسه ر په نجه ی تاوان ده خاته پال ناسیونالیزمی کورد و به راوردی ئه کات له گه ل ناسیونالیزمی ئه ورو پی (کاکه لیره دا له رووی تحلیل ی سیاسی و ماتریالیزی میژوویی یه وه که می هیناوه و هه ر له خودی باسه که ی خوی دا به هه له ئه و باسانه ی «شی کردووه ته وه»)... مه به ستی کاکه له و ووشه ی ناسیونالیزمه که له باسه که ی دا هاتووه، سه د ده ر سه د ناسیونالیزمی کورده نه ک عه ره ب و فارس و تورک. ئه سله ن ئه و هاوکیشه یه به پیچه وانه وه یه که فه رهه نگ و ئه ده بی کوردی هیچ کات سه ربه خو نه چوته وه پیشه وه و هه میشه به چاودیری و کوته ک و کاریگه ری ئه ده ب و فه رهه نگی بورژوازی بالاده ست بووه. ئایا قاسملو و «ح.د.ک»ی ئیران و «پ.ک.ک» ی تورکیا و «ی.ن.ک» و «پ. د. ک» له عیراق ده ستیان خستوته به رده م و قاچیان ناوه ته به ر سه رهه لدانی دیسکوی خومه ینی و تانگوی سه دام و تویستی تشلیه ر و نه جمه دین ئه ربه کان؟(بو دریژه ی ئه م باسه کاکه، خوی به ر پرسیار ئه که م. خوی چاو بخشینی به میژووی کورد له چاو دراوسیکانی دا و میژووی نویی روژهه لاتی ناوه راست). ئه مه وی بلیم که من له وه ناترسم بلیم کوردستان داگیرکراوه و دابه ش کراوه و به هوکاری سه ره کی بزانم بو هه موو دواکه وتن و پاشه کشه و له قور نوقم بوونیک دا.

هاوری یان مشخص قسه مان له سه ر هه لپه رکیی کوردی یه. گرنگه ده ست نیشانی کوسپ و گیروگرفته کان بکریت که له به ر ده م گه شه ی ئه ده ب و به شه کانی تری فه رهه نگی کومه لایه تی دایه. ئینسان که سیاسی بی و له بواری شاقولی و ئاسویی کیشه کان تی بگات، ده توانی سه د په ره له سه ر «ی. ن. ک» و «ح. د.ک» و «پ. ک .ک » و ئیران و ئیراق و... بنووسی، به لام مشخص کوا گیروگرفته که. من هوکاره کان یه که میان، ده سه لاتی سیاسی حاکم، یان بورژوازی نه ته وه ی سه رده ست به گرنگی ده زانم

**٢ ــ له رووی کومه لایه تی و سایکولوژی یه وه.**

به داخه وه ئیمرو شی کردنه وه ی سایکولوژی بو چینه کان و بو تاکه کان له گره وی کیشه سیاسی و ئابوری یه کانی روژهه لاتی ناوه راست و دنیا دا زور به که می دیاره، هه ر بو نمونه له ئه ده بیاتی کومونیستی و ئه ده بی کریکاریش دا زور زور ده گمه نه. من پیم وایه له به ر دوو هویه: یه که میان په ی نه بردن به ئه سلی مه سه له که، دووه میان نه دوزینه وه ی سه ر خه ته کان و نه بوونی شاره زایی له و بواره دا. هه ر بویه که سیکی وه کو کاکه یان بازگر قسه له سه ر دیارده یه کی کومه لایه تی ئه که ن، که کاریگه ری سایکولوژی بونی نایه ت له باسه که دا.

کاتیک دیارده یه کی فکری یان سیاسی، کومه لایه تی ئه بیته وه، که ئه و دیارده یه ببیته واقیعیکی عه مه لی له ناو

کومەڵدا. هەر بویە هەلپەرکی دیاردەیەکی واقعی کومەڵایەتی ناو خەلکە. دیاردە کومە لایە تی یە دژوارە کان کە بوونە تە گیژاوی دە رونی و زە وق و کە یفی خە لک، وازهینانی زور زە حمە تە و کات خایە نە؛ تە بلیغی دە وی؛ ئیمکانیاتی دە وی. بە کورتی و بە کوردی چارە و ئە لتە رناتیوی دە ویت. دژی جگە رە کیشان، مخدرات و نە هیشتنی ئایدز و... بە ملیاردها دولار لە ئە وروپا و دنیای هاوچە رخ لە روژنامە و تە لە ویزیون و سینە ما و تە بلیغاتی جوراوجور بە کار دیت و بە کار هات و لە هە رچی ئامیری جوراوجور و ئە لتە رناتیفی «بە تام» کە لک وە رگیراوە و کە چی بە پیچە وانە وە کوتایی نایە ت و تە نیا بە نسبە تی زور کە م، کە م دە بیتە وە. بو؟ ئایا کافی یە بە دوو قسە بیبرینینە وە و بلیین ئە مانە دیاردە ی نیزامی سە رمایە داری و بوگە نی سە رمایە داری و بی کاری و بی مالی و هە ژارین و...؟ بی گومان نە خیر. ئە م دیاردانە کاریگە ری فیسیولوژی و سایکولوژی یان لە سە ر بە شە رە کان داناوە.

هە لپە رکی یە ک کە سە دە ها سالە کاریگە ری فکری و سایکولوژی و بگرە فیسیولوژی داناوە لە سە ر فە ردی کورد، چون ئە توانری بووتریت واز بینە، فریی دە، کە می کە رە وە. ئایا بە دیلی تیئوری بو دیاردە واقعی یە کان کە وە کو گلوکوز چون لە خوین دایە و میشک پیویستی پییە تی بو ئە وە ی گیژ نە بی و نە مری، ئاوە ها مروفە کان پیویستیان پییە تی، چارە سە رە؟

ئە وە ی کە شوینی خو یە تی بیلیمە وە سە پاندنی سیاسە ت و ئە دە ب و دواکە وتویی و... لە لایە ن بورژوازی بالاوە، خالی یە کە مە. سایکولوژیە ت و... ناسیونالیزمی کورد و مە زهە ب، خالی دووای ئە وە ن (بویان دە گە ریمە وە!)

**_ لایە نە نیگە تیف و پوزە تیفە کانی هە لپە رکیی کوردی (سیلبی و ئیجابی)**

بە رای مـن هە مـوو دیاردە یە کی کومـە لایە تی لایە نی نیگە تیف و پوزە تیفی هە یە و هە لپە رکیی کوردی لە و لایە نانە بی بە ش نیە. لایەنی نیگەتیفی دیاردەیەکیی کومەڵایەتی دەلیلی رەفزی دیاردە کە نیە و لایە نە پوزە تیفە کانیشی دەلیلی تقدیس و شانازی نیە. هەر بویە بە پیی «دینامیکیەت»ی ناو دیاردەکە و زاڵ بوونی لایەنیک بە سەر لایەنەکەی تردا، دیاردەکە یان بەرەو پووکانەوە یان گەشەکردن دەچیت. ئە مە راستیە کی حاشا هە لنە گرە. بنە مای رەخنەی پیشرەو لە سەر لایەنە نیگەتیفەکانە و دەبی پەنجەی زانستی و واقیعی بخریتە سەری. لە هەلپەرکیی کوردیدا دەتوانین چەند دیاردەیەکی سلبی دیاری بکەین کە پەیوەندی بە کارکە ری کومە لایە تی و مە زهە بیە وە هە یە:

_ سە رە رای هە لپە رکیی بە کومـە ل، رولی تاکە کە س تیبیدا کە مـە. بە لام ئە مە شیوازیکە لە و جورە هە لپە رکی یە کە قانوونە کە ی وایە.

_ ئافرە ت هە میشە رولی کە سی دووە می هە یە.

_ ئافرە ت تیایدا لاکە وتە یە، یان نە رم هە لدە پە ری یان لە دە ستی ناسیاو و خزمی خوی دایە.

_ پیاوسالاری دیداری گە شە...

هە روە ها چە ندە ها دیاردە ی تری وردە والە لیرە و لە وی کە بو خوی هە لپە رکیی کوردی پاشە کشە پیکردووە.

## لایەنە پوزەتیفەکان

لایە نە پوزە تیفە کانی، دیاردە کە خودی خویە تی، لە رووی کومە لایە تی و سایکولوژی و کولتوری و... چە ند شتی تر.

لە پیشە کی باسە کە دا وتم کە هە لپە رکیی کوردی (مە بە ست لە هە لپە رکیی بە کومەل و زورنا و دە هول و...) کە م بوتە وە و زیاتر ئیستا بە رە و لادی کان و گە رە کە کانی قە راغ شار کە زوربە ی دانیشتوانی هە لکە ندراوی لادیکانن، لیرە و لە وی دە بینری. ئە مە مانای ئە وە یە کە لایە نە نیگە تیفە کانی ئیتر ناتوانیت ببیتە نوینە ر و بە لکو بە پیچە وانە وە

سەری ئەو دیاردە میژوویە دەخوات و لە ناوی دەبات. رەوتی گەشەی میژوویی کومەلایەتی و فەرهەنگی و بە کاریگە ری فە رهە نگی دنیایی و ناوچە کە، جوریکی تر لە هە لپە رکی سە ر هە لدە دات یان اقتباس دە کری. هە ر بویە ئە و جورە ی کە دین، دریژە و (تە واوکە ری) ی هە لپە رکیی سوننە تی کوردی نیە و رە قیبیشی نە بووە؛ بە لام گوزە ران و جور و شیوازی بیرکردنە وە و زە وق و کە یفی خە لک جوریکی تری دە وی.

هەلپەرکیی سوننەتی کوردی (چەپی، سی پی‌یی، جورەکانی‌تر لەئیران و تورکیا و... هتد) هە موویان شیوازیکن. پیویست ناکات ئیمە بیین خانووبە رە یان لە سە ر دروست بکە ین. ئاهە نگیکی گورانی بیژیکی کورد لە سوید، ئە لمان یان هە ر وولاتیکی تر بە جاری لە سە دا ٩٠ی هولە کە هە لدە پە ری، لە ناو جە رگە ی ئە روپادا؛ کچ و کور و ژن و میرد و مندال تیکە لە و دوورە لە و لایە نە نیگە تیفانە ی من باسم کرد. ئە ی ئە مە چی ناو لی بنیین؟ ئە مە چ پە یوە ندی بە ناسیونالیزم و مە زهە بە وە هە یە؟ ئە مە سایکولوژیە ت و (گونجاندنی) سروشتی بایولوژی و فیسیولوژی ئینسانە کانە کە پیشتر باسم لیوە کرد. ئە مە «دیسکوی کوردی» یە. کە هە لدە پە ریت لە ئە وروپا، ئایدولوژیای «رەش‌بەلەک» وجوودی نیە، قەیدوشەرتی پیاوسالاری وجوودی نیە. هەر دوو کەسە یان ٣ یان ٤ یان ٥ یان ١٠ کە س، بە ئارە زووی خوی هە لدە پە ری. ئە ی ئە مە پوزە تیف نیە چیە. ئە مە هە لپە رکی یە و رە فز کردن و دزیو کردنی لە رووی رە خنە ی داهینە رە وە راست نیە. بو ئەوەی دانسی تاک و جووت، دیسکو و «تانگو»شت هەبی، ئەبی ئامادەییت لە رووی سیاسی و کومە لایە تی و سایکولوژی یە وە هە بیت.

مە زهە ب و کونە پە رستی کومە لایە تی و پاشماوە ی تایە فە گە ری و... کارکە ری سە رە کین بو داسە پاندن و هیشتنە وە ی لایە نە نیگە تیفە کان و بە حوکمی هە لگری جوری (ئیسلام بوونی سونە یی کورد) و جە نجال بوونی خەلکی کوردستان لە گەل شورش و گەشەی تەیاری کومونیزم و ئەدەبی پیشرو... ئەم مەزهەبە کەمتر توانیویەتی هەموو خەلک ئالوودە ی تە بلیغاتی خوی بکات. هە ر بویە جورە کانی هە لپە رکیی نوی، بە پیچە وانە ی هە لپە رکیی سونە تی، روژ لە روژ لە زیادبوون دایە لە کوردستان. بە داخەوە وا دەردەکەوی کە هەلپەرکیی سوننەتی بە هوی زال بوونی بالە نیگەتیفەکانیەوە و حاکم بوونی مەزهەب بەسەری دا، بوتە دیاردەیەکی دواکەوتوو یان کونە فە رهە نگ. بە لام لە راستی دا وا نیە. بزوتنە وە ی (طالیبان) لە ئە فغانستان لە گە ل چوونە ناوە وە یان بو کابول، اعلانی شتیکیان کرد کە سەرەرای سوکایەتی و بی ماف کردنی ئافرەتان، بە سەدەها سال فەرهەنگ و ئەدەب و زانستیشیان بردە دواوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ژیر دەسەلات و بوچوونیکی ئاوەهادا چ مەیلیکی دانس و موسیقا و گورانی پەرە ئە ستینی؟

## مەقامی سلیمانی قاسمیانی لە نیوان رەخنە و داهینان‌دا

هە ر وە کو لە سە رە تای باسە کە دا ووتم، سلیمانی قاسمیانی دە ست پیشخە ر بووە و ئە و بابە تە کە ی هیناوە تە گوری. هە ر بویە باسە کە لە وە وە سە رچاوە دە گری و وە لامە کە ی بازگریش جاریکی تر کاکە ی جوولاندە وە و هە ر بە قسە ی کاکە خوی، چەندەها کەس قسە و قسەلوکیان پی ووتووە یان بو نوسیوەوە. کاکە لە ژمارەی ٣ دا دە نووسی «هە لپە رکیی سوننە تی ریگە ی ئە وە ت پی نادا کە وە ک مە ل بال بگری... خوت وە رسورینی...» (ل٢٠) هە روە ها دە نوسی «... ریزی هەلپەرکی وەکو ماریک پیچ دەخوا، کو دەبیتەوە... هیچ جیگایەک بو کەسایەتی تاکە ئینسان ناهیلیتە وە...» (ل ٢٠). ئە م دوو برگە ی سە رە وە سە رە تای دە س پیکردنی کاکە یە بو باسە کە. بە رای من لە سە رە تاوە دە ست پیکردنی نیگە تیف و سە ر پی یی یە و رە خنە یە کی زور روکە شانە یە. بو؟ ئیمە قسە مان لە سە ر ئە وە نیە هە لپە رکیی کوردی فولکلوری بکە ینە «تویست» و «تانگو»، بە لکو قسە مان لە سە ر داهینانی نوی یە؛ قسە مان لە سە ر (بە دە ست هینانی)

و وەرگرتنی دانسیکی جیهانی یە؛ قسەمان لە سەر ئەوەیە کە چون دانسیکی تر بتوانیت ببیتە دیاردەیەکی کومە لایە تی و سایکولوژی.

ئیمە نابی هە لپە رکیی بە کومە لی سوننە تی فولکلوری کوردی وە کو ریزی یە کە می دیواریک سە یر بکە ین و هە ول بدە ین پیشی بخە ین و ریزی دووە م بکە ینە دیسکو و سی یە م بکە ینە شتیکی تر.

هە ر بویە رە خنە یە کی ئاوا نیگە تیف لە دانسی کوردی و بە ئاوینە ی دیسکوتیکی ئە وروپی، یان ئە مە ریکی یان هە ر شوینیکی تر، رەخنەگرەکە بەرەو شوینیکی تر دەبات. هەروەها ئەمەوی ئەمە بلیم کە کاکە بە تەواوی لە بە راوردکاری دا کە می هیناوە. موتلە ق دانسی دیسکو و تانگو و بە راورد لە گە ل دانسی کوردی، یان رە خنە لە دانسی فولکلوری کوردی لە سە ر بنە مای سیفات و خصوصیاتی ئە و دانسانە هە لە یە.. بو؟

دانسی کوردی، بە کومەل، یاسا و ریتم و زەوقی خوی هەیە، هەر وەکو دانسە بە کومە لە کانی تری دونیا سوید، ئە لمان، فە رە نسا، بە ریتانیا، ئیرلە ندە، نە رویج و... هتد. هە لپە رکیی سی پی یی ئە گە ر یاسا و ریتمە کە ی نە زانی ئیتر ناکریت. ئە گە ر کە سیکی ناشارە زا بچیتە ناوی، ریزە کە تیک ئە دات و یان دە بی بیتە دە رە وە یان دە بی هە ول بدات خوی فیر بکات. ئە مە ئاسایی یە و پیویستی بە وە نیە ئیشارە تی تە عە جوبی «(!)» بو دابنریت «... دە نا پیچی لە ناکاو فریت دەداتە دەرەوە و لە هەلپەرکی بی بەشت دەکا!» (ل۲۱). ئەمە نەک بو دانسی بە کومەل، کە بە هەلە بەراورد کراوە لە گەل دانسی سەربەخو و تاک و جووت، بەلکو بو دانسی دیسکوش ئاوهایە. مانای ریتمی هە یە. ئە گە ر دانس کە رە کە «فوول» نە بی و گوی بە هیچ نە دا... دانسی هیواشی دە ست لە ناوقە د، پیویستی بە موسیقا و ریتمی خوی هەیە. دەبا دوو کەس لەو کاتەدا «تویست» و «تانگو» بکەن. بە راستی ئە گە ر ئە وە ئاسایی یە و مە نتیقی یە، من دە لیم وا نی یە و کە سیش موافق نی یە.

هەلپەرکیی چەپی و نەرمی کوردی، گورانی و موسیقا و ریتمی خوی هە یە. ناتوانی لە و کاتە دا قریوە لی دە یت و سی پیی ی بکە یت. بو ئە بی رە وا بی کە ئیمە بچینە کورسی دانس و خومان فیری دانسە جوراوجورە کان بکە ین؟ ئاخر هە ر بو ئە وە یە لاقت لی تیکە ل نە بی. جا کە سیک بیە ویت جوریک لە هە لپە رکی تاقی بکاتە وە کە یاسا و ریتمی خوی هە یە و بە کومە لە... ئە و تاکە لە چ روانگە یە کە وە دە چیتە ناوی خوی تیا تاقی دە کاتە وە؟

کاکە، سەرەتای رەخنەکەی دەکاتە بناغە بو گشت باسەکەی. هەر بویە ئاگایانە و نائاگایانە چە ند بابە ت تیکە ل دە کات و هە ندیک جار بە هە لە دە یاندات بە یە ک دا. بو نموونە هە لپە رکی، موسیقا و گورانی. خوزگە کاکە بە تە نیا قسە ی لە سە ر هە لپە رکی بکردایە و وردە وردە بهاتایە تە سە ر موسیقا و گورانی، نە ک لە یە ک کات دا هە ر سیکیان بدات بە یە ک دا. هە رچە ند هە لپە رکی بی موسیقا یان بی گورانی نابی بە لام دوانە کە ی دوایی بی هە لپە رکی دە بن و هە ر بویە باسی سە ربە خویان دە وی. «هە لپە رکیش رە نگی ئە و دە ورە میژوویی یە ی پیوە دیارە. لە سە رچوپی گیر بە دە ر، **تاکە مروف لە هە لپە رکیی سوتتە تی کوردی دا تە مە عتای هە یە و تە جیگا...»** ( ل ۲۱) **تە ئکید هی هتە.** کاکە، هە ر لە سە رە تاوە ئە م ئە نجامە ی بە دە ستە وە بووە هە ر بویە شی کردنە وە کانی لە زور شوین دا هە لە یە.

کاکە لەوە حالی نیە کە هەلپەرکیی بە کومەلی فولکلوری کوردی یان هەر نەتەوە یە کی تر خصوصیات و یاسا و پە یرە وی خوی هە یە و تاکە کە سە کان هە موویان پیکە وە کومە لە کە دروست دە کە ن. شیواز و سیفات و خصوصیاتی کومە لە کە لە ئە نجام دا بریتی یە لە شیواز و سیفات و خصوصیاتی تاکە کە سە کان. هە ر بویە بە پیچە وانە ی ئە وە ی کاکە باسی کردووە، هەلپەرکیی بەکومەلی کوردی یان هەر نەتەوەیەکی تر، بە بی مە عنا و بە بی جیگای تاکە کەسەکان، زور بی مەعنا و بی جیگایە. سەیرە کومەلیکی پر مەعنا و بایەخدار دروست بی لە تاکە کە سی بی مەعنا و بی بایەخ!! ئەمە ئەو هەلەیەیە کە کاکە تیی کەوتووە، دانسیکی نویی بەراورد کردووە بە دانسیکی میژوویی فولکلوری.

دوای ئە وە ی کاکە توزی لە ماتریالیزمی میژوویی قسە دە کات بە داخە وە بە هە لە ئە نووسی «هە لپە رکیش ئە م ئال و

گوره که‌وته ناوی و هه‌لپه‌رکیی دووکه‌س و تاکه که‌سی ئازاد، جیگای به هه‌لپه‌رکیی به کومه‌ل لیژ کرد» ل ۲۱_۲۲... ئه‌مه خالیکی زور پوزه‌تیفه و داهینه‌رانه‌یه. پیشکه وتنی سه رمایه داری و پیداویستی یه کانی شتی نویی خولقاند که له گه ل پیداویستی یه کانی ژیانی روژانه ی تاک ی ویسترا و دا بیته وه.

ئه بی ئه وه ش بلیین که جیگا گورکی و جیگا پی ته نگ کردن نی یه. دانسه نوی یه کان جیگا و مه‌قامی خویان هه یه که بواری کومه لایه تی و که یف و زه وقی سایکولوژی جیاوازیان بو خولقاوه و خولقاندوویانه، هه ر بویه دانسی نوی له سه‌ر ئیسک و پروسکی هه‌لپه‌رکیی فولکلوری کوردی یان ئه‌مه‌ریکی و ئینگلیزی درووست نه‌بووه و نابی. ئه‌بی ده ست پیشخه ر و به کومه لایه تی کردنی دانسی نوی بین و ژینگه ی سایکولوژی خوی بو ئاماده بکریت به ته بلیغ دژی سیاسه تی حاکم، مه زهه ب، ته بلیغ بو زه وقیکی تر بو که یفیکی تر، بو جوره جووله و ئازادی یه کی تر له دانس دا، بو به شداری زیاتر و لیبرال تری ئافره ت و... هتد. به لام هاتنه کایه وه ی ئه مه قاتی دووه م له خانووی هه لپه رکیی فولکلوری کوردی نیه، به‌لام داهینان و به کومه‌لایه‌تی کردنی جوریکی‌تره له دانس له پال دانسه کونه که دا، خه لک خوی چ جوره دانسیکی پی خوشه با سه ربه ست بیت. دانسی به کومه لی فولکلوری کوردی چه ند خوی کومه لایه تی کردووه، چه‌ند سایکولوژیه‌تی به خووه گری داوه... چه‌ند کاتی ئه‌وی بو که‌م بوونه‌وه یان نه‌مان یان گورانکاری، ئه‌وه هوکاره‌کانی پیشه‌وه رولیان هه‌یه. کاکه ده‌لی «ئه‌وه‌ی که به‌شداربووان له ره‌قسی دیسکو دا به یه که وه گری ده دا ته نیا موسیقایه... و چون له گه ل ئاهه نگه که یه ک بگری...» ( ل۲۲). ده ی باشه ئه مه بو هه لپه رکیی کوردیش هه ر وایه. وه کو له وه وبه ر ووتم، جیاوازی دانسه کان، جیاوازی گورانی و موسیقاشه، به لام به‌راوردکاری یه که هه له یه. «له‌م هه‌لپه‌رکی‌یه‌دا نه ده‌ستت به‌ستراوه و نه پیت؛ خوتی و ئیحساسی خوت و مه‌لی خه‌یالت، له ناو کومه لیکی به هه‌مان ئه‌ندازه ئازاد دا» ل۲۲... ئه‌مه بوچوونی دیسکویه. من ئه‌م بوچوونه وه‌کو بوقه که ی ناو بیره که ده بینم که لی یان پرسی ئاسمان چه نده؟ ووتی: به هینده ی ده می بیریکه.

کاکه له لاپه‌ره ۲۳ دا هه‌لی کوتاوه‌ته سه‌ر ناسیونالیزم که به راستی من بو خوم زور به «لیکولینه وه » یکی سه یری ئه‌بینم، ناسیونالیزمی کوردی، ناسیونالیزمی تورکی، ناسیونالیزمی سویدی، ئه لمانی... هه ر یه که توانا و هیزیکی دیاری کراویان به کار بردووه بو گه شه یان دوا خستنی دیارده یه کی کومه لایه تی. ئه وه نده ی که ناسیونالیزمی کورد، وابه سته و دار ده ستی ناسیونالیسته کانی تر بووه له ناوچه که و له دونیا دا، ئه وه نده ده سه لات و کاریگه ری نه بووه له سه ر رووداوه کانی روژانه ی ناو کوردستان. له کوردستانی ئیران، ناسیونالیزم و مه زهه بی مه رکه زی کاریگه ری هه بووه، له عیراق و تورکیاش به هه مان جور. ناسیونالیزمی کوردی بو خوی کارکه ریکی سه ره کی نیه، به لام ئه وه ی که به چ راده یه ک کارکه ره، له شوینیکه وه بو شوینیکی تر جیاوازه.

من نامه وی بچمه ناو موناقه شه ی پوخت، به لام پرسیاری ئه که م و چه ند قسه یه ک: ئایا چ حکومه تیکی ئه وروپی ناسیونالیست نیه؟ «ئه م ناسیونالیزمه دژی مودیرنیزم و پیشکه وتوویی یه» ل۲۳... ئه ی ئه و دنیا مودیرن و پیشکه وتووه که کاکه «تقدیس» ی ده کات کی دروستی کردووه؟

با ئیمه ئه وه بزانین سه ده ها هه زار له م دنیایه دا روژانه له به رامبه ر ئینته رنیت و پیشکه وتووترین زانست دا دانیشتوون ته بلیغ بو کونه په رستی و راسیزم، فاشیزم و سه رکوت ده که ن. هه روه ها کاکه ده لی: «ئه م ناسیونالیزمه له کوردستان له مپه ریک بووه... ئاکامه که ی له قور چه قین و دوواکه وتوویی موسیقا و ره قسی کوردی له چاو موسیقای جیهانی یه» ل ۲۳. کاکه ئه بی هه ول بدات ئه و دوو بابه ته، هه لپه رکی و موسیقا، به هه له به کار نه‌هینی. هه لپه رکی و موسیقا دوو گیانن، یه که میان به بی دووه م ناژی و نابی به لام موسیقا سه ربه خویه، به جیا پیش ده که وی و باسی جیای هه یه. به رای من موسیقای کوردی به چه نده ها کیلومه تر له پیش هه لپه رکیی کوردیه وه یه و بی ئاگایی باس کردن له و بابه ته، ره خنه گر ده خاته گیژاوی هه له ی ره خنه وه. کاکه هه میشه ته ئکید له وه ده کات که ره قسی تاکه که سی ئه بی بچیته جیی ره قسی به کومه ل و زنجیره کانی بپسینی. ئه مه ئه سلی هه له یه کی تره.

کاکە لە لاپە رە ۲۴ دا باس لە موسیقا دە کات. موسیقا «جیهانی یە». «ئە گە ر موسیقای کوردی بیهە ویت لە و دیوی چوارچیوە ی تە نگی کوردستان، دلدار و گوی گر پە یدا بکا، مە جبوورە بە رگی تە نگی ناسیونالیزم لە بە ر خوی دادری و بە رە وپیش هە نگاو هە لگری» ل ۲۴... با «دە ف»... «توزە لە»...هە تا دوایی.

## چە ند پرسیار

* ئایا موسیقای کوردی مانای دە ف و جوزە لە و دە هول و زورنایە؟

* ئایا ناسیونالیزمی کوردی یە کە ریگرە لە بە جیهانی بوونی موسیقای کوردی؟ (هە رچەندە من قسە م لە سە ر ئە م باسە نیە چونکە هە لە و تیکە و لیکە ی پی کراوە).

من دلنیام کە کاکە ئە بی ئە وە ی زانیبی بو «ئابا» ی سویدی بوو بە جیهانی و نە ک ئە وانە ی تر. ئە وانە ی لە ئە ورووپا بە زمانی خویان گورانی یان ووتووە و بوون بە جیهانی و دنیا گوی لە گورانی و موسیقا و سە مفونیاکانیان دە گری، ژمارە یان لە پە نجە کانی دە ست تی ناپە ری. بە چ ئە لتە رناتیف و چ پیشنیاریک و دە ست پیشخە ری یە ک هە لپە رکیی تاکە کە سی دیسکو و تانگو بتوانیت ببیتە دیاردە یە کی کومە لایە تی لە کوردستان؟ بە چ ئە لتە رناتیفیک موسیقا و گورانی کوردی جیهانی بیت؟ کوا داهینان و کوا رە خنە ی درووست کە ر؟

## سلیمانی قاسمیانی لە بەرامبەر رەخنە و ئەحمەد بازگردا.

پیشەکی با چاویکی خیرا بە نووسینەکەی بازگردا بخشینین و دوای ئەوە کاردانەوە ی کاکەش هەلسەنگینین. رە خنە کە ی بازگر زور توند و تیژی لە سە ر بنە مای یە کتر ناسین و شە خسی نە ک لە سە ر بنە مای لیکولینە وە یە کی عیلمیانە و ریالیستی، پیوە دیارە. بازگر لە سە رە تای نووسینە کە وە بە پلار و شتی شخصی دە ست پی دە کات. هە ر بویە لە بایە خی گشتی رە خنە کە ی هاتوتە خوارە وە و هە رکە س نووسینە کە بخوینیتە وە راستە وخو کینە و دووبە رە کایە تی شخصی بو دە ردە کە وی. هە ر بویە نە رە خنە کە و نە وە لامە کە ناتوانن جیگای رە خنە ی واقعی و زانستی و دوور لە کینەی شخصی و رووکەش بن. نووسینەکەی بازگر ئەیەویت ئەوە ئیسپات بکات کە کاکە هە لە یە و «یەکیک لە جوانترین رەسمەکانی کوردستانی داوەتە بەر خەنجەر» ل ۲٦_ هانای ۴. من پرسیاریکم هە یە لە بازگر و هە موو ئەوانەی کە دژایەتی نووسراوەکەی کاکە دەکەن بە غەرەزی شخصی بی یان هەلگری تەوەجوهاتی مەزهەبی و ناسیونالیستی... ئە گە ر ئە وان ئیسپاتی ئە وە بکە ن کاکە لە چە ند خال دا هەلە یە یان رە خنە کە ی نیگە تیفە، مانای ئە وە یە کە هە لپە رکیی کوردی قابیلی پاشە کشە نیە؟ ئە وە ی کە بازگری لە جە وهەری رە خنە یە کی واقعی و زانستی دوور خستوتە وە بە راورد کردنی لایە نە نیگە تیفە کانی دانسی نوی یە لە گە ل لایە نە پوزە تیفەکانی هە لپە رکیی سوننە تی کوردی. بە مانایە کی تر بازگر لە بە رامبە ر کاکە دا لایە نە نیگە تیف و هوکارە سە رە کی یەکانی ئە و لایە نە نیگە تیفە ی هەلپەرکیی کوردی وەلاناوە و لایەنە پوزەتیفەکانی کردوتە قەلای خوشی و جوانترین دیمەن، وە لەوبەری تای تە رازووە کە وە لایە نە نیگە تیفە کانی دانسی نوی دە بینی راستە وخو یان ناراستە وخو. کاکە دە لی «بە دل هیوادار بووم کە کەسیک بیت و لە سەر ناوەروکی باسەکەم بە رەد یا بە ئیسپات قسە بکات...» ل ۲۷ هانای ۴. ئەم کیشە کومە لایە تی یانە هاوکیشە ی «بی گیان» بە تە نها نین تا کە سیک بیت و ئیسپاتی بکات. ناکری بووتریت ۱ و ۱ دە بیتە ۲. کە واتە دانسی کوردی بە پیی هە مان هاوکیشە راستە یان هە لە یە یان دوواکە وتوو یان پیشکە وتوخوازە و بو هە موو کیشە کومە لایە تی یە کانی تریش هە روایە. بە لام لە بە رچاوگرتنی تاقی کردنە وە و نموونە کانی دنیا و کە لک وە رگرتن یان داهینان لە لایە نە پوزە تیفە کانی ئە مە بە جیی خوی. کاکە لە رە دی دووە م دا، لە سە ر ئە ساسی قسە کانی

بازگر (نەک لە سەر لیکدانەوەیەکی زانستی) هەول دەدات بیسەلمینی کە بازگر هە لە یە. خوا هە لناگری کاکە ش «رە دیکی نە رم و دیموکراتیانە ی» پی داوە تە وە! کاکە ئە م جارە لە کورتە ی خالە سەرە کی یە کان دا باشی پیکاوە؛ بە تایبە ت خالی یە کە م ( کە بو خوی یە ک پرسیاری تیایە... ئایا جووتیار و دە رە بە گی کورد، ئایا کریکار و بورژوازی کورد «ئە وە ی بە دوای هە لپە رکی وە بوو».. دوو جور هە لپە رکیی جیاوازیان هە بوو؟ ئایا جووتیار و کریکار چە پی یان سی پی یی هە لپە ریون و دە رە بە گ و بورژوازی بە پیچە وانە وە؟) خالی دووە م راستە، بە لام سە رمایە داری لە بە ریتانیا دانسی بە کومە لی نە گوری بە دیسکو و... بە لکو وە کو دیاردە یە کی کومە لایە تی دیاریکراو بە رە و شوینیکی تری برد. زور کەمی کردوتەوە، بەلام هەر ماوە. خالی سی زور راستە. ئەم ئال و گورە لە شوینیکە وە بو شوینیکی تر و لە وولاتیکە وە، لە شاریکە وە و هە تا لە دییە کی گە ورە وە بو دییە کی بچووک... جیاوازە. گورانکاری یە کان پە یوە ندی یان بە پیشکە وتنی خیرای ئابوری و سیاسە تە وە هە یە بە رە و دنیای دانسی دیسکو و تانگو و... مانای پیشکە وتنی فە رهە نگی لە ژیر سایەی پیشکەوتنی سەرمایەداری و بورژوازی مودیرن دا نەک پیشکەوتنی سەرمایەداری لە ژیر سایەی شیخە کانی خە لیج و ئیران و ئە ندونیسیا و... ئە مە ئە بی لە رووی سیاسی و ئابوری یە وە هە رس بکریت؛ **هە ر بویە پیشکە وتنی فە رهە نگی کوردی، بە هە لپە رکی و موسیقا و گورانی و شانو و گالتە وگە پ و سیتە ما و... پە یوە ندی هە یە یان پاشکە وتە ی پیشکە وتنی ئابوری یە، پیشە سازی یە، لە ژیر سایە ی:**

**١_ بورژوازی یە کی مودیرن. دوور لە مە زهە ب، عیلمانی**

**٢ _ یان لە ژیر سایە ی گورانکاری یە کی شورشگیرانە ی رادیکالی پیشکە وتوخوازی کریکاری و یە گە شە ی تویژال و گرووپیک کە راستە وخو یان ناراستە وخو دیتە پالی.**

**ئە م هاوکیشە یە، رە دی عیلمی و داهیتە رانە ی رە ختە یە لە دیاردە کانی سە رخانی کومە ل.**

من بە ش بە حالی خوم ئە و دیاردە یە لە کوردستانی عیراق دە بینم. دانسی تاکە کە سی زیادی کردووە لە چوارچیوە ی جورە کوروکومە لیک داو وە شیوازە کونە کە ی هە لپە رکی، وە کو لە وە وبە ر ووتم، کە متر بوتە وە.

خالی ٦ و ٧... من پیشتر قسە م لە سە ر کرد. وا بزانم کاکە لە ترسی ئە وە ی نە کا پیی بلین ناسیونالیست، ناویری پەنجە بو ناسیونالیستی مەرکەزی راکیشی. هەروەها لایەنی سایکولوژی لای کاکە هە ر بونی نایە ت. من لە سە ر خالە کان کە کاکە جاریکی تر باسی دە کا، لە هە ندی شوین کورت و هە ندی شوین توزی زیاتر قسە م کردووە.

کاکە زور ووشە و زاراوە ی بە کار هیناوە. من بو خوم تی ناگە م بو بی میژوو وە بی پیشە کی لە و هە موو بابە تە دراوە...

بو نموونە:

**یە کە م:** کونسیرفاتیزم Conservatism لە فە رهە نگ و ئە دە ب دا.

**دووە م:** Cultur relativism نسبیە تی فە رهە نگ.

**سییەم:** «رەقسی وورگ». بە داخەوە کاکە کەوتووەتە ژیر فەرهەنگی رەخنەی سلبی لە رە قسی عە رە بی. چوونکە عەرەبەکان ئەمە بە «دانسی روژهەلاتی» ناودەبەن و نووسەرە عەرەبەکان خویان چەندەها کتیبی جوراوجوری رە خنە یان لە سە ر ئە مە هە یە. لیرە دا جیی نیە دە نا ئە م توانی چە ند نموونە لە رە خنە ی نووسە ریکی عە رە بی «سلامە موسی» باس بکە م. بە هە ر حال ئە مە کە م و کووری رە خنە یە. من قسە م لە سە ر ئە و رە قسە عە رە بی یە نیە. بە لام «مجرد» ناوهینانی باش نی یە.

ئەمەوی یەک خال توزیک روون بکەمەوە و._ Cultur relativism بە مانای نیسبی بوونی کولتور یان فە رهە نگ... ئە مە مانای «هە موو کولتورە کانی دنیا وە کوو یە ک بە نرخن و یە کسان ریز بو کلتوری کونە پە رستانە و مودیرن دادەنی... ل ٣٣ هانای٤.» ئەوە نیە. نسبی بوونی فەرهەنگ.. قووتابخانە یە کی گە ورە یە کە سە دە ها کە س تییدا دیت و دە چی؛ لە م سە ری راست بو ئە وسە ری چە پ و سە دە ها و هە زارە ها کتیبی لە سە ر نووسراوە. ئینسان دەتوانی لە هەموو جورە کتیبیک دا ئەمە بخوینیتەوە لە رابەری ئینترناسیونالیزمی کریکاری کون و نوی، هەتا

راسیست و فاشیسته کانی ئه مرو.
فه رهه نگ و ئه ده ب و موسیقا و... سه رخانی ژیرخانیکن. ده کری زور جار له یه کتری داببرین، به لام بو ماوه یه کی زه مه نی کورت یان به هوی چه ند کارکه ره وه سه ده ها سال بکیشی «ئه مه به شیکه له ماتریالیزمی میژوویی که هه له قبول ناکات». هه رچه نده به شی دووه می نووسینه که ی کاکه قسه ی زیاتر هه لده گری به لام «... واته تو ئازادی بی قه ید و شه رتت هه یه که له... _هه تا_ مومکینه بازگر بی!» ل ۳۵ هانا۴. ئا ئه م قسه یه به راستی شوینی!! هه زار ته عه جوبه._دانسی به کومه ل ده ستور و ریتم و قه راردادی خوی هه یه. بو ئاوه ها وه کو ماستاو تیک بدری. من پیشتر ووتم ئه مه موسیقایه، ئه مه ئیقاع و خوشی و کومه لایه تی بوون و سایکولوژیه ته... ئه گه ر من بمه ویت بچم سی پی یی هه لپه رم، ئه بی بزانم. هه رچون تانگو و تویست و... ئه گه ر نه یزانی ناکری. ملیونه ها به شه ر له ئه وروپا ده چنه کورسه وه. کورسی دانسی نوی له ئه وروپا، به هینده ی کورسی کومپیوته ر خه لک بوی ده چی. ئینسان ناکری له به راوردکاری دا ئه وه نده ساده بی و یه ک لایه نه باسه که ببینی. وانی یه. ئه وه تاکه که سه کانن که به پیی قه رارداده که، هارمونی به هه لپه رکی که ده ده ن. ئه مه ش په یوه ندی به لیهاتوویی و شاره زایی یه وه هه یه و له هه موو دنیا دا ئاوهایه.
له و باسانه ی که مه زهه ب و دواکه وتوویی و ناسیونالیزم رولیان هه یه و سلبی ن و هه لپه رکیی سوننه تی کوردی یان به خویان مور کردووه، کاکه جوانی پیکاوه.

## کوتایی:

من نه مده ویست خوم له م باسه هه لقورتینم. به لام دیارده کومه لایه تیه کان کاتی ره خنه یان لی ده گیری ده بی به هه ولی هه موو لایه ک ره خنه که ببریته سه ر موخ و ئیسکی. هه لپه رکیی سوننه تی کوردی دیارده یه کی میژوویی یه، که پوخله واتی دوواکه وتوویی سه ده ها سالی له گه ل خوی دا راکیشاوه که ئیتر ناتوانی ببیته دانسی روژانه ی خه لک، به تایبه ت شار. رولی مه زهه ب و ناسیونالیزمی مه حه للی له سه ر هیشتنه وه ی، رولی مه زهه ب و عه شایه ری، له سه ر قالب دانی ئافره ت له و دانسه دا، یان «دو» بوونی ئافره ت، ناتوانی له گه ل دانسی به رامبه ری ژن و پیاودا بیته وه. هه ربویه هه لپه رکیی سونه تی کوردی هه ر ئیستا له ژیر کاریگه ری فه رهه نگی سه رمایه داری ئه ورویی و ئه مه ریکی و له ژیر کاریگه ری بزوتنه وه ی شورشگیرانه ی ژنان و کریکاران دا چه ند هه نگاوی به رچاو چوته دواوه. گورانکاریه کانی ئیران و گه شه ی بزوتنه وه ی ئیسلامی بو خوی نه ک هه لپه رکیی سوننه تی پیش ده خات، به لکو موریکی «بی ئافره تیشی» لی ده دات. سه یری بزوتنه وه ی طالیبان له ئه فغانستان بکه ن.
ئافره تی کورد پیویسته له بواری هه لپه رکی و ئه ده ب دا، رولی سه ره کی ببینی له گه شه و داهینان دا. ئه مه ش به «إعاز» و «بانگه واز ده رکردن» نیه؛ به هه ول دانه بو گورینی هاوکیشه سیاسی یه کانی ساحه ی کوردستان و وولاتی بالاده ست. فه رهه نگ و ئه ده بی کوردی له ژیر کاریگه ری راسته وخوی حکومه ته مه رکه زیه کان دا پیش ده که وی. بو به راوردکاری، ئافره تی شاری سلیمانی لیبرال تر و به ده ره وه ترن له زوربه ی شاره کانی تری ئیران. بو؟ به گورانکاری رادیکالی شورشگیرانه ی کریکاری و جه ماوه ری، کاریگه ری مه زهه ب و ناسیونالیزم پاشه کشه ده کات و گورانکاریه سایکولوژی و کومه لایه تی یه کانی تر ته نها مه سه له ی کاته. وه کو چون که سیک که له کوردستانه وه دیته ئه وروپا، هه ول ده دات له رووی سایکولوژی یه وه خوی له هه نديک دیارده ی کون رزگار کات.
هه لپه رکیی نوی، دیسکو، تانگو، تویست، لامبادا... پیویسته خویان بینه گوره پانه که وه و خویان ئیسپات بکه ن و ببنه شیوازیکی تر له هه لپه رکی له ناو کومه لی کورده واری دا. جا هه ر که سه کامیانی پی خوشه، پیم وایه **ته مه ن** زور گرنگه، با ئه و جوره هه لپه ری. من ئیدیعای له ناوچوونی هه لپه رکیی کوردی ناکه م، به لام دیارده سلبی و دزیوه کانی به

تایبه ت چه وسانه وه ی ئافره ت تیایدا به ئاشکرا ده لیم و مه حکومیشه.

هیوادارم توانیبیتم به ردیکم خستبیته سه ر به ردیک. هه ربویه من بروام به هه قانیه‌تی ره خنه هه یه. ره خنه له دیارده سلبی و دزیوه کان و هه‌ول‌دان بو داهینان و بردنه‌پیشه‌وه‌ی دیارده کومه لایه تی یه‌کان له سه ر بنه مایه کی عیلمی، قسه ی ناشرین و بی حورمه ت کردن له بایه خی که م ناکاته وه.

***

هەواڵنامەی کتێب

# گرافیک

(هونەرمەندی ئەم ژمارەیە)

* هونەرمەند: عادل فاضل
* لە دایك بووی: سلەیمانی ١٩٦٩
* دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی سیارات.
* لە ماوەی خویندنی سەرەتایی و ناوەندیدا بەشداری چەند پیشانگایەکی کردووە، ١٩٧٧، ١٩٨٢.
* پیشانگایەکی تایبەتی لە ستوکهولم کردوتەوە، ١٩٩٧.

هەواڵنامەی کتێب

***

# "هەنبانە بورینە"
# و فەرهەنگی دژ بە ژن

فایق عبداللهی

نایەکسانی، ژیردەستەیی و چەوسانەوەی ژنان وەک بەشیکی چەوسانەوەی چینایەتی هەموو روژی  لە بوارە جوراوجورەکانی ژیان لە کومەلگای سەرمایەداری‌دا دووبارە دینەوە بەرهەم.  لەو نیزامەدا کە لە بنەرەت‌را بە پیچەوانەیە، وەک کالایەک سەیری ژن دەکری و ژن کەسایەتی راستەقینەی خوی وەک ئینسانیک لەدەست دەدا و لە پەیوەندی لە گەل مال و میرد و کەس و کار، یان بەگشتی لە پەیوەندی لە گەل پیاودا باسی لیدەکری ، نەک وەک مەوجوودیکی خاوەن کەسایەتی سەربەخو. لە شوینی کارەوە بگرە هەتا مەدرەسە و ناو خەلک و خانەوادە، ئەمە وەزعیەتی ژنە. کە کریکار باری مەینەت و هەژاری و چارەرەشی لەسەر شانە، ئەو قورساییە لەسەر شانی ژنان کە نیوەی کومەلن، دووقاتە و ئەگەر لە ولاتانی ئیسلامی‌دا بژین، دیسانەوە ئەم گوشارە چەندین و چەند بەرابەر دەبیتەوە؛ چونکە ئیسلام وەک شەیاتین و سەرچاوەی شەر و فەساد، وەک کەم عەقل، نیوەی پیاو،  دلناسک و زەعیفە سەیری ژن دەکات. لە روانگەی ئیسلامەوە ژن دەبی لە بن تویی رەشی چارشیودا خەریکی زاوزی بی، هەتا ئومەتی موحەممەد زیاد بکا و ولاتی ئیسلامی لە خەتەری بیگانە بپاریزری. لە ولاتی رەشی چارشیودا، بزە تاوانە؛ قسەکردن لەگەل پیاو نارەوایە؛ خو جوان‌کردن دەبی هەر بو میرد بی و بەس، چونکە میرد لە سەودایەکی گلاودا بە حوزور و دەلالی مەلا، بابەتی کەلکوەرگرتن لە لەش و جوانی ئافرەت پولی داوە؛ قەبالەی ژنەکەی بە ناوی خوی کردووە و بە ئاشکرا سنوری قەدەغەی بو کیشاوە تا کەسی دیکە توانای سنوورپەراندنی نەبی. بەشی ژن لەو نیوەدا، تەنیا ناسینی سنوورە قەدەغەکانی تازەیەتی کە نیگا و قاقا و سەربەخوییان لی تەلبەند کردوە.

ئەگەر بیت و ژنیک بە سەری بەرز و پر غرورەوە سنوور و داوەکانی جالجالوکەی داب و نەریت و شەریعەت و مەزهەب تیک بشکینی، ئەوا دەبی لەناو بچی و داری حەدی لی‌دەرکری یان سەنگسار بکری. لەو کومەلگایەدا ئەگەر بیت و ژن بخەنە سەر تەرازوی بەها، هیچ نیشان نادا و ناخوینریتەوە!

ئیمە لیرەدا ناچینەوە سەر شیوەکانی چەوسانەوەی ژنان لە خانەوادە و کومەلگادا، بەلکو مەبەستی ئەم نوسراوەیە ئەوەیە کە نیشان‌بدات چون لە فەرهەنگ و هونەریش‌دا جیگاو شوینی نزمی ژن رەسمیەتی پی‌دەدری.

ئەگەر سەریک بکیشینە ناو کتیبە دەرسییەکان، چیروکەکان و شیعرەکان یان سووکە گوییەک بدەینە رادیو و تەلەویزیون، ئەو راستیەمان بە زەقی بەرچاو دەکەویت. تەنانەت هەر وەک تا ئیستا لە نەتیجەی چەند هەولیکی "هانا" دا نیشان‌دراوە، ئەو گورانیانەی جی‌ی پەسەندی زوربەی خەلکن، پرن لە تەسویری جوراوجور لە ژیردەستەیی و ئیهانەت بە ژن. گەلیک لەو بەناو هونەرمەند و نوسەرانە دەلین کە کاری هونەر و ئەدەبیات، روشەنگەری و بەگژداچوونەوەی دیاردەی ناحەز و غەیری ئینسانی‌یە و دەلین کە هونەر لە کاری بناغەدارشتنی دنیایەکی ئازاد و ئینسانی دایە. بەلام کاتیک چاو بە بەرهەمەکانیان‌دا دەخشینی، دەردەکەوی کە گوییان و قسەکانیان لە یەک نەگەیشتون!

"هەنبانە بورینە" یەکیکە لەو بەرهەمانە کە خوینەر دەتوانی بە چاو پیداخشاندنیکی ئاساییش گەلیک وشەی ناشرینی دژ بە ژنی تیدا بەدی بکات. هەلبەت دەکری دەربارەی کەم‌بوونی وشە و زوربوونی وشەی سەرچاوەگرتوو لە فەرهەنگی کونەپەرستانەی مەزهەبی و خورافیشەوە "هەنبانە بورینە" بدەیە بەر لیکولینەوە. بو نموونە گەلیک وشەی مەزهەبی تیدان کە ناتوانن زمانی حالی بەشەری سەدەی بیست بن و لە لایەکی دیکەوە ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی عیلمی و سیاسی ولاتانی دەرەوە هاتوون و لەناو خەلکیش‌دا بەکارهینانیان زورە، لە "هەنبانە بورینە"دا جیگایان بو نەکراوەتەوە؛ بەلام وشەکانی دژ بە ژن ئەوەندە لەناوی‌دا زەقن کە پیویستیان بە لی‌وردبوونەوەیەکی تایبەت هەیە. چونکو ئەو وشانە جگە لە توندتر کردنەوەی پایەکانی چەوسانەوەی ژنان هیچ دەور و نەخشیکی دیکەیان نیە. کە ئینسانیکی پیش‌کەوتنخواز و بەفەرهەنگی ئەمرو  بەشوین وشەکاندا، لاپەرەکانی "هەنبانە بورینە" هەلبداتەوە، موری ئەو فەرهەنگە غەیری ئینسانیە بە روخساری زوریک لە لاپەرەکانی فەرهەنگەکەدا دەبینیتەوە. ئەو وشانە شیاوی ئەوە نین کە بەسەر زمان و بە زەینی کەسیکی پیشرەو و ئازادیخوازی ئاخرەکانی سەدەی بیست‌دا بین و ناتوانن تەعبیری وەها ئینسانیک لە لایەنە جوراوجورەکانی ژیانی ژنان بن. لە پەیوەندی لەگەل مەیل و هەستی جنسی ژن، ئیشارات و تەعبیراتی وەها بەرچاو دەکەوی کە دەمیکە لە ژیر زەختی بزوتنەوەی یەکسانی‌خوازی ژنان‌دا تەنانەت لە بەرهەمی نووسەر و هونەرمەندە بورژواکانیش‌دا، کە بروایان بە یەکسانی ژن و پیاو نیە، نەماون. هەرچەند ئەم وشانە شیاوی هینانەوە نین، بەلام بو روون بوونەوەی مەووزوعەکە ناچارم کە هیندیکیان بینمەوە. سەرەتا با لە مانای وشەی ژن وردبینەوە

- **ژن:** بنیادەمی میچکە، زە- جوتی پیاو. ل-۳۹۹

هەروەک دەبینین ژن وەکو جووتی پیاو و میچکە مانا کراوەتەوە.ئەگەر لە مانای وشەی پیاو وردبینەوە، باشتر ئەم راستیەمان بو دەردەکەوی کە لەو فەرهەنگەدا ژن کەسایەتی نیە، بەلکو لە پەنا پیاو و لە پەیوەندی لە گەل پیاو مانا بەخویەوە دەگری، چونکە بو خوی زەعیفە و نیوەی پیاوە، مانای تەواویشی نابی بو بنووسری. بروانن لە مانای وشەی پیاو کە چەند سفەتی پیوە نووساون.

**پیاو:** مروی نیر، پیاگ- مەرد و رەند و دلاوا. ل ۱۲۷

ئەگەر ژنیش وەک ئینسانیک سەیری کرابا، لە بەرامبەر

وشەی پیاویشدا دەبوا نوسرابا جووتی ژن، هەرچەند جووتیش خوی وشەیەکی لەبار نیە بو ئینسان. دەکرا نوسرابا هاوسەری ژن. لیرەدا بو نیشاندانی وشە جوراوجورەکان لە یەکیان جیا دەکەینەوە بەو شیوەیە:

## سوکایەتی دەرحەق به ژن

لە کومەلدا جنیو بە شتیکی ناحەز و رەوشتی ئینسانی بی فەرهەنگ دادەندری و تەنانەت کاتی پەروەردەکردنی مندالیش دایک و باوک هەولی زور دەدەن کە ئەو وشە ناحەزانە لە زەینی مندالدا جیگیر نەبیت و لە فەرهەنگی وشەدا، هینانیان هیچ یارمەتییەیەک بە کەس ناکات. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە ئەم وشانە کوردین و دەبی لەبیر نەچنەوە، دەبی لەولاشەوە بی‌سەلمینن و قەبولی بکەین کە ئەوانە لە فەرهەنگیکی دارزیوەوە سەرچاوەیان گرتوە و ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە بەرەی داهاتو ئەو وشانە نازانی و دەبی لە شوینیک ماناکەیانی گیرکەوی، ئەوا باشتر وایە کە بەرەی داهاتو لەو وشانە مەحرووم بیت و فیریان نەبیت. سەیر ئەوەیە کە وشەی لەو چەشنە لە پەیوەندی لەگەل پیاودا زور کەم بەکارهاتون. بلیی ژنان خویان زمانخوار و زار بە دژوین بن یان بە هوی پلەی نزم و ژیر دەستەییان لەو فەرهەنگەدا، بەو نیوانە بانگ دەکرین. بروانن:

قوزکرمی- قوزمیت- فلقن (می‌یینەیەک کە دەنگ لە خەمشەیەوە بیت)، جلقی- پفکی (یان گوشاد)

ئایا ژنان بەو وشانە یەکتر دەدوینن یان ئەوانە شیوەی تی‌روانینی کومەلی پیاوسالارن بەرامبەر بە ژن؟

## پەیوەندی جنسی ژن و "هەنبانە بورینە"

لە کومەلگای کوردستاندا ژن هیچ دەور و نەخشیکی لە هەلبژاردنی هاوسەری ژیانی خوی نیە. بەر لە شووکردنیش ناتوانی بەرەسمی و ئاشکرا، پەیوەندی خوشەویستی لە گەل پیاو هەبی؛ چونکە شەرەف و ناموس دەکەونە سەرەولیژی هەلدیرەوە. پەیوەندی جنسی گوشتی "بەرازە" و تا ئیستا زور ژنی بی‌تاوان بەهوی ئەو پەیوەندییەوە گیانیان لە دەست داوە؛ زور بنەمالە تیداچوون و گەلیک دوژمنایەتی خولقاوە، یان زور ژن وەحشیانە بەردی جەهالەتیان پیدادراوە و "داری حەد"ی وەحشیگەری بی سنووریان لی‌دەرکراوە. ئەو فەرهەنگە هیچ کاتیک لە بەر ناموس‌پەرستی و پیاوەتی و حەیا، دەرکی ئەو مەیلە سروشتیەی ژنانی نەکردووە و دایم بەزور و سەرکوت وەلامی پی‌داوەتەوە. بەلام سەرەرای ئەوەش ژنی بەشودراو بە میردی نابەدل، داری حەد و سەنگسار و مەرگ لە خویەوە دەگری و پەیوەندی خوشەویستی و جنسی خوی لەگەل خوشەویستەکەی رادەگری. کچی لاو بەهوی نەداری و بی دەرەتانی و نەبوونی ئیمکانی کارکردن، تووشی لەشفروشی دەبی؛ دایکی چەند مندالی برسی بە فروشتنی لەشی خوی مندالەکانی تیر دەکات؛ کچی لاو یان ژن بو بەراوەرد کردنی مەیل و خواستی جنسی خوی پەیوەندی جنسی دادەمەزرینی، بەلام کاتیک ئەم پەیوەندییە ئاشکرا بی، یەکەم شانسیان کوژرانە.ئەگەر بیت و بە هەر موعجیزەیەکیش لەوە رزگاریان بیت، لە ئیدارەی سەبتی کونەپەرەستیدا هەزار و یەک سجیلیان بو دەردەچی کە لە هەر کامەیاندا نیویکی تایبەتییان هەیە.

"هەنبانە بورینە" هەمووی ئەو وشانەی حازر و ئامادە بو کوکردوینەوە و نەی هیشتوە ئارشیوی کونەپەرستی بەتال بیت. لە روانگای "هەنبانە بورینە"وە ژنیک کە پەیوەندی جنسی جگە لە میردەکەی لە گەل کەسی دیکە هەبی، بەم ناوانە بانگ دەکری:

گاندەر، جندە، کونی، قەحبە، بدەر، دەهەندە، حیز، حەکەدار، تینوی‌گان، حەشەری، سوزانی، ئالوش، بەستوک و ژنی سووک!

## پەردەی شەرافەت!

بەشیکی دیکە لە وشەکان لە پەیوەندی لە گەل پەردەی بکارەت (کچینی)، سەنەدی ناموقەدەسی کچبوون دان. لەو فەرهەنگەدا ئابروو و کەسایەتی بنەمالە بە پەردەی بکارەتی کچەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر بەهەر هویەک ئەو پەردەیە لاچی، ئابروو و کەسایەتی بنەمالەش چووە و بە لایانەوە لە روخانی دیواری برلین گرینگترە! کچان لە مندالیەوە فیردەکرین کە ئاگاداری ئەو پەردەیە بن چونکو ئەوە ئەمانەتیکە کە دەبی بە دەستی زاوا بکریتەوە و لابېری. بەم جورە بە هوی ترس لە لاچوونی ئەم پەردەیە زوربەی کچان و کوران لە بەجی‌گەیاندنی نیازە جنسیەکانیاندا تووشی کوسپ دەبن. زورن ئەو کچانەی کە بە هوی لەدەستدانی ئەم پەردەوە گیانیان لەدەستداوە یان لە ئیزدواج مەحرووم بوون تا رازی تالی سەرشوری بنەمالە ئاشکرا نەبیت. لەو بارەیەوە "هەنبانە بورینە" ئەو وشانەمان نیشاندەدات:

کون کردن، قول کردن، کردنی کچ بە ژن یان بن پژاندن، کچینی لەدەستدان، بن‌پژان.

بەوشیوەیە هەر وەک بە روخساری ئەم وشانەوە دیارە، پەردەی بکارەت دەکریتە جەوازیک بو تیپەربوون لە سنووری ئیزدواج. ئەوانەی کە دوای ئیزدواج رازەکەیان ئاشکرابی، بەو پەری بی شەرمی‌یەوە لە لایەن بنەمالەی زاواوە بو لای کەس و کاریان بەری دەکرینەوە. تازە کەس‌وکاریش زوربەیان، ئەگەر نەیان کوژن، هەتاهەتایە دەیاندەنە بەر گری رقوقین و نەفرەتی خویان و لە نیو کومەلگاشدا، هیچ نرخ و ئیعتباریکیان بو ناهیلنەوە.

بنەمالەکان بو ئەوەی دلنیابن کە پەردەی کچینی لە سەر جیگای خویەتی، لە هیندیک لە ولاتانی ئیسلامی ئافریقادا، ئەندامی جنسی ژن دەدرون تا کەس ئەم سنوورە موقەدەسە نەپەرینی! کاتی ئیزدواجیش بو دلنیایی لە وجوودی ئەم پەردەیە لە مەراسمیکی زور ناحەزدا بە وتەی "هەنبانە بورینە" ژنیک وەک بەربوک یان کارشناسی پەردەی بکارەت، دەخەنە دووی بوک تا ئیمکانی پیکەوە خەوتنیان بو ئامادە بکات چونکو لە بەر بی تەجروبەیی، زوربەی لاوان نازانن لەوبارەوە بەباشی بجوولینەوە. گرینگی دەوری بەربووک لە بەشی دوهەم دایە واتە کاتیک کە لە

شەوی زوفافدا کور بە خوینی کچ، سەنەدی شەرافەت ئیمزادەکا، بەربووک وەکو رازداری بنەماڵە، رەمزی سەربەرزی و روسووری‌یان بو دەباتەوە!

## ژنی زمان‌شر و بی‌حەیا!

وشەی دژ بە ژن داوینیان بەرینە لە "هەنبانە بورینە"دا. بو وینە زورن ئەو وشانەی کە ژن بە بی‌شەرم و حەیا و زمان‌دریژ ناودەبەن. ئاشکرایە کە ژن لە زوربەی بوارەکانی ژیاندا هیچ دەور و نەخشیکی نیە و هەموو شتیکی بە سەردا دەسەپینری و چەندەها پیوانەیان بو داناوە کە ژنی رەسەن دەبی بی گلەیی کاری ناومال بکا؛ منداڵ بەخیو بکات؛ بەدەم پیاوانەوە پینەکەنی و لە گەلیان رانەوەستی؛ لە مال نەچیتەدەر؛ نەجیب بیت؛ لە کاری پیاواندا هەڵنەداتی و تەنیا بیدەنگ و بی‌هەست، مل کەچی بریارەکانی پیاو بی. هەرکاتیک ژن خوی وەک هاوسەر و هاوژینی پیاو حیساب بکا و بیەوی بەشیکی هەبی لە بریارداندا، بەو وشانە بیدەنگ دەکری کە گشتیان مانای بی‌شەرم و حەیا و زمان‌شر دەدەن:

«قەرەچیە کولە (ژنی بی‌حەیا)، دەراشو (بی‌حەیا و زمان دریژ)، سوزانی، دیلەدر، تلوخ، چەتیوە (ژنی نانەجیب)».

ئایا ئینسانی خاوەن فەرهەنگ و پیشرەو دەتوانی بەو شیوەیە تەعبیر لە را دەربرین و قسە و بریاری ژن بکا، نەک وەک هاوسەر و دایک و خوشک، بەلکو تەنیا وەک ئینسانیک؟!

## جوانی ژن و وشەکان:

جوانی ژن دیاردەیەکە، کە لە جیات ئەوەی بە تابلوی نەقاشی و بەیانی ئەدەبی و شاعیرانە و ئینسانی دەربردری، بە وشەی ناجوان وناپەسەند باسی لی‌دەکری. لەو فەرهەنگەدا ژن بە سفەتی جوراوجوری وەکو:

قوون‌خر (وشەیەکە ئەلوات بو تاریفی هیندی کیژی ئیژن)، سمت و ساتان(دیمەنی سمتی ژنی جوان)، مەمک قیت و بەل، بەلەک تور، ماینی کویت ...

ناودەبردری و ئەندامی جنسی ژن نیوی خەپلە و خەپشە و ... بە خویەوە دەگری. لە پەیوەندی لەگەل جوانیشدا ژن بو خوی بە تەنیا مەوزووع نیە و جوانی ژن بە ئاسک و ماسی لوس گەردنی قاز و ... دەچویندری وەک ئینسانیک جوانیەکانی خوی باس ناکری و لە پەیوەندی لە گەل حەیوانات و سروشتدا جوانیەکەی مانا دەبەخشی.

## ژن و زیناح:

لەو فەرهەنگ و داب‌ونەریتە دا وەک چون لە سەرەتاوە ریگای پەیوەندی جنسی لە ژن دەبەستری و خوشەویستی لی دەکریتە تاوان و هیچ نەخشیکی نیە لە ئیزدواجدا و وەک چون زنجیری قورسی مارەبرانەی لە پی دەکری، بەو شیوەیەش دوای ئیزدواج مەمنوعییەتی دیکەی بو دادەندری. بو وینە پیاو هەر کاتیک کە بخوازی، تەنانەت کاتیک کە ژنەکەش مەیلی لی نەبی، بە پیی قەراردادی مارە دەتوانی لە گەلی بخەوی و یان باشتر بلیم دەتوانی بە ئاشکرا تەجاوزی پی‌بکا و بیداتە بەر ئەزیەت و ئازاری جنسی و ئەگەر ژنەکەی بەرگری کرد هەر بە پیی یەکیک لە مادەکانی مارە دەتوانی لیی‌دا و کوتەک کاری بکا و پاشانیش دەتوانی وەک تەمبی‌یانە بایکوتی بکا یان بە وتەی "هەنبانە بورینە" تەخسیری (ژنیک کە میرد سەر جیی لە گەل ناکات) بکات. هەرکات ژن بیەوی داو و بەندی ئەم کویلەتیە لە گەردنی خوی دارنی و لە گەل خوشەویستی خوی پەیوەندی جنسی هەبی ئەوا ئەوکات بە زمانی ئەو فەرهەنگە دەبیتە حیز، بەستوک، بدەر، گاندەر؛ خوشەویستەکەشی سفەتی خەنیم (دوستی فاسقی ژن) بە خووە دەگری و ئەم پەیوەندییە سروشتی و ئینسانیە نیوی زیناح (گانی نارەوا) بە خووە دەگری و دیسان وەکو باقی مەوارد ئەگەر نەکوژرین، دەکەونە بەر نەفرەتی هەموان و ژنەکە بە بیوەژن یان بە وتەی "هەنبانە بورینە" بە کونبەتال یان کومبەتال (بیوەژن) دەناسری.

ئیستا سەرەرای هەمووی ئەوانە سەیر نیە کە وشەی زەعیفەمان بەر چاو بکەویت کە بەپیی لیکدانەوەی فەرهەنگەکە بریتی‌یە لە ژن. لە بەرامبەر وشەی ئافرەتیشدا، زەعیف دیسان نوسراوەتەوە کە لە راستندا مەبەستیان نیوە پیاوبونی ژن و کەم عەقل بون و خورانەگر بون و زمانشری و ئیحساساتی بون و ئەسیری و گیژ داکەوتویی منداڵ بەخیو کردن و کاری ناو مال و رەزامەندی و بیدەنگی ژنە. لە راستی‌دا وشەی زەعیفە یانی تەسلیم بوون و سەردانەواندن بو هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەک کە هەر وەک لە سەرەتاوە ئیشارەی پیکرا، روژانە لە بواری جوراوجوردا دووبارە دەبیتەوە.

لەوانەیە زورکەس هەبن کە بلین فەرهەنگیکی چر و پر و کامل دەبی هەمو وشەیەکی تیدابی و ئەو وشانەش چونکە کوردین دەتوانن بەبی هیچ سنووریک بینە ناو فەرهەنگەکە. بەلام دەبی بپرسین ئەی بوچی گەلیک وشەی عیلمی و سەنعەتی و سیاسی هەن کە لە زمانەکانی دیکەشدا هاوبەشن و روژانە دەیان جاریش بەکاریان دینن بەلام لە "هەنبانە بورینە"دا هیچ جیگایان نیە. مەگەر هەر وشەیەک کە لە نیو خەلکدا بەکار بردرا و یەکتریان پی حالی کرد نابیتە بەشیک لە زمانەکە و نابی لە فەرهەنگی وشەدا بی؟! بەلام وادیارە لای ئەوان زمان هەویەتیکی گرینگە بو نەتەوەی کورد هەویەتیکی درویینە کە پرە لە وشەی فەرهەنگی دارزیوی دەورانی جەهالەتی ئینسان و پیاوسالاری و کومەلگای مەزهەبی. پاکانە کردن و بیانو هینانەوەی لەم جورە، هیچ مانایەکی نیە جگە لە پاراستنی داب و نەریت و فەرهەنگ و وشەی غەیری ئینسانی و تاریخ‌بەسەرچو. مەگەر ئینسانی خاوەن فەرهەنگ ناتوانی بە وشەی دیکە و بە زمانیکی جیاواز باس لە ژن و هەست و خواست و مەیلی جنسی و پەیوەندی جنسی ژن و ... بکا؟! سەرچاوەی ئەم وشانە، نیزامی سوننەتی پیاوسالارە کە تیایدا ژن لە ژیر دەرەجەی سیفری هەلسگاندنی بەهای کومەلگادا

رادەوەستی. یەکبە یەکی ئەم وشانە باس لە جیگا و شوینی نالەباری ژن دەکەن لەو نیزامەدا. ئەمرو لە سایەی بزوتنەوەی ئیعترازی و یەکسانی‌خوازی ژنان، لە گەلیک ولات ژنان توانیویانە بەشیک لە مافە سەرەتاییەکانی خویان داسەپینن و توانیویانە ئالقەی زنجیرەکانی کویلەتییان بریک شل کەنەوە. لە کومەلگای کوردستانیشدا گەلیک ژنی نارازی و یاخی لە ستەم و ژیر دەستەیی گیانیان لەدەست داوە، هەر ئیستاکە، لە زیندانەکانی رژیمدا ئەو ژنانە دەدرینە بەر ئەشکەنجە و ئازار و تەجاوز، یان لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی حیزبە ناسیونالیستە کوردییەکان لە بەر پەراندنی سنووری ناموس‌پەرستی ترور دەکرین و دەکەونە بەر ئیهانەت. ئەمرو بزوتنەوەی یەکسانی‌خوازی ژنان، بەشیکی جیانەکراوەیە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کریکاری و هیچ کام لەوانە بەجیا ناتوانن بەرەو پیش بچن. کاتیک کە بو فەوتانی ژیردەستەیی ژنان نیزامی سەرمایەداری و بابەمەزنی و باقی دیاردەکانی سەرچاوەگرتو لەم نیزامەوە دەبی لە ناو بچن، لە باری هونەری و فەرهەنگیشدا دەبی ئال و گوری جدی پیک بی و ئەو وشانەی کە هەرکامیان مورکی جەهالەت و پیاوەمەزنی و خورافاتی مەزهەبی و ناموس‌پەرستیان پیوەیە و هەر کامەیان خوینی بە نارەوا رژاوی سەدان و هەزاران ژنی نارازیان پیوەیە، نەک لە بەرهەمی هونەری و ئەدەبی، بەلکو لە قسەکردنی روژانەش دەرهاویژرین. ئەگەر ئەمرو لە فەرهەنگیکی وەک "هەنبانە بورینە"دا ئەو وشانە پەنایان گرتوە، پەیوەندی بە زەعفی بزوتنەوەی چینایەتی و بەرتەسک بوونی بزوتنەوەی نارەزایەتی ژنانەوە هەیە کە نەیتوانیوە تەئسیریکی کاریگەر دانیتە سەر لایەنە جوراوجورەکانی ژیانی کومەل و یەک لەوانەش دیاردە هونەری و فەهەنگیەکانی کومەلگا.

بەلام جگە لەم روانگەیە، روانگەیەکی دیکەش هەیە؛ روانگەی ئینسانی پیشکەوتنخواز و ئینسانی‌خواز کە بە پیی ئەم روانگەیە ژنیک لە گەل پیاویکی دیکە غەیری میردەکەی بی، سفەتی (گاندەر، کونی، گانەکی، قەحبە، حیز، بدەر، ئالوش و .. .) بە خویەوە ناگری و بەجی‌گەیاندنی_مەیلی جنسی ژن و حەز و خوزگەی خوشەویستیەکەی ناوی لی‌نانادری زیناح و دلدارەکەشی نابیتە خەنیم و قەحبەچی. لەو فەرهەنگەدا پەردەی بکارەت نابیتە رەمزی شەرافەت، بەلکو دەبیتە نیشانەی جەهالەت و بە شەرمەزاری دەژمیردری. لەو روانگەوە ئەوە تەنیا ژنە کە پەیوەندی جنسی خوی بە پیی مەیل و خواستی خوی دادەریژی، بی ئەوەی کەس بتوانی دەستی تیوەردا و دەخالەتی تیدا بکات.

لە فەرهەنگی ئینسانی‌دا بو دامەزراندن و دەستپیکردنی ژیانی خوشەویستی یان ژن و میردایەتی پیویست بە هیچ دەلال و مەلاو بەربووکیک ناکات. ئەوە تەنیا خویانن کە لە هەموو باریکەوە بریار دەدەن. لەو روانگەیەوە ژن، زمان‌شر و بی‌حەیا نیە و کاتیکیش لە میردەکەی جیا ببیتەوە، سفەتی کونبەتال و بیوەژن بەخویەوە ناگری، بەلکو وەک ئینسانیک لە هەموو بوارەکانی حقوقی، کومەلایەتی و سیاسی کومەلگادا بە چاوی یەکسان سەیری دەکری و ئامووزشی جنسی لە مەدرەسە و دامەزراندنی پەیوەندی جنسی و خوشەویستی و مافی مندال لەباربردن و حەقی کار و وەرزش و تەفریح و هەلبژاردنی هاوسەر و مافی جیا بوونەوە مافی بی ئەملاو ئەولای ژنن. ئەم وشە تاوانبارانە دەبی لە فەرهەنگی وشەوە برژینە ناو زەلکاوەوە. ئەوەش تەنیا بزوتنەوەی رادیکال و یەکسانی‌خوازی ژنان دیاری دەکات کە ئەم فەرهەنگ و وشە ناحەزانە چەندی دیکە دەژین! چونکو لە هەمووی ئەو وشانەدا سیمای تەجاوزپیکراوی ژن دەردەکەوی و بە ئاشکرایی خودەنوینی!

# هاوسەری یەهوودی

نووسینی: برتولت برشت
وه رگیر: ته ها قادری

سه ره تای شه وه، ژنیک خه ریکی ئاماده کردنی جانتای سه فه ره، ئه و شتانه ی که ده یه وی له گه ل خوی ببا جیا ده کاته وه، ناوبه ناویش ئه و شتانه ی که خستوویه تیه ناو جانتاکه وه دووباره ده ری‌دینیته وه و له سه ر جیگای خوی دایان ده نیته وه تا بتوانی شتیکی تر له جانتاکه دا جیگا بکاته وه. ماوه یه کی دریژ له بەرامبەر وینەی شووەکەی کە لە سەر میزی ئارایشتەکەی دانراوە رادەوەستی و تیی دەروانی. سه ره نجام واز له هه لگرتنی دینی. چه ند له حزه یه ک له سه ر جانتاکه ی داده‌نیشی و سه ر ده خاته سه ر ده ستی. دوایی هه لده ستی و به ره و لای ته له فونه که ده چی.

هاوسه ر: من «جودیت گیت» م. ئیوه ن دکتور؟ ئیواره تان باش. هه ر ویستم ته له فون بکه م و بلیم ده بی بو یاری «بریچ» کەسیکی تازە بو خوت بدوزیتەوە.... من خەریکم دەچم بو سەفەر...نا، نا زور ناخایەنی؛ چەند هەفتەیەک... ئەچم بو «ئەمستردام»... هەروایە، بیستوومە بەهاری ئەمستردام مه حشه ره... هه ندی هاوریم له وی هه یه... دوو هه فته ده بی که یاریمان نه کردووه... «فریتز» یش تووشی هه لامه ت بووبوو. به و سه رمایه ش یاری «بریچ» ئیمکانی نیه.
منیش هەر ئەوەم ووت... ئای، نا، دوکتور چون دەمتوانی؟... «تکلا» مەجبوور بوو بە دایکی رابگات... ده زانم؛ چون ده کری وه ها بیر بکه مه وه؟ نا، راستیه که ت بوی ئه وه به هیچ جوریک له ناکاو نه بوو. حه قیقه ته که ی ئه وه یه که هه میشه ده م خسته دواوه، به لام ئیستا ده بی... دروسته، مه جبوورین قەراری سینەماکەش هەلوەشینینەوە. لە لایەن منەوە سلاوی «تکلا» بگەیەنە. ئەگەر توانیتان یه ک شه ممان ته له فونیک بو «فریتز» بکه ن! که وابی به هیوای دیدار... باشه، هه لبه ت به سه ر چاو... خواحافیز.
ته له فونه که ده بریته وه و ژماره یه کی تر راده کیشی.
ـ من «جودیت گیت»م. دەکری لە گەل خانمی «شوئک» قسە بکەم؟... توی «لوت»؟... ئەمەویت خواحافیزیت لی بکەم. ماوەیەک ئەچم بو سەفەر... نا حالم زور باشە، بە دل حه ز ده که م هه ندی روخساری تازە ببینم... ئەی‌چی، شتی کە ئەمەویت بیلیم ئەوەیە کە «فریتز» بو پینج شەممەی داهاتوو «پروفیسوری دەعوەت کردووە بو ئیرە، بیرم کردەوە لەوانەیە تو بتوانی بییت... وایە، پینج شه ممه... نا، ته نیا ویستم بلیم ئه مشه و له سه ر سه فه رم، ئه وه په یوه ندی به پینج شه ممه وه نیه.

بیرم کردەوە لەوانەیە توش بتوانی بییت... زور باشە، با ئاوا بلیم: ئیستا کە من لیرە نیم مە جبوورین؟... هە لبە تە ئە زانم کە تو کە سیکی وە ها نیت و ئە گە ر بووباش نە دە کرا ئیرادیکت لی بگیرایە .سە ردە میکی سە ختە؛ هە مووکە س مە جبوورە ئیحتیات بکا. کە وابی دی ی؟ ئە گە ر «ماکس» بتوانی؟ ئای دە توانی. پیی بلی کە پروفسور دی... ئیتر دە بی خواحافیزیت لی بکە م. خواحافیز.
تە لە فونە کە دە بریتە وە و دووبارە ژمارە یە کی تر رادە کیشی.
ـ توی «گرترود»؟ من «جودیت» م. ببورە کە کاتت دە گرم... سوپاست دە کە م. دە کری داوات لی بکە م کە ئە گە ر بتوانی چاودیری «فریتز» بکە ی؟ چە ند مانگیک ئە چم بو سە فە ر. من توم لە جیی خوشکی خوم داناوە... بوچی ناتەوی؟... بەلام بە هیچ جوری ئیحتمالی شتی وا نیە. هەرنەبی لە لایەن «فریتز»ەوە نا... بروانە: من و تو بە یەکەوە باش رانەهاتین، بەلام... کەوابی ئەگەر بتەوی خوی تەلەفونت بو ئەکا... ئا، ئا من پیی ئەلیم.... دەتوانم بلیم هەموو شتیک ریک وپیکە؛ ئەگەرچی ئاپارتمانە کە زور گە ورە یە... شوینی خویندنە وە ی؟ ئا، «ئایدا» بە و کارە شارە زایە، ئەوە دانی بو ئە و... بە بروای من ئە و زور بە هوشە، «فریتز» یش خووی پیوە گرتووە... مە سە لە یە کی تر، هە لبە تە نامەوی هیچ ناخوشی یە ک بیتە پیش، بە لام راستی یە کە ی ئە وە یە کە «فریتز» نایە وی لە سە ر نان خواردنی ئیوارە قسە بکات، لە بیرت دە مینی؟ من هە میشە هە ولم داوە کە لە و کاتانە دا قسە نە کە م... نامەوی ئیستا سە بارە ت بە ومە سە لە یە بدویم. دە زانی؟ هیندە ی نە ماوە شە مە ندە فە رە کە بروات و من هیشتا جانتاکە م ئامادە نە کردووە.
جلە کانی بو ریک و پیک بکە و بیری بینە وە کە بروا تە لای «خە یات» ە کە ی... چاکە تیکی بە دروون داوە... ئاگات لی بی ژووری خە وە کە ی گە رم بی، ئاخر هە میشە کاتی دە خە وی یە کی لە پە نجە رەکان بە کراوە یی بە جی دە هیلی، هە واش زور ساردە... بە بروای من نابی ئە و خوو بە و کارە وە بگری... باشە ئیتر دە بی بروم... زور مە منوونم «گرترود»، نامە بو یە کتر دە نوسین. خواحافیز.
تە لە فونە کە دە بریتە وە و ژمارە یە کی تر رادە کیشی.
ـ «ئانا» من «جودیت» م بروانە هە رئیستا ئە روم بو سە فە ر... نا، مە جبوورم. هەل و مە رج روژ بە روژ سەخت‌تر دەبی... زور سەخت، ئەی چی... نا، «فریتز» رازی نیە. هەر خەبەری نیە. کت و پر جانتاکە م ئامادە کرد، هە ر ئە مە و بە س. پیم وا نیە ئاوا بی... باوە ر ناکە م زور نارازی بیت. تە نیا بو ئە و زور سە ختە... نا، هیچ کات سە بارە ت بە م مە سە لە یە نە دواوین... تە نانە ت هیچ کات قسە مان لی نەکردووە. هیچ کات... نا، ئەخلاقی نەگوراوە، بە پیچەوانەوە دەمەویت داوات لی بکەم کە هە والە کانی کە میک پی رابگە یە نی... ئە ری، بە تایبە ت یە ک شە ممان. پیی بلی لیرە بگویزیتە وە، ئە م ئاپارتمانە بو ئەو زور گەورەیە... پیم خوش بوو بمتوانیایە خواحافیزیت لی بکەم، بەلام تو خوت دەزانی... «رابەر» (١)؟... کەوابی خواحافیز... نا، مەیە بو ئیستگا. خواحافیز، نامە ت بو دە نیرم... دلنیابە.

تەلەفونەکە دادەنیتەوە و خەریکی جگەرە کیشانە. دوایی دەفتەرە بچکولەکەی کە ژمارە تەلەفونەکانی تیدایە دەسووتینی. لە ناو ژوورە کە دا چەند جار هات و چو دەکا و دەست دەکات بە قسە کردن لەگەڵ خوی. ئەو قسانەی کە دەیەویت بە هاوسەرەکەی بلیت چەند جار دووپات دەکاتەوە. وای دادەنی کە «فریتز» لە سەر یەکیک لە چرپایەکان دانیشتووە.

«... ئەری فریتز، ئەوا من لیرە دەروم. لەوانەیە زوریش لە زیادی لیرە مابمەوە. دەبی بم بووری، بەلام...»

بە بیرکردنەوەوە رادەوەستی و قسەکانی دەتپی دەکاتەوە.

«... فریتز، تو لەوە زیاتر نابی من لیرە رابگری. ناتوانی. وەک روژ روونە کە من دەبمە هوی ریسواییت. دەزانم، تو بنیادەمیکی ترسەنوک نی؛ لە پولیسیش ناترسی. بەلام هەندی شت هەیە لە پولیسیش خراپترە. تو نابەن بو کورەی ئینسان سووتاندن. بەلام کە ئەمرو سبەی لە کلینیک دەریان کردی، ئەو کات هیچ قسەیەک ناکەی، بەلام نەخوش دەکەوی. پیم خوش نیە دانیشی و خەریکی روژنامەکان بیت و ئەمدیو ئەودیویان بکەی. رویشتنی من تەنها بە هوی خوپەرستی یەوەیە نەک هیچی تر... نامەوی هیچ بلیی...»

بی دەنگ دەبی و دووبارە دەست بە قسەکردن دەکاتەوە.

«... مەلی نە گوراوی، چونکە گوراوی. هەرحەوتووی پیشوو بوو کە لە ناکاو بەوەگەیشتی کە ژمارەی زانایانی یەهودی ئەوەندەش کە تو لەوە پیشتر بیرت دەکردەوە، زور نین! ئەم جورە مەسائیلە هەمیشە بە واقعیەتەوە دەست پیدەکەن. تازە بە هوی چی یەوە ئیستا پەیتا پەیتا پیم دەلیی کە «هیچ کات بە ئەندازەی ئەمرو نیشتمان پەرست نەبووم»؟ ئەوە شتیکی ئاساییە. نیشتمان پەرستی سیحر دەکا... ئای «فریتز» چیمان بە سەر هاتووە...»

بو چەند لە حزە رادەوەستی.

«.... هەرچەند زور لەمیژ بوو بە تەما بووم لیرە بروم بەلام پیم نەوتووی، چونکە تا تیت دەروانم توانای قسەکردنم نامینی. «فریتز» وا بزانم قسە کردن بی سوودە. لە بابەت هەموو شتیکەوە خویان ئامادە کردووە؛ دەردیان چیە؟ بە راستی چیان دەوی؟ من لەگەل ئەوان چی بکەم؟ هیچ وەخت لە سیاسەت دا دەخالەتم نە کردووە؛ من لایەنگیری «تالمان»(۲) بووم؟ نا، من بورژوایەکی بە تەواو مانام؛ ژنیکی مال، بە پیش خزمەت و شتی ترەوە. ئیستاش لە پر دەبینی کە تەنیا موو زەردەکانن کە دەتوانن ئەم شتانەیان هەبی. ئەم دوایی یانە زور بیر لەو قسانە دەکەمەوە کە چەند سال لەمەوبەر کردت کە دەتووت: «دوو جور ئینسان لەم دنیایەدا هەیە. ئینسانی بە بایەخ و ئینسانی بی بایەخ. ئینسانەکانی بە بایەخ کاتی شەکری خوینیان بەرز دەبیتەوە تووشی نەخوشی شەکر دەبن، بەلام ئینسانەکانی کەم بایەخ تووشی نابن.» من لەگەل ئەم قسەیەت بووم. باشە. ئیستا هاتوون لە سەر ئەم رەوالەتە بەقەبەندی یەکی تازەیان پیک هیناوە و من کە وتوومە نیو دەستەی ئینسانەکانی کەم

بابه خ.

دیسان که میکی تر له قسه کردن ده وه ستی.

«... دروسته، خه ریکم جانتاکه م ئاماده ده که م. پیویست ناکا وا نیشان بده ی که له م چه ند روژه ی رابردوو دا هه ستت به هیچ نه کردووه.... فریتز، هه موو شتیک ده کری ته حه مول بکری ته نها یه ک شت نه بی؛ ئه ویش ئه وه ی که ئیمه ئه و چه ند ساته ی له ژیانمانا ماوه، ته ماشای یه کتری نه که ین. ئیتر ئه وان هیچ کاریکیان له ده ست نایه. دروزنانه هه موو که سیان مه جبوور به دروکردن کردووه. ده سال له مه وبه ر یه کیک له ناسیاوه کانمان ووتی که س ناتوانی شک به وه به ری که من یه هودیم، تو وه لامت دایه وه، «نا، ده کری بزانی.» منیش ئه م قسه یه تم پی خوش بوو. قسه له سه ر هوش و وشیاری بوو. ئیستا بو له قسه که ت پاشگه ز بوویه وه؟ خه ریکم جانتاکه م ئه پیچمه وه چونکه ئه گه ر وا نه که م له ریاسه تی «به شی جراحی کلینیک»ت ده خه ن، هویه که شی ئه وه یه که له وه وپیشیش له رووت دا راوه ستاون؛ له به ر ئه وه ش که ئیتر شه وانه خه و له چاوت ناکه وی، نامه وی ئیتر پیم بلیی لیره بمینه ره وه. بو رویشتن به په له م، چونکه نامه وی روژیک خوت پیم بلیی که ده بی لیره بروم. ئه م مه سه له یه په یوه ندی به زه مانه وه هه یه. که سایه تیش هه روا، ته نیا بو ماوه یه کی دیاری کراو ده وامی ده بی. دروست وه کو ده ستکیش که جنسه باشه که ی زیاتر به رگه ده گری به لام نه ک بو هه میشه. ئه مه ش بلیم که من هه م تووره م و هه م تووره نیم. بو هه ر من ده بی لیبوردوویی له خوم نیشان بده م؟ شکلی لووتم یان ره نگی مووه کانم چ عه یبیکیان هه یه؟ ده یانه وی شاری له دایک بوونم چول بکه م بو ئه وه ی مه جبوور نه بن خه رجی ژیانم دابین بکه ن؛ ئیوه چ جوره ئینسانیکن؟ تو چ جوره ئینسانیکی؟ ئیوه که تیوری چه ندایه تیتان دوزیوه ته وه ئیستا ریگه تان داوه کرد ئه م نیوه وه حشانه ئاغایی بکه ن به سه رتان دا.

ئیوه مه جبوورن دونیا بو ئه وان داگیربکه ن، به لام ناتوانن ئه و هاوسه ره ی که خوشتان ده وی له لای خوتان بهیلنه وه. هه ناسه هه لکیشانی درویینه. هه میشه ش سه رکه وتوون. ئیوه خوتان خیون یان ئالقه له گوی ی خیوه کانن؟ راسته من بی مه نطقم. به لام ئه مه وی بزانم له م دنیا به راوه ژوه دا مه نطق به که لکی چی دی؟ لیره دانیشتوویت و سه یری ژنه که ت ده که ی که خه ریکه جانتاکه ی ده پیچیته وه، به بی ئه وه ی که قسه یه ک بکه یت. دیواره کانیش گوی یان هه یه، وا نیه؟ هیچ کامیشتان ورته تان لی نایه. هه ندی مروف گوی راده گرن و هه ندیکی تریش به ر به زمانیان ده گرن. ئه ی خوایه! منیش ده بوو به ری زمانم گرتبایه. ئه گه ر به راستی عاشقت بوومایه ده بووایه ده مم داخستبا و هیچم نه گوتبایه. من به راستی عاشقی توم. ئه و ژیرکراسه م بده ری. جولینه ره! پیویستم ده بی... سی وشه ش سالم؛ هینده پیر نیم به لام ماوه یه کی دریژیشم له به رده م دا نه ماوه. وه زعی ئه و شوینه ی که ده چم لیی بژیم نابی وه ک ئیره بیت. ئه و پیاوه ی که بو خومی ده دوزمه وه ده بی بتوانی من له لای خوی رابگری. نه لیی پاره م بو ده نیری. خوشت ده زانی که توانای ئه وه ت نیه و نابی وا بنوینی که گوایه ئه م سه فه ره هه ر سی چوار

هەواڵنامەی کتێب

حه‌وتوو ده‌خایه‌نی. به‌ هیچ جوریک وانیه‌. من ده‌زانم و توش ده‌زانی. که‌وابی کاتی که‌پالتو «فه‌ روه‌ » که‌، که‌ هه‌ تا زستانی پیویستیم پی نیه‌، ئه‌ ده‌ یته‌ ده‌ ستم، مه‌ لی «ئی باشه‌ خو ئه‌ م سه‌ فه‌ ره‌ ت هه‌ر بو چه‌ند حه‌وتوویه‌که‌». بو خاتری خواش له‌ به‌دبه‌ختی و چاره‌ره‌شیم قسه‌ مه‌که‌. وه‌ره‌ با سه‌ باره‌ ت به‌ شه‌ رمه‌ زاری قسه‌ بکه‌ ین.... ئای، فریتز...!»

بی ده‌نگ ده‌بی. ده‌نگی کردنه‌وه‌ی ده‌رگاکه‌ ده‌بیستی. به‌ په‌له‌ خوی کو ده‌کاته‌وه‌. شووه‌ که‌ ی دیته‌ ژووره‌ وه‌.

شوو: خه‌ ریکی چیت؟ توز ئه‌ ته‌ کینی؟

ژن: نا

شوو: بوچی جانتا ئه‌ پیچیته‌ وه‌؟

ژن: ئه‌ مه‌ وی لیره‌ بروم.

شوو: مه‌ به‌ ستت چی یه‌؟

ژن: پیشتریش قسه‌مان له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ کرد که‌ من ماوه‌یه‌ک لیره‌ دوور بکه‌ومه‌وه‌. ئه‌م روژانه‌ ش هه‌ ل و مه‌ رج زور ناله‌ باره‌.

شوو: ئه‌ مانه‌ قسه‌ ی پووچن.

ژن: یانی ده‌ ته‌ وی بمینمه‌ وه‌؟

شوو: به‌ ته‌ مای بو کوی بچی؟

ژن: ئه‌ روم بو ئه‌ مستردام، به‌ هه‌ ر حال لیره‌ ده‌ روم.

شوو: ئاخر خو تو له‌ وی که‌ ست نیه‌؟

ژن: راسته‌ نیمه‌.

شوو: که‌ وابی بوچی لیره‌ نامینیته‌ وه‌؟ له‌ به‌ ر خاتری من ئیره‌ به‌ جی مه‌ هیله‌.

ژن: نا

شوو: خو ده‌ زانی که‌ من نه‌ گوراوم؛ گوراوم «جودیت»؟

ژن: نا

(شوو «جودیت» له‌ باوه‌ ش ده‌گری و ماوه‌یه‌ک به‌ بی ده‌نگی له‌ نیوان جانتاکان‌دا به‌ و شیوه‌ یه‌ ده‌ میننه‌ وه‌.)

شوو: خو هیچ شتیکی تر نیه‌ ناچاری کردبی به‌ رویشتن؟

ژن: خوت وه‌ لامی پرسیاره‌ که‌ ت ده‌ زانی.

شوو: له‌وانه‌یه‌ شتیکی زور گه‌وجانه‌ ش نه‌بیت. تو پیویستیت به‌ هه‌ناسه‌کیشان هه‌ یه‌. ئیره‌ زور

خه فه قانه. خوم دیم بو ئه وی و ده تهینمه وه. دوو روژیش له ودیوی سنور بم زور خوشه، وه زعـم باش ده بی.

ژن: ئه ی چی هه روا ده بی.

شوو: ئه م وه زعه بو ماوه یه کی دریژ به م شیوه یه نامینیته وه. وه زع زور به باشی ئال وگوری به سه ردا دی... هه ر چونیک بی... ئه م ته نگ و چه له مه یه وه ک التهابیکی که م خایه ن داده مرکیته وه. ئای له و چاره ره شی یه.

ژن: به راست تو «شوئک» ت بینی؟

شوو: ئا، ئا... یانی له سه ر پلیکانه کان بینیم. لام وایه ئیستا له وه ی که هامووشوی ئیمه ناکه ن په شیمانن. هه ر ته واو شله ژابوو. راستیت بوی، گه رچی نه فره تیکی زوریان له ئیمه هه یه، نه ئه توانن ئیمه ی روشنبیر به م شیوه یه بو ماوه یه کی دریژ له به رچاو نه گرن؛ نه توانای ئه وه شیان هه یه که راسته وخو له گه ل «طرد»کراوی ترسه نوکی وه کو ئیمه ده سته و یه خه بن. ئه م جوره ئینسانانه ئه گه ر جه سوورانه له روویان دا رابوه ستی ئه وه نده که مته رخه می ناکه ن... باشه، که ی به ته مای بروی؟

ژن: سه عات نو و چاره ک.

شوو: به چ ناوونیشانیک پاره ت بو بنیرم؟ له وانه یه به «پوست رستانت» ی ئه مستردام دا.

ئیجازه یه کی تایبه تی په یدا ده که م. ئه ی خوایه گیان، چون بتوانم رازی بم به وه ی که ژنه که م به مانگی ده مارک پاره لیره بروا؟ هه ل و مه رجیکی سه یره. ئیتر وه زعم خراپ ده بی.

ژن: کاتی بیی بو لای من روحیه ت باشتر ده بی... ته له فونم بو «گرترود» کردووه چاوی پیته وه بیت.

شوو: خو هه ر چه ند حه تمویه ک ده بی، به زه حمه ته که ی نابی.

(ژن خه ریکی داخستنی جانتاکانه.)

ژن: ده کری ئه و پالتو فه روه م بده یتی؟

(شوو پالتوکه ی ئه داتی.)

شوو: هه ر چی بی له چه ند حه وتوو زیاتر ناخایه نی.

***

هەوالنامەی کتێب

# کارگە

جە مال کوشش

شە مال ئە وە تانی نوو زە ی تیایە، ئالا دە لە رزی لە و بە ر سە رمایە، هاوسە ریشی تە نیا «٥» دیناری لە گیرفان دایە، خویشی جە ستە ی ماندووی لە چوکە کانی بار کرد و رویشت، ... بە لارە لار، گە یشتە تە نیشت سە رپە ری کولان...

ـ گیانە وە رە کولم، هە ر کوی دە چی...

خوی تیک نەدا و ریگای دەبری، باران جەستەی ووشکی نەهیشت، هەر چونی بوو خوی گەیاندە سەر راستە شەقامەکە.

ـ وە رە با بارانی خوا ماچت نە کا، کچی سواربە؟!

سە ری داخست ورد لە شە قام دە پە ریە وە...

ـ «زیرە ی ئیستوپی سە یارە کە لە گە ل هاواری و تفی قە حبە ی دە لە قور تیکە لاو بوو».

گەیشتە کارگە، چەند چرکەیەک لە کاتی کارکردن تیپەری بوو. هەروا بیدەنگ بوو، هەروا بیدەنگ چووەسەر ماکینە.

ـ خانم، بو وا رە نگت پە ریوە، لە ژوانی کی بووی؟!

بروسکە ئاسا، تولە ی هە مووی لە نیو دە می ئە ودا کردە وە، هاواری کرد: «سە خافات بە س نی یە!!»

هە ولیر، مانگی «٣» سالی ١٩٩٢

# بی دەنگی

جە مال کوشش

شەو رادەکشا و، ئەویش هەروا، نوقمی دەریا ئەندیشەیە. منال دەگری و گرمەگرمی سەربانمانە. ئەو هەر جە ستە یە کی سارد و بی خوستە یە. ژووری سارد و رووناکی ناومالیش کوژا، ئە و هە ر لە پی لە ژیر چە نە، بی جوولە یە. سە عات دە روا و شە و تیپە ری و من هە ولم دا، ئە و ـ هە ر لە بیر کوستە کە یە.

ـ کچی دە یالا خو کفرم نە کرد؟!

ئە و هە ر دە روا و منیش وە ستاوم بە دیاریە وە. منال شینی شیری گە رمتر کرد. دە رە وە تە قە و هە رای پر جوشتر کرد، سە رماکە و من و سە عاتیش بە دە ست بە تال گە راینە وە. لای ئە و هیشتا، بانگی ئیوارە یە.

ـ دیسان چی یە، تە واو هە مان بە زمە کە یە؟

هە ستام نان و شیوم ساز کرد. منالم بە سە ما ژیر کردە وە. ئاورم بە سە ر مومیک دا خست، پەتوویە کم دا بە سە ریا، نیو مالەکەم کو کردەوە. پەروم نا بە ژیر دەرگاکەوە، ئەو هەر هیشتا شەپول دەدا دەریای رقی و سوور سوور داگە راوە و بی دە نگ، ... بی سروە یە.

ـ چی بوو گیانە، مان گرتنە یان خوکوشتنە؟!

دادی نەدام، زورترم کرد، سوپاکەم هینایە تەنیشتی. کاتیک ئەو ئارەزووی دەکرد، خستمە سەر ریکوردەرەکە،

هەوڵنامەی کتێب

جله کانیشم بو شوردن و هه لمخستن. پیلاوه کانم بردنه ده ری، په یمانم دایه سبه ینی بازاری بو بکه م. ئه و هه ر هیشتا، تووره یی یه که ی جوش ده دا وه ک کوره یه. ده ستم برد په رچه می لابه م، کورپه که بینمه باوه شی، به توندی ده ستی داگرتم.

ـ به قوربان، حه یاتم، زور په شیمانم...

ده نگ نه بوو هه والی شکانی شورشی ده روونیم بداتی. تا دره نگ، زور دره نگ، ئیشکم گرت. حه س حه سی خراپم، خه و له چاوما لانه ی چی کرد بوو. سه روه ختیک به ئاگا هاتم، بانی دابووم. له پارچه کاغه زی نووسیبووی:

« جاری تر پی ی نه لی ی ئه و قه حبه یه»!

ـ هه ولیر ـ مانگی ۳ سالی ۱۹۹۲

***

هەواڵنامەی کتێب

# «خەزانی بەهار»

کاروان عه بداللە

له سه ره تای ئه م سه ده يه دا بابايه كى لادى نشين به بالاى شاردا هه لگه را، فووى له مومى زانست كرد و ده ستى خورافه و جه هلى گرت. به جووتى چاوى كزه وه، به سوال و به سه ده قه يه كه م مينبه رى خوداى شارى بنيات نا. له ناوەراستی ئەم سەدەیە ستالینیکی تر له ئامیزی گەرم و زبری لم و نیمچه بیاباندا له دایک بوو. له کوتایی هه مان سه ده شدا به پى ى سيناريويه كى چه په ل قه له ره شيكى هه لكورماو له سه ر دره ختى حوكم نيشته وه. شار ئه و كاته گولی شارستانی له خوی دابوو، تاجی شیعر و شاعیرانی لەسەر نابوو، مینه ئاوازی به سوزی ئه ژه ند و تایه ر به گ «ترازا بەندی سوخمەی» بو شیوەی جوولەکە ئەوت، حیلمی هەجوی مەلا قادری ئەکرد و فازیل مه قامی مه ستی ئەوت، حامی بەگ گالتەی به وەرزیر ئەکرد و گزیری بەگژدا ئەکردن، باخی میر و باخه بچکول ئیواران جمه یان ئه هات و بون و دوکه لی گوشت و ئاره ق ئاسمانی پر ئه کرد و مینبه ری خوداش بانگی خوی هەل ده دا. روژ بوو به مانگ و مانگ له قورگی سالدا ونبوو، بابای لادیی نشين بو به خورافه، قه له ره ش مليونه ها ره شى ترى لى كه وته وه، ستالینی زەمانیش دوپشک ئاسا هەزارەها بەچکه لەسەر پشتی هەلتوقین و به چزوی نەگریسیان گەرمیان و کويستانيان زه هراوى كرد. ئه م سى كوچكه يه مه نجه لى تاوانيان له سه رنرا و ئاگرى شه ر له ژيريان هه لبجه يان له ناو نا و تیایاندا کولاند... برژاند.. سووتاند. به لى بومباى گه وره تاوانى مروف خوره كان جاريكى تر ته قييه وه و به خوينى برين و لاشه دره ختى بزووتنه وه يه كى نه خوش كه وتوش قنج و قيت بويه وه.

ئەمانەبوونەچاو ساغ.. تەور.. مشار.. پەیژه بەدەست گەیشتن بریان. بەمال گەیشتن دزیان، ئەلقەی خوشه ويستيان قرتاند، پاوانه ى پى ى مناليان كرتاند، كولله ئاسا به نيو ده غلى شاردا كه وتن، چاپوک و ئازا پیناسه ی تالان و فه رهوديان له هولاكوش سه نده وه. گولى شار ژاكا! ته واو سيس بوو مرد، ئاوى راپه رين زيندووى كرده وه به لام درک بەری بوو نەک گول. شوسته و جاده، قوتابخانه، کولان و دەشت هەمیشەهەلگری بارگه ی غه من! پیکه نین.. شیعر.. گورانی.. تا موسیقاش قەدەغەیه ریش و سەرپوش مودیلی کون و نوی‌یە. جبه و مانتوش بەرگی چوار زستانه ى ئافره ت. كتيب پربووه له بسم ا لله و مال و ده ر له كولكه مه لا. خوشه ويستى كوتريكى ته ره كراوه، هيلانه ى شاری و ن کردووه و هه رچی ئه كا نايدوزيته وه. گه ر فكر و هه لويست به لاوه نى ى كار ده سكه وتن زور ئاسانه، كارى سووک و پاره ی قورس، روژی چه ند جار سه رنه وی کردن له باره گای خوا.

به ريزينه هه له بجه به رده وام ئه مرى به گشت خوار و ژوريكه وه.

## پەراویزەکان:

١ـ مينه: مينه ى شمشال ژه ن.

٢ـ تايه ر به گ : تايه ر به گى جاف «شاعير».

٣ـ شيوه: كچه جووله كه يه كى زور جوان بووه كه تايه ر به گ شيعرى به سه ردا وتووه.

٤ـ حيلمى: دانيشتووى هه له بجه بووه و كارى دانسازى كردووه و شاعيريش بووه.

٥ـ فازيل: فازيلى خه ياته كه هيشتا ماوه و يه كيک بووه له ده نگ خوشه كانى هه له بجه.

٦ـ حامى به گ: كابرايه كى خاوه ن ملک بووه و ماوه يه كيش قائمقامى هه له بجه.

٧ـ باخى مير و باخه بچكول: دوو شوينى زور خوش و سه ره كى بوون بو هه موو ئه وانه ى كه ئه هلى خواردنه وه بوون.

＊＊＊

# وەرگێران و ئەمانەتداری

ئەسعەد

بە ریز سە رنووسە ری گوڤاری (هانا)

دوای سلاو. دە ستت بە گە رمی دە گوشم و داوای سە رکە وتن بو خوت و (هانا) دە کە م.

لە ژمارەی چواری (هانا) دا شیعرک بە ناوی (کولووچە) لە (جوهیل) لە چاپ درابو کە ریبوار کردبووی بە کوردی. ئە و شیعرە بوو بە هاندە ری ئە م نامە یە . ئە و شیعرە چە ند رە خنە و راست کردنە وە ی پیویستە لە سە ر بکریت.

نە نوسراوە ئە و شیعرە لە چ سە رچاوە یە کە وە و لە چ زمانیکە وە وە رگیردراوە بە کوردی . شیعرە کانی جوهیل یە کە م جار بە ئینگلیسی و لە سالەکانی دە و بیستی ئەم سەدەدا لەچاپ دەدرین. دواییش لە لایەن ئە و اتحادیەوە کە جە وهیل تییدا تیکوشانی بووە، چاپ کردنی ئە و نوسراوانە چە ن جارە دە کریتە وە . لە بە ر ئە وە ش کە جە وهیل ئە سلە ن سویدی بووە، زور زوو نوسراوە کانی بە سویدی وە ردە گیردرینە وە.

جە وهیل وە ک هە لبە ست ویژ لە نیو کریکاران دا ناسراوە («هە لبە ست ویژ» ووشە یە کە کە من بە رانبە ر بە «ترانە سرا» لە فارسی دا دای دە نیم). جگە لە یە ک نوسراوە، هە موو نووسراوە کانی دیکە ی جە وهیل هە لبە ستن و بو گورانی دانراون و موسیقایان لە سەرە. ئەوەش وا لە ژیر ناوی «کولووچە» لە هانا دا هاتووە، تەرجەمەی تەنیا بەندیکە لە هە لبە ستیک کە جە وهیل لە ژیر ناوی «مە لای مە وعزە چی و کویلە»، (کولووچە لە ئاسمان دا) دای ناوە.

تە واوی هە لبە ستە کانی (ترانە) جە وهیل لە کتیبیک دا بە ناوی:

Joe Hills Sånger
The complete Joe Hill Song Bok

لە سوید لە چاپ دراوە و بە زمانی سویدیش وە رگیردراوە.

ئە مانە تداری یە کیک لە ئوسوولی سە رە کی وە رگیران (تە رجە مە) لە کاری ئە دە بی و هونە ری دان . جیگە ی داخە وا ریبوار ئە م ئە سلە سە رە کیە ی بە ریوە نە بردووە و لە وە جیگە ی داخ تر ئە وە یە کە (هانا) ش بە ئە مە ی نە زانیوە . ئە مە دە بیتە هوی ئە وە ی کە سووک لە هانا بنە ون .

قەت خومم بە شاعر یان نووسەر یان وە رگیر نەزانیوە. بەلام وەرگیراویکی ئەو هەلبەستەتان هەر لە بەر هە لسە نگاندن بو دە نیرم . تا ئە وە ندە ی لە شیعرم خویندوە تە وە و فیربووم، هە ولم داوە زمانیکی شیعری بدە می .

ئە سعە د ١١ ٢ ٩٧

لە سالانی دە و بیستی ئە وە لی ئە م سە دە یە دا یە کیک لە ئالوزیە ئابوریە کانی دونیای سە رمایە داری تە واوی ئوروپا و ئە مریکای داگرت . بیکاری و ویلانی و فە قیری و برسیە تی وە ک هە میشە داوینی کریکارانی گرت . لە م هە لە ئالوزاو و ناخوشە دا دە ستە و تاقمی جوراجور بو ئاشتی دانە وە ی کریکاران و بی دە نگ کردنیان بە رانبە ر بە ریکخراوی کون و نایەکسانی کومەلایەتی کەوتبوونە هەول و تەقەللا بو کوکردنەوەی کریکاران لە دەوری خویان و بو کەلک لی وە رگرتن لە وان لە کیشمە کیشە سیاسیە کانی داهاتووی خویان دا.

لە و سە ردە مە دا دە ستە و تاقمی جوراجوری مە زهە بی تە واوی هیز و توانای خویانیان لە نیو کریکاران دا خستبوە گە ر. بە تایبەت لە ئامریکا دا هەموو جورە ریکخراویکی مەزهەبی سفرەی سوالیان بە ناوی کریکارانەوە راخستبو و کریکارانیان بە رازی بوون بە نانی سوال و لە برسان نە مردن، هان دە دا.

جه وهیل که چاک ئاگاداری ئه م کول وکه فه بوو، بو ده رخستنی ناوه روکی رزیوی ئه و ده سته و تاقمه مه زهه بیانه و پووچی وه عده مه زهه بیه کان و مه زهه ب، ئه م هه لبه سته ی دارشت و ئاهه نگیکی زور به ناوبانگی خسته سه ر و بردیه ناو کور و کومه له کریکاریه کانه وه . زوری پی نه چوو که ئه م (هه لبه سته) بوو به گورانی سه رزاری زوربه ی کریکارانی بیکار و وه یلان به شوین کار دا و ده م و دووکانی هه موو جوره فیرقه یه کی مه زهه بی داخست .

## «مەلای مەوعیزەچی و کویلە (کولووچە لە ئاسمان دا)»

هه موو شه ویک ده رونه سه ر مینبه ر مه لای ریش پان،
مه وعیزه مان بو ده که ن له چاکی و خراپیه کان .
به لام که ده پرسیت ئه ی چی لی به سه ر دیت نان و خواردنمان،
ئاوا جوابت ده ده نه وه به زمانی چه ور و قسه ی جوان :

کور:
«ئه تو ده خویت، ده خویت و ده خویت،
له دونیای شکوداری نیوان ئاسمان .
خوت هیلاک که به کار و تاعه ت، بژی له جیگای سه خت و ناره حه ت،
کولووچه ده خویت له ئاسمان دا دوای مردن و نه مان .»

سپای رووت و ره جالیش شانو ده گیریت،(۱)
گورانی ده لی و چه پله لی ده دا و دوعا ده خوینیت .
تا دوا عانه ت لی ده ر ده کیشیت،
جا کاتی که وتیه که ساسی ئاوات پی ده لیت:

کور:
«ئه تو ده خویت، ده خویت و ده خویت...»

دینداره گوپال به ده سته کان (۲) و یه خه چلکنه کان(۳) دینه مه یدان،
سلاوات ده ده ن، هه لده به زن و ده کیشن هاوار،
ده لین: « له ریگای خودا دا (۴) بده ن پوول و پاره تان
ئه ورو هه ر ئه وه، ته نیا ده رمانی نه خوشیه کان.»

کور:
«ئه تو ده خویت، ده خویت و ده خویت...»

ئه گه ر تو هه ول بده یت بو ژن و مندالت ـ
بو شتیکی باش له م ژیانه دا ئه تو تی کوشیت ـ

هەواڵنامەی کتێب

ده لین تو پیاو خراپ و گوناباری،
جه هه ننه م جیگاته دوای ئه وه ی مردی .

## کور:

«ئه تو ده خویت، ده خویت و ده خویت...»

یه کگرن کریکارانی هه موو ولاتان،
هه موومان بو ئازادی ده جه نگین شان به شان .
کاتی دونیا و سامانه کانیمان گرته ژیر چنگمان،
ئه م کوره ده لیینه وه بو ده لاله ساخته چیه کان : (۵)

## کوری ئاخر:

«ئه تو ده خویت، ده خویت و ده خویت،
کاتیک چیشت و خوراک لینان فیربوویت .
بو له ش ساغی چاکه، توزی دار بشکینیت،
جا شیرین شیرین دایمه ده خویت و ده خویت .

هەواڵنامەی کتێب

## تی بینیه کان:

۱ــ «سپای رووت و ره جالیش» ، تعبیریکه که جه وهیل به رانبه ر به «سپای رزگاری» دای ده نیت. به ئینگلیسی زور هاوئاهه نگ و هاوقافیه دینه وه.

Starvation army له جیاتی Salvation army

«سپای رزگاری» جه ره یانیکی مه زهه بی بوو که به کوکردنه وه ی پاره و جل و به رگ و خوراک و خوارده مه نی ده یویست فه قیری و بیکاری نیو کریکاران له ناو به ریت.

۲ــ «دیندارە گوپال به ده سته کان» له جیاتی Holy Rollers دانراوه. «هالی روولرز» تاقمیکی مه زهه بی پروتستانه که به هه را و هوریا و ئاژاوه ریخستن بو به ریوه بردنی کور و کومه له کانی خویان به ناوبانگن. هه روا له هه لبه سته که ی جه وهیل دا هاتوه که ئه وان پوول و پاره یان بو یارمه تی دان به خه لکی هه ژار و فه قیر و کریکاره بیکاره کان کو ده کرده وه، به لکو به م شیوه گرفتاریه کانیان چاره سه ر که ن.

۳ــ «یه خه چلکن» م به رانبه ر به Jumpers داناوه. «جامپرز» ئه و جه ماعه ته کریکاره ن وا به س کاری فه علایی گران و سه خت ده توانن و بیزارن له یه کگرتن و زور نزیکن له (لومپه ن پرولتاریا). یه خه چلکنیش لای خومان زور له لایه ن ئه و جوره کریکارانه وه به کار ده هینرا. ده کریت (ده س قه لشاویش به کار بهینریت).

۴ــ «خودا» م لیره دا به رانبه ر Jesus به کارهیناوه که له نیو مه سیحیان دا هه ر جیگای خودای هه یه له نیوان موسلمانان دا.

۵ــ ئه م تعبیره م له جیاتی grafters به کار هیناوه که لیره دا مانای هه ر دوو وشه که ی هه یه و له ئه سل دا خوی مانای زور به ربلاوتر له وه ی هه یه.

***

# وەڵامی ڕیبوار بو ڕەخنەی ئەسعەد

ریبوار

ره خنه كانى ئه سعه د له سه ر پارچه شيعريكى جه وهيل كه له ژماره ى چوارى« هانا » دا بلاو كراوەته وه و من كردوومه به كوردى، به جى يه.

ئه م شيعره م، پيشتر، له كومه له شيعرى «ده نگ هه لبره» دا (كه سالى ١٩٨٩ له كوردستان بلاو كرايه وه) نه ک وه كو وه رگيرانيكى ده قاوده ق، به لكو، به روونكردنه وه يه كى ئاواوه هيناوه:

«... به شوين گورانى يه كى جه وهيل دا به ناوى (نان و كوولوچه) له به هه شت» كه پيم وايه نا كه ويته به ر ئه م ره خنه يه. ئه سعه د يش خوى، دوو ناوى بو شيعره كه هيناوه كه يه كيكيان «كولووچه له ئاسماندا»يه. وشه ى ئاسمان به مه عناى به هه شتيش هاتوه و جيگاى يه كتر ده گرنه وه. پاش ئه م روونكردنه وه يه ش، پيشوازى ده كه م له ره خنه ى وا كه يارمه تى ده دا به پوخت و پاراوتر بوونى بلاوكراوه كان. به هيوام «هانا» ره خنه گرى واى زوربى و جاريكى تر ده سته كانى «ئه سعه د» ده گوشم.

***

هەواڵنامەی کتێب